
# History of Urmia

# کورتەیێک لە دیرۆکی ورمێ





**پێشەکی وتار**

مەبەستی من لە نووسینی ئەم وتارە لەسەر چەند هۆکارە، کە یەکێکیان کە بەڕای خۆم گرینگترین هۆکارە ، پەراوێزکەوتنی ئەوبەشەی کوردستانە کە لە ژێر سیستەمێکی داڕێژراو بۆ گۆڕانی دێمۆگرافی ئەوناوچانەی خاکی کوردستانە و جگە لە کورد، کۆچەرەکانیشی تێیدا نیشتەجێ بوونە.

تورک و فارسی داگیرکەر لە ئەوپەڕی دەسەڵاتخوازی و داگیرکەریدا لە هیچ جۆرە کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە بۆ لە ناو بردنی کورد دەست ناپارێزن. بۆ بەرگیری کردن لە هەر کارەساتێک کە دیسان خاکی کورد وەکوو عەفرین و کەرکووک گۆڕانی دێموگرافی بەسەردا نەیێت دەبێ هەر هەموو کوردە نیشتمان پەروەرەکانی رۆژهەڵات، بە یەکگرتوویی دژی ئەم کردەوەی داگیرکەرانەی ئێرانی و تورکانی کۆچەر کە رۆژێک نییە ژیانی کوردی خاون ماڵیان تاڵ نەکردبێت، هەڵویست بگرین و بۆ ڕزگاری و ڕێک خستنی نێو ماڵی کورد هەوڵ بدەین. هەروەک چۆن موسڵ و هەمەدان و لۆڕستانیان لە کوردستان دابڕاند، حکوومەتی ئێران و تورکە هاوردەکانی پارێزگای ئورمیە چەنای چەند ساڵە بەدەیان شێوە دەیانهەوێ ئەم پارێزگایە لە کوردستان جوداکەنەوە. بۆیە ئێمەی کورد دەبێ بەهەموو شێوەیەک بەرپەرچی ئەم پیلانەی دوژمنانمان بدەینەوە کە بەڕای من بەداڕشتنی پلانێکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو دروست کردنی هێزێکی پێشمەرگەی هاوبەش کە پێک هاتبێ لە هەموو حزبەکانی رۆژهەڵات، تا ئەو کاتەی کورد وکوردستان لەژێر دەستەیی و چەوساندنەوەدا ڕزگاریان دەبێت، پێک بهێندرێت.

مێژووی پارێزگای ورمێ بەتایبەتی شارەکانی ورمێ، سەڵماس،

خـۆی و مــاکۆ، پـڕە لە کۆمەڵکـوژکردنی کـوردی ئەم بەشەی کوردستان کە لە سەدە جیاوازەکانی پێش و پاش ئیسلامدا کراوە. لێرە تا ئەو جێگایەی کە توانیومە بەو کۆمەڵکوژیانە و هەروەها ئەو کردەوانەی کە لە ڕاستای گۆڕانی دێمۆگرافیای ئەم بەشەی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـراوە ئاماژەم کـردووە. ئەگەر ئەم بەشەی کوردسـتان لە هەر چەشـنە ئەگەرێکـدا لە کوردسـتانی رۆژهەڵات دابـبڕیت بەڕای مـن کوردسـتانی رۆژهەڵات ئیـدی قورسـایی خـۆی لەبـاری ژێئۆپۆلۆتیکەوە لە ئێران و نـاوچەکەدا لەدەست دەدات. بۆیە دەبێت بە هەموو شێوەیێک بۆ بەرگـری لەم بەشەی کوردستان هەرچێکمان لە دەست دێ بیکەین.

جگە لە دروسـت کردنـی هێـزی پێشـمەرگەی هاوبەشـی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە گرینگترین ڕێگا چارەیە لە بەرگـری کـردن لەم ناوچـانە، هەبـوونی هێـزی هاوبەشـی پێشـمەرگەی کوردسـتانی رۆژهەڵات، لەم بەشەی کوردسـتان ئەتـوانێت پێش بە ئەگەری پەلامـاری سوپای تـورکیە بەهـۆی هەبـوونی پـژاک بـاڵی رۆژهەڵاتـی پەکەکە بـۆ سەر خـاکی کوردسـتانی رۆژهەڵات بگرێـت کە دیسـان سـیناریۆکانی عەفریـن و گـرێ سـپی ڕۆژئاوای کوردسـتان لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات دووپـات نەبێتەوە. هەرچەنـدە لە لایێکـی تـرەوە تورکیە بە هەر بیانوو و شێوەیێکەوە بێت، خۆی وەردەداتە نێو شەڕی ئێرانەوە و بۆ بەرگری لە ئازادی کورد ئازەرییەکان پڕ چەک دەکـات بـۆ شەڕی کـورد. هەروەهـا بـۆ بەرگـری لە فــدراڵیزم یــان سەربەخۆیی نەتەوەکــانی ئێــران تێدەکۆشــێ ئازەرییەکان لە گەڵ فارسەکان ڕێک بخات و دژ بە کورد یەک دەنگیان بکاتەوە. باشترە بڵێم کە ئازەرییەکان قوربانی بەرگـری لە ئازادی کـورد دەکـات. لە لایێـک تریشەوە وڵاتـی کۆمـاری ئازەربایجــانیش تێکەڵ بەشەڕ و پشــتیوانی لە ئازەرییەکــانی


ئێـران دەکـات و جبەی دوژمنـانی کـورد بەربڵاوتـر دەکـاتەوە. بۆیە پێویست دەکات حزبەکانی ڕۆژ هەڵات لەنێو خۆدا یەکڕیز بـن و هێزێکـی گەورەی یەکـدەنگ و یەک ڕیـز پێـک بێنـن. لەدەرەوەش خۆیـان لە عەرەبەکـانی ئەحـواز نزیکتر بکەنەوە و وەک هاوپەیمــانێکی ســتراتیژیک لە گەڵ عەرەبەکــان ڕێــک بکەون و خۆیــان بــۆ شەڕی ئازەری و فــارس بە پشــتیوانی تورکییە ئامادە بکەن. بەتایبەت ئەوەی کە عەرەبەکـانی ئەحـواز لە بــاری ئابــووری و ئاوەوە پێویســتییان بە کوردســتانە و هاوپەیمانیمان ئاسان پێک دێت. تورکییە لە بەر دۆخی خۆی بۆ هەمــوو نەتەوەکــانی نێــو ئێــران دوژمــن دەبــێ و لە یەکەم هەنگـاودا پشـتیوانی لە دەسەڵاتی فـارس دەکـات. ئەگەر ئەوەی بۆ ڕانەگیرا، بە تێکەڵ کردنی وڵاتی ئازەربایجـان، ئازەریەکـان بۆ لە نێوبردنی کورد پشتیوانی دەکات و خۆیشی ڕاسـتەوخۆ بە بیانووی شەڕ لەگەڵ پ.ک.ک هێرش دێنێتە سەر ڕۆژهەڵات. دووهەم هەنگاوی گرینگ بۆ بەرگری لەم بەشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەوڵ بۆ دامەرزاندنی دیپلۆماسییەت لەگەڵ وڵاتی ئەرمەنیایە، کە دوژمنی هاوبەشـمان لەگەڵ تورکیـا هەیە. لەبەر ئەوەی لە ئەگەری لەدەســـت چـــوونی ئەم بەشەی خـــاکی کوردســـتان، یەکەمیـــن وڵات کە دەکەوێتە مەترســـییەوە ئەرمەنیـایە. بۆیە وەرگرتنـی یـارمەتی لەم وڵاتە زۆرهاسـانە و قازانجی هاوبەشی تێدایە.

**پێرست**


| | |
|---|---|
| بەشی 1 | جوگرافیا |
| بەشی 2 | پێش ئیسلام |
| بەشی 3 | پاش ئیسلام |
| بەشی 4 | سەفەوییەکان |
| بەشی 5 | ئەفشارەکان |
| بەشی 6 | زەندییەکان |
| بەشی 7 | قاجاڕ |
| بەشی 8 | سەدساڵی ڕابردو |
| بەشی 9 | قسەی کۆتایی |

## بەشی یەکەم

پارێزگای ورمێ



پارێزگـــای ورمـــێ لە بـــاکووری ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانەوە هەڵکەوتـــووە. ئەم پارێزگـــایە لە وڵاتـــی ئێـــران بە پارێزگـــای ئازەربایجـان غەربـی نـاو دەبردرێت کە تەنیا لەدژی کورد ئەم ناوەی پێوە نراوە.
بەپێی بـاوەڕی هێنـدێک لە مێژوونووسـان نـاوی ئورمیە لە دوو وشەی ئاسووری بە واتای ئور(شار) و میە(ئاو) پێـک هـاتووە. لە لاپەڕەکـانی مێـژوودا بە ناوەکـانی دیکەش نـاوی لـێ بـراوە، وەکـوو چیچێسـت کە لە کتێبی ئاینـی زەردەشـتیەکاندا ئامـاژەی پێکـــراوە. بەڵام لەسەردەمی پەهلەوییەکانـــدا نـــاوی ئورمیە بە (ڕەزاییە) گـۆڕدرا، کە پـاش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لە دژی ڕژیمی پاشایەتی ناوی بۆ ئورمیە گەڕێندراوە.

**ناوی ئازەربایجان**

بە پێویسـتی دەزانـم ئامـاژەیەک بکەم بە نـاوی ئازەربایجـان کە ناوێک نیە کە ڕەنگدانەوەی نەتەوەی هەبێت وهیچ پەیوەندی بە هەبـــوونی تـــورک لەو نـــاوچەدا نیە. چـــونکە ئازەربایجـــان نـــاوچەیەکی جـوگرافی بەرفـراوان دەگـرێتەوە کە تێیـدا نەتەوە جیاوازەکـانی وەکـوو: کـورد،ئەرمەنی و ئاسوری کەزۆر پێش لە هـــاتنی تورکەکـــان لەم نـــاوچە پـــان وبەرینەدا ژیـــاون و نیشـتەجێن. هەروەهـا ئازەربایجـان بە واتـای ئاتروپاتگـان لە سەردەمی پێـش زایینـدا لە ڕووی نـاوی فەرمانـدەی دلێـری مادەکان یان مێدەکان دەناسێرێت و دواتـر بەو ناوچـانە گوتراوە

که ئێستا بەشێکی لە وڵاتی کۆماری ئازەربایجان و بەشێکی لە ناو خاکی ئێران دایە. هێندی مێژوونووسی دیکە سەبارەت بە ناوچەی ئازەربایجان کە مێژوویان نووسیووە، بەباوەڕی ئەوان ناوی ئازەربایجان بۆ پاشایەک بە ناوی ئاتروپات دەگەڕێتەوە کە دیسان هیچ پەیوەندیکی بە نەتەوەی تورکەوە نییە.
هێندێکیش لایان وایە کە ئازەربایجان لە سەرەتا ناوی ئاگرپارێزان بووە کە چۆن زەردەشت لە ناوچەی ورمێدا بووە و لە پەرستگاکانیاندا ئاگریان کردووتەوە و ئاگر پیرۆز بووە بۆیان، بۆیە ناوی ئەو ناوچەیانە بە هۆی ززەردەشتییەکانەوە نراوە ئاگرپارێزەکان، کە دوایی کردوویانەتە ئازەربایجان.

بەڵام پارێزگای ورمێ تا ساڵی 1325 هەتاوی(1945ز) لە ڕووی دابەشکارییەکانی نێو ئێرانەوە ناوی ئازەربایجانی لە سەر نەبووە. ڕەزاخان کە دەسڵات دەگرێتە دەست ئێران دەکاتە شەش پارێزگاوە کە بە پارێزگاکانی 1 و 2 و....6 ناویان دەنێ. پارێزگاکانی ئازەربایجانی غەربی و کوردستان و کرماشان و بەشێک لە هەمەدان پارێزگای 3 دەبن. هۆکاری ئەم دابەشکردنەش لە بەر ئەوەی دەبێ کە پارێزگاکان پێک بێن لە چەن نەتەوە کە بکەونە دژیایەتی و ڕکەبەری یەکترەوە و تووشی دەسەڵاتی فارس نەبن و دژیاتەی نێو خۆییان لێ بکەوێتەوە و نەکەونە دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندیی و پێویستیان بە پشتیوانی دەسەڵاتی فارسەکان بێ. بۆیە ئەو شەش پارێزگایە بە شێوەیێک داڕێژرا بوون کە لە چەند نەتەوە پێک بێن و لە دژایەتی یەکتردا بن. ئەم دابەشکارییە لە سەردەمی حەمەڕەزاشای کوڕی ڕەزا خاندا گۆڕانی بەسەردا دێت و لە جێیاتی ژمارە، ناوێک بۆ پارێزگاکان دیاری دەکرێ، کە لە ساڵ 1325 هەتاوی(1946ز)دا، ناوی ئازەربایجان بۆ

پارێزگـای ورمێـی ئەمڕۆکە دادەنـرێ. بـۆیە نـاوی ئازەربایجـان ماوەی 74 ساڵێکە هەیە و پێشتر ئەم ناوە لە نێو ئێرانـدا بـۆ ئەم ناوچانەی ئێستا، لە سەر هیچ نەخشەیێکی جوگرافیدا نەبووە.

**پانتایی پارێزگای ئورمیە**

پانتــائی پارێزگــای ئورمیە لەگەڵ زەریــاچەی ئورمیە دەکــاتە 43.660 کیلۆمتری چوار گۆشە کە 2.65لەسەدی خاکی ئێران و 8.4 لەسەدی خاکی کوردستانی گەورە و 35 لەسەدی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە کە ئەم پارێزگـایە 13 هەمیـن پارێزگـای گەورەی ئێـران و دوهەم پارێزگـای گەورەی رۆژهەڵاتی کوردستانە.
پارێزگــای ورمــێ لە بــاکوورەوە لەگەڵ وڵاتــانی ئەرمەنیــا و ئازەربایيجان و لە ڕۆژئاوا لەگەڵ پارێزگاکانی ئاگری و وان و جۆلەمێرگ لە باکووری کوردستان و هەروەها لە گەڵ هەولێـر و ســـلەیمانییەدا و لە باشــــورەوە لەگەڵ پارێزگــــای ســـنەو لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای تەوریز و زەنجان هاو سنوورە.

**شارەکانی پارێزگای ورمێ بریتین لە:**

ورمێ(کە ناوەندی پارێزگایە)
بۆکان، مەهاباد، پیرانشـار، نەغەدە، سەردەشـت، شـنۆ، تیکـاب، سـايين قەڵا، میانـدواو، سەڵماس، خـۆی، مەراغە، نوشـین شـار، ماکۆ، شووت، پولدەشت، باژێر(تازەشــار)، چایپـارە، کوتـوول، بازرگان و چاڵدێران.



## حەشیمەتی پارێزگا

دانیشتوانی پارێزگای ورمێ لە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکهاتوون و هەروەها نەتەوە بچووکەکانی وەکوو ئەرمەنی و ئاسووری لێی دەژین کە ڕێژەی ڕاستی دانیشتوانی ئەم دوو نەتەوە لە ئێران و پارێزگای ورمێ بەهۆی جیاوازی دینی و مەزهەبیەوە ڕوون نیە.
ناوەندی پارێزگای ورمێ شاری ورمێیە کە گەورەترین شاری پارێزگاکەیە و هاوکات دووهەم شاری گەورەی ڕۆژهەڵاتی

کوردستانە.
ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگا بە پێی ئاماری حکومەتی ئێران لە ساڵی 1395 کۆچی هەتاوی لەسەرەوەی سێ ملیۆن کەس بووە بەڵام بەهۆی سیاسەتی دژە کوردییەکانی حکوومەتە ناوەندییەکانی یەک لەسەریەکی ئێران و هەروەها بە هۆی هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی تورک لە ئێراندا، لەم پارێزگایەدا ڕێژەی ڕاستی هەمووی دانیشتوانی کوردی ئەم پارێزگایە بەدروستی نازانین، چونکە لە وڵاتی ئێران سەرژمێری بەپێی زمانی زگماکی ناکرێ. گەر کەسێکی بێ لایەن گەشتێک بۆ ئەو ناوچانە کە کورد وتورک پێکەو دەژین بکات، ئەبینێ کە ڕێژەی کوردان زۆر لە تورکەکان لەسەرەویە. بەپێی هێندێک سەرچاوەی نافەرمی ڕێژەی کوردی ئەم پارێزگایە لە سەرەوەی 80 لەسەدی پارێزگاکەیە و لەبەشی خواری ئەم پارێزگایە کە بە موکریان دەیناسین جگە لە کورد هیچ نەتەوەیکی دیکەی تێیدا ناژیت.




| ناوی شار | حەشیمەت |
|---|---|
| ورمێ | 963738 |
| مەهاباد | 280529 |
| بۆکان | 224628 |
| نەغەدە | 121602 |
| شنۆ | 70030 |
| پیرانشار | 123639 |
| سەردەشت | 111590 |
| تیکاب | 78122 |
| سائین قەڵا | 91113 |
|میاندوئاو | 260628 |
| سەڵماس | 192591 |
| خۆی | 354309 |
| ماکۆ | 88863 |
| چاڵدێران | 46398 |
| پۆلدەشت | 42071 |
| چاییپارە | 43206 |

ئورمیە 1332 میتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە کە بە ناوچەیەکی شاخاوی کە دەشتی بە پیتی هەیە دەناسرێت. زستانێکی سارد و

بەهار و هاوینێکی دڵرفێنی هەیە. لە هاوین دا گەرمای هەوا تا 34 پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە، لە زستانیش دا هەندێک جار بۆ ژێر پلەی سیفر دائەبەزێ و سارد دەبێت.

یەکێک لە گرفتە هەرە گرینگەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئورمیە لە ڕۆی ژینگەوە، وشک کردنی گۆلی ورمێیە. گۆلێ ورمێ لەم چەند ساڵەی دواییەدا بە هۆی دروست کردنی پردێک لە نێوانیدا کە شاخێکیشیان لە نزیک گۆلەکەوە هەڵکەند و گۆلەکەیان پێی پڕ کردەوە، بەرەو وشک بوون بردوویانە، کە کارناسەکەکان ئەم کارە، بە یەکێ لە هۆکارە سەرکیەکانی وشک بوونی گۆلی ورمێ دەزانن. هەر وەها دروست کردنی بەربەندی زۆر لە ڕێگای ئەوچۆمانەی کە دەڕژێنە نێو گۆلەکە و هەڵکەندنی بیری ئاو بۆ کشت و کاڵ لە دەوروبەری گۆلی ورمێ، هۆکارەسەرەکییەکانی وشک بوونی گۆلەکەیە. گۆلی ورمێ بە ڕێژەی 23 لە سەدی سوێری، بە سوێرترین گۆلی دونیا دادەنرێت کە لەڕووی ژینگەوە گرنگییێکی ئێجگار زۆری بۆ ناوچەکە و ئورمیە هەیە. بەداخەوە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی بەنداو دروست کردن و نەبونی پلانی پێویست بۆ زیندوو کردنەوەی زەریاچەی ورمێ، ئێستا گۆلی ورمێ بەرەو وشک بوونێکی زۆر مەترسیدار دەڕوات کە مەترسییەکی زۆر گرنگی لەسەر شاری ئورمیە و دانیشتوانی ناوچەکە هەیە. لە ئەگەری وشک بوونی زەریاچەی ورمێ، گەردەلوولی خوێ دەبێتە هۆکاری گۆڕینی کەشوهەوا، نەمانی سەرچاوەیەکی سروشتیی جوان، دروست بوونی زریانی خوێ و پیس بوونی هەوای شاری ئورمیە کە هەندێک جار بۆ ئاستی مەترسیدار بەرز دەبێتەوە کە ئەمانە نیگەرانیەکی نوێی بۆ دانیشتووانی ورمێ و ناوچەکە دروست کردووە.

ئەم نەخشەیە کە لێرەدایە دەتـــوانێت تۆزێـــک بەرچاومـــان سەبارەت بە جوگرافیـــای دانیشـــتوانی ئێـــران بە پـــێ زمـــانی زگماکی ڕوون کاتەوە.




زەریاچەی ورمێ



ئەم زەریــاچەیە لە نێـوان دوو پارێزگــای ورمــێ و تەورێــزدا هەڵکەوتـــووە کە گەورەتریـــن دەریـــاچەی ئێرانە کە بە هــۆی کەمتەرخەمی کاربەدەستانی حکوومەتی ئێرانەوە ئەم زەریاچە خەریکی لەناو چوونە. گەورەیی دەریاچەی ورمــێ 27 هەزار کیلۆمـــتری چـــوار گۆشەیە کە گەورەتریـــن زەریـــاچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سوێریدا. هاوکات ڕێژەی شەشەمین زەریاچەی سوێری دنیای هەیە.
زەریـاچەی ورمـێ لە مێـژوودا چەندین جار نـاوی لێبراوە. لە کتێـبی زەردەشـتیەکاندا ئەم زەریـاچەیە بە نـاوی چێچێسـت نـاوبراوە. مێژوونوسـانی گەورەی دیکە لەوانە ئسـترابۆن بە کاپوتـا نـاوی بـردووە. هەروەهـا (مەسـعوودی) مێژوونوسـی گەورەی عەرەب بە ناوی کەبوزان ناوی بردووە.

## ڕووبارەکانی پارێزگا

دوو ڕووبـــاری ئاراس و زابـــی بچـــووک لەم پارێزگـــایەدا هەڵکەوتـــوون کە گرنگـترین ڕووبارەکـانی ئەم پارێزگـایەن، بەڵام ڕووبارەکـــانی دیکەش وەکـــوو زەڕینە ڕوود، ســـیمینە ڕوود، مەهابـادروود، چـۆمی بەرەسـوور، چـۆمی گـادەری، چۆمی بەراندێز، چۆمی نازی و چۆمی سۆلە، لەوێ دان.

## شاخە بەناوبانگەکانی پارێزگای ورمێ:

ئاگـری، عەوریـن، هەرەور، بەرێ، بـری، بەرێـدی، کێلـێ دەسـماڵ، شـێخ بـایزی، دووگـۆ، کۆتۆل، مەنجەل، میربهـال، بایـدۆس، چـل مێـری شەهیدا، ئاز، سـیرێ، قـۆرغ و مـاداغ، قولۆزەن، دالانپەڕ، بۆزێ سینا، سپی ڕێز.

## کێوەکانی ناوچەی موکریان:

فەرەنـگ، لەنـدی شێخان، کێلەشین، سیاکێو، قەنـدیلی گەورە و بچـووک، گیاڕەنـگ، تەرەغە، سـپی سەنگ، مەیـدان ئەسـتەڕ، قەڵاتی شـا، بـابۆلێ و ڕەنـدۆلێ، شەڕگە، مـام قۆچـاغ، بابەسەن، سـوڵتان یـاقووب، قەڵات مـاران، سەقەر، کـانی خـودا، چیغـی دەرێ، سپی ڕێز و سامڕەندان.

## زمانی کوردی


کـوردانی دانیشـتووی پارێزگـای ورمـێ لەشـارەکانی مـاکۆ تـا ورمـێ بە شـێوەزاری کـوردی بـاکووری، لە موکریـان بە شـێوەزاری کـوردی ناوەنـدی(سۆرانی) و لە شـارەکانی سـایین قەڵا و تیکـاب بە کـوردی باشـووری(هاوشێوەی زاراوەی شارەکانی کرماشان و ئیلام) قسە دەکەن.

## هۆزەکانی کوردی پارێزگا

شـکاک نـاوچەیێکە کە چەن هـۆز لە بەر دەگرێت و لە خۆیـدا ناوی هۆزێک نییە، کە بریتین لە(عەبـدۆیی، مـامەدی، فەنەکـی، پسـاغا، نیسـانی، گەورک و خـدری). کە ئەم هـۆزانە خۆیـان دەبنە چەند خێڵی تر.
هۆزەکوردەکانی پارێزگا بریتین لە:

1.میلان- کە پێک دێت لە:
جەلالی، عەرووسی، برووکی، دۆتکانلۆ، جینکانلۆ، شێخکانلۆ، زەحفەرانلـۆ، مەنـدۆڵکانی کە لە رۆژهەڵات، بـاکوور، ڕۆژئاوا و قەزوین و خوراسان دەژین.
2. عەبدۆیی- کە پێک دێت لە:
عەبـدۆیی، ئەتمـانی، ئێـوەری، شەکری، چەرکـۆیی کە لە رۆژهەڵات و باکووردا دەژین.
3. مامە دی.
4. پینانشـی (کورمـانجی)-زۆرینەیان لە شـپیران دەژیـن و بنەڕەتی ئەو عەشیرەتە لە باکووری کوردستانە.
5. فەنەکی.
6. دەلی.
7. پساغا.
8. دری- هەم لە رۆژهەڵات و هەم لە باکوور دەژین.
9. هەرکی- پێک دێت لە:
سـیدا، مـام برایمـا، مالەشەمێ، کە لە رۆژهەڵات و بـاکوور و باشووردا دەژین.

10. هناره.
11. بەگزادە.
12. نیسانی.
13. خدری.
14. گەورک.
15. خەلووفی.
16. موقری.
17. پاچکی.
18. سادات(سەییدەکان)- لە چەندین شوێنی کوردستاندا دەژین
19. شەمسکی.
20. سلۆیی.
21. جامۆیی.
22. ئالەکانی.
23. باخۆشانی.
24. برادۆستی.


ایل میلان
خوی
ایل کرەسنی
صوماى
شاهپور
ایل شکاک
برادوست
رضائیه
ایل هرکی
ایل بیگ زاده

**بەشی دووەم:**

## ورمێ پێش ئیسلام




پێش ئەوەی کە بڕۆینە سەر مێژووی ورمێ لە پێش ئیسلامدا، دەمەوێ تۆزێــک لەسەر کوردســتان بە گشــتی و لەسەر ئەوە بــاس بکەیـن کە کـورد کێیە و کوردسـتان چۆن بـووە و چەنـد خاڵێکی باس بکەین.

کۆنــترین شــوێنی مرۆڤ بە پێــی پاشــماوە کۆنەکــان کە لە نووســینەکانی کلـدانی و ئاســووری دۆزراونەتەوە لە چیاکــانی زاگرۆس دایە. ئەم زنجیــرە چیــا کە بە زاگرۆس دەیناســین لە ڕۆژهەڵاتــــی کوردســــتان هەڵکەوتــــوە. لە نووســــراوەی ئیمپراتۆریەتەکـانی پێـش ئیسـلام وەکـوو ئاکێـد، ئاشـووریەکان، ئارامیەکان، یونانی وڕۆمییەکان، ناوی کـورد هێنـراوە. بۆ وێنە

ئاکێدیەکان کوردیان بە کوردۆ ناو بردووە کە بە واتای پاڵەوان یان قارەمان دێت.
ئاشووریەکان بە ناوەکانی وەکوو کورتس یان کاردۆ کوردیان ناو بردووە. ئارامیەکان بە گووتی، کارتی، کاردۆ، کاوداکا، کارکتان، وکارداک کوردیان پێناسە کردووە. یونانییەکان و ڕۆمانەکان کوردیان بە کاردۆس، کاردخۆی، کوردیایی یان کاردوای ناو بردووە.
گەزەنفون لەکشانەوەی سوپای دە هەزار کەسیەکەیدا بەرەو یوونان لە کتێبەکەیدا کوردی بە کاردۆخین ناو ئەبات بەڵام مامۆستا سۆران حەمەڕەش لە کتێبی کورد کێیە بۆمان بە جوانی ڕوون ئەکاتەوە کە کورد ڕەچەڵەکیان بۆ سۆمێریەکان دەگەڕێتەوە. هەروەها بەپێی زانستی (دی-ئێن-ئەی) ئێمە کوردین نەک ئێرانی. تەنانەت هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ ئاریەکاندا نیە. پرۆفیسۆر ئارنا ڤیلنا لە پڕۆژەی هاوبەشی خۆی لەگەڵ عەلی ئەکبەر ئەمیر زەڕگەر، کە ئەندامی دیپارتمانی زانکۆی تارانە بە لێکۆڵینەوە لە نموونەی ژنەتیکی ٧٠ تاکی کورد، شارستانیەتی کورد بۆ ڕۆژهەڵاتی مدیتەرانە دەگەڕێنەوە. هەروەها ئەم نموونە ژنەتیکی کوردە لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێران یەک ناگرنەوە.
لە لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی تێکزازی ئامەریکا، نەتەوەکانی ئەرمەن و جوولەکە بە نزیکترین نەتەوەکان لە کورد لە ڕووی ژنەتیکی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ناو دەبات.
دەیوید کۆماس، ئالموت نیل و مارینا فائێرمەن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زاگرۆس، مێزۆپێتامیا و ئانادۆڵ بە خاکی کورد ناو دەبەن. لە لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی جیهانی ژنێتیک، دەرئەکەوێ کە پێکهاتەی ژنێتیکی کوردەکان بۆ 11000ساڵی پێش دەگەڕێتەوە.

ئەمـــانە و دەیـــان بەڵگەی تـــر هەن کە کوردســـتان و کـــورد مێژوویان لە داگیرکەرەکانی کوردستان زۆرکۆنترە. هەروەها مێژووی درۆیـی و هەڵبەستراوی داگیرکەرە ئێرانیەکانمان بۆ دەردەخـــات کە هەمیشە خۆیـــان بە نەتەوەی خـــاون مێـــژووی کۆنتر لەقەڵەم دەدەن.

بگەڕینەوە سەر بـــابەتی ئەم بەشە کە سەبارەت بە مێـــژووی پارێزگـای ورمێـی پێش ئیسلامە. ئەم پارێزگـایە پێش ئیسلام شـــوێنێکی زۆر گرنـــگ بـــووە لە ڕوی ســـتراتێژییەوە، کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی کوردستان هەمیشە هەوڵی بەدەستەوە گرتنی ئەم ناوچەیانە داوە.

لە کـــاتی دەسەڵاتداری مێـــدەکان یـــان مادەکـــان ئەم نـــاوچەیە بەشـــێکی خـــاکی مێـــدەکان بـــووە، بەڵام ئەم بەشەی خـــاکی کوردســـتان پێـــش مێـــدەکان لە ژێـــر دەسەڵاتی ماناکـــان و ئوراتوورەکاندا بووە. مێژوو نووسانی ئەرمەنـی شاری ورمـێ بە پارێزگـای 16 هەمـی ئەرمەنستان نـاو دەبەن کە بە زمـانی ئەرمەنـی یـانێ شیراکان و هەمیشە بە خـاکی خۆیـان پێناسەی دەکەن. بەڵام بەپێـی بەڵگە یوونانیەکـان، پێـش ئوراتوورەکـان، کاردۆسیان دەسەڵاتی ورمێیـان بەدەسـتەوە بـووە. لە مێـژووی یووناندا بە کورد گوتراوە کاردۆسی کە نیشاندەری کوردبوونی ئەم شارەیە.

بەپێـی لێکۆڵینەوەکـانی کلیس کە لە سـاڵی 1960ی زاییـنیـدا لە شـارەکانی خـۆی و تیکـاب کردوویەتـی، پارێزگـای ورمـێ بە بەشـێک لە خـاکی دەسەڵاتداری ماناکـان پێـش ئوراتوورەکـان ناودەبات کە ماناکان یەکێـک لە کۆڵەکەکـانی دەسەڵاتی مێدەکان بوونە و بە پێی هەندێک لە بەڵگەنامەکانی ئاسووری، سـارگۆن پاشـای ئەوکـاتەی ئاسـوورییەکان لە سـاڵی 714 پێش زاییـنـدا ئوراتوورەکـــانی لەم خـــاکە بەدەرکـــردووە و دەسەڵاتی ئەم

ناوچەیـانە بەدەسـتەوە گرتـووە. لەکـتێبە مێژوویەکـانی وەکـوو هیرۆدۆت، موقەدەسـی، خـزران و هەروەهـا لە لێکۆڵینەوەکـانی پرۆفیسـۆر جفـری، ئامـاژە بە کـۆچەر بـوونی تورکـان بـۆ ئازەربایجـان کـراوە و هیچیـان تـورک بە دانیشـتووی کـۆن و ڕەسەنی ئازەربایـنجـان دانەنـاوە، کە خـۆی دەرخەری کـۆچەر بوونی تورک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.
موقەدەسـی هاتنی تورکـان لە ئاڵتـای بۆ رۆژهەڵاتـی نـاوین بۆ سەدەی شەشـی زایینـی دەگەڕێنێتەوە. جفری لـوئیس مامۆسـتای زانکۆی ئاکسفۆرد لە کتێبی زمانی تورکی دا دەڵێت:
مۆنگۆلیـا وڵاتـی بنەڕەتیـی تورکـانە و تـورک لە سەدەی 8ی زایینیدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین کۆچیان کردووە.
هەروەها لەسەر TCF سایتی فەرمی مێژووی دەوڵەتی تورکیـا ئاماژە بە کۆچەر بوونی تورکان لە مۆنگۆلیا بـۆ ئانادۆڵ کـراوە کە بەڵگەیکـی تـری مێژووییە کە تـا ئەو کـات تـورک لە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـوونی نەبـووە. هەروەهـا چەنـدین بەڵگەی دیکەی مێژوویـی هەیە کە تـورک پێـش ئاغۆزیـان و سەلجووقیەکان لە ئەم نـاوچە نەبـوونە و هیـچ بەڵگەیەک بـۆ سەلماندنی بوونی خۆیان لەئازەربایـنجاندا بەدەستەوە نیە. ئەوەی کە تـورک خـۆی بە خـاون مـاڵ دەزانێـت و نەتەوەکـانی دیکەی سەر خـاکی ئازەربایجـان بە کـۆچەر پێناسە دەکـات بەس بـۆ مێژووسـازی پـان تـورکیزمە کە لە سەر سـێ کـوچکەی بـاکوو، تەورێز، ئانکارا ڕاوەستاوە، کە بە داخەوە هەڵسـوکەوتی پـارتی کرێکارانی کوردستان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەم بـارەوە دەکەوێتە بەرەی پانتورکیزمەوە. بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ هەروا کە عەفریـن لەلایـان تورکـانی تـورکییەوە بە بیـانووی بــوونی بــاڵی رۆژاوای پەکەکە لە رۆژئاوای کوردسـتانەوە، داگیر کرا و پاکتاوی نەتەوەیی لەوێ دەکات هەمـان سیناریۆ لە

شارەکانی خۆی، ماکۆ، سەڵماس، ورمێ و نەغەدە بەهۆی باڵە ڕۆژهەڵاتیەکەی پەکەکەوە دووبارەی بکاتەوە.

**ساسانیەکان**




ئمپراتــوریەتی ساســانی یەکێــک لە ئمپراتوریەتەکــانی پێــش ئیسلامە کە لە رۆژهەڵاتی ناوڕاست حوکمڕانیان دەکرد.

سەبارەت بە ڕەچەڵەکـــــــی ساســـــــانیاکان بەداخەوە لەلایەن مێژوونوســـــانی فارســـــی داگیـــرکەرەوە جەعلیـــاتێکی زۆر نووســراوە کە ئەم ئمپراتـوریەتە وەکـوو ئێرانـــی-فارس پیشـان بدرێت، بەڵام بەڵگەیێکی زۆر لەبەر دەست دایە بۆ سەلماندنی کورد بوونی ئەم ئمپراتووریەتە.

لێرەدا وتارەکەی بەڕێز مێهدی کاکەی کە لە سەر سایتی خـاکی کوردســتان دایە، وەکــوو بەڵگەیێکــی ڕاســت و جێــی بــاوڕ سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ساسانییەکان دێنمەوە:

نیشـــتمانی بـــاپیره گەورەی پادشـــای ساســـانیەکان (ساســـان) کوردسـتان بـووه کە لە وێیەوه کـۆچی کـردووه بـۆ ویلایەتـی فـارس، ئەویش لەدوای هەڵاتنـی لە دەست ئەو پێشـبێنیەی کەوا یەکێك لە وەچەکانی فەرمانڕەوایی وڵاتی ئاریانـا دەیکـات بـۆی. ساسان حوشترەوان بووە لەلای یەکێك لە ئاغاکـان. (دهخـدا) کە یەکـــێ لە نووسەرانی گەورەی فارسە لە ئینســـایکلۆپیدیاکەیدا دەڵێت:

(پاپەگـانی کـوردی) کـە بـاوکی پادشـای ساسـانی (ئەردەشـێر)ە، شوان بووە.

مامۆستای زانکۆی تاران، دکتۆر ڕەشیدی یاسەمی، باسـی ئەوە دەکــات (ساســـان) کە بـــاپیرەی (ئەردەشــێرە)، سەر بە خێڵـــی (شوانکارە)ی کورد بووه و دایکـی (پاپەگـان Papagan) کچـی یەکێـك لە سەرۆك هۆزەکـانی (بـازرەنگی) کـوردە. وڵاتـی ئەم خێڵە ناوچەیێکی کوردیە لە هەرێمی فـارس. هەروەها مامۆسـتا یاسەمـی لە درێژەی باسەکەدا دەڵێت:

دەتوانین بڵێین کە (ئەردەشێر) کوردە.

پاپەگـان کـوڕی (ساسـان) سەربە یەکێـك لە ماڵەکـانی ئاگـری (ئاناهیتـا)یە. (پاپەگـان) کوڕێکی دەبێت نـاوی دەنێتە ئەردەشیر کە هەسـتا بە دامەزرانـدنی دەوڵەتـی ساسـانی. (ئەردەشـێری یەکەم) لە شـاری (پێـرس پـۆلیس)ی ولایەتـی فـارس لە دایـك بـووه، کە کـاتی خـۆی بـاپیرەی (ساسـان) بـۆ ئەویَ کـوچی کـرد بــوو. (ئەردەشـێر) حەزی بە ژیـانی سەربازی دەکـرد، بـۆیە دەبێتە فەرمانـــدەیەکی بـــاڵای سەربازی. بـــراکەی ئەردەشـــێر فەرمـــــانڕەوای ویلایەت دەبێـــــت و ئەردەشـــــێریش لە دژی ڕادەپەڕێت و ناچاری دەکات بە وازهێنـان لە فەرمـانڕەوایی بـۆ ئەردەشـێر. پاشـان کە ئەردەشـێر فەرمـانڕەوایی ویلایەتەکەی گرتە دەسـت و دەسـتی کـرد بە فـراوان کردنـی شانشـینەکەی و

هەریەك لە وڵاتەكانی كەناراو (كەنداوی هورمز) و (ئیلام) و (ئەسپاهان) و (میدیا)ی خستە ژێر ڕكێفی شانشینەكەی.
زۆركردنەوەی شانشینەكەی ئەردەشێر، دوایین پادشای ئەشكانیەكانی (پادشا ئەردەوانی پێنجەم)ی ترساند، بۆیە بە نامەبەرێكدا پەیامێك بۆ (ئەردەشێر) دەنێرێ. پادشا ئەردەوانی پێنجەم لە نامەكەیدا ڕەچەڵەكی ئەردەشێر بە كەم و بێ بایەخ باس دەكات، كە نامەی پڕ سوكایەتی پێكردنەكەی پادشا ئەردەوانی پێنجەم، لە كۆشكی پاشایەتی و لە بەردەم كاربەدەستانی شانشینی ساسانیدا دەخوێندرێتەوە. لە نامەكەیدا نووسی بووی:
هەی بەچكە كورد تۆ سنووری خۆتت بەزاند و مەرگی خۆتت واژۆ كرد. تۆ لە ژێر دەواری كوردیدا پەروەردە بوویت. كێ ڕێی پێداوی بۆ لەسەركردنی ئەو تاجە؟
شایانی باسە كە (تەبەری و ئیبنی ئەسیر) ئاماژەیان بەو نامەیە داوە. نامەكەی پادشای ئەشكانی (ئەردەوانی پێنجەم)، بە ڕوونی دووپاتی ئەو ڕاستیە دەكاتەوە كە بنەماڵەی ساسانیەكان كورد بوونە.
پادشاكانی ساسانی بەهۆی كوردبوونیان تەنیا لەلایەن (ئەردەوانی پێنجەمی ئەشكانیەوە) لۆمەنەكراون، بەڵكوو (بەهرامی چوبین) كە كوڕی (بەهرامی گوشتاسپ)ە و دەسەڵاتداری ناوچەی ئەرمینیا و ئازربایجان بووە لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا، لۆمەی پاشای ساسانی (خەسرەوی دووەم ‘خەسرەو پەروێز”)ی كردووە لەبەر كورد بوونی. كاتێك (بەهرام) هەوڵی دا كە دەسەڵات لە (خەسرەوی دووەم) بستێنێت، پێی گوت، هەی كوڕی زینا، تۆ لەژێر دەواری كوردانداا پەروەردە بوویت.
ساسان سەر بە هۆزی (شوانكارە)ی كورد بووە. ئەم هۆزە

خەریکـــی کشـــتوکاڵ و مەڕداری بـــوونە. ئەوان لە کۆتـــایی سەردەمی (بوهەویەکـان)دا هەسـتان بە دامەزرانـدنی زنجیـرە فەرمانڕەواییەك بە ناوی ئەتابکە (پادشاکانی شوانکارەی کورد لە وڵاتی فارس). هەروەها ڕۆژهەڵاتناسـی نەمساوی (ئێـدوارد ڤۆن زامباور) لە کتێبی (معجم الأنساب والأسرات الحاكمـة فـي التاريـخ الإسـلامي)دا ئامـاژە بەوە دەكـات كە هۆزی شـوانكارە دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەكـی دامەزرێنەری دەوڵەتـــی ساســـانی ئەردەشێری کوڕی پاپەگان.

هەروەهـا (یـاقوت ئەلحەمـوی) لە کتێـبی "معجـم البلـدان" کە لەسـاڵی 1224 زاینـی تـا سـاڵی 1228 زاینـی کە خەریکـی نوسـینەوەی بـووە، ئامـاژە بەوە دەکـات کە زنجیـرە پادشـاکانی ساسانی کاتێك کە شاری (مەدائین)یان بونیات ناوە، لەو شـارەدا گەڕەكێكیـــان بە نـــــاوی(کوردئاوا)، واتە ئەو (گەڕەکەی کە لەلایەن کـــوردەوە دروســـتکراوە) دروســـتکرد. کە لەبەر ئەوە بـووە کە خۆیـان سەر بە نەتەوەی کـورد بـوونە. نووسەر نـاوی شەش گەڕەک دەهێنێـت، کە پادشـــاکانی ساســـانی دروســـتیان کردووە لەم شارەدا و یەکێك لە گەڕەکەکان (کوردئاوا)یە.

پادشـاکانی ساسـانی نازناویـان (خاسـرەو) بووە، کە ئەم وشەیە پێکهـاتووە لە دوو وشەی کـوردی (خـاس) کە بە واتـای (بـاش) دێـــت لە کوردیـــدا و وشەی (رەو) کە ئەویـــش بە واتـــای (هەڵسـوکەوت) دێـت. بەم شـێوەیە وشەی خەسـرەو، بەواتـای کەسـێکی هەڵسـوکەوت جـوان دێـت، واتە کەسـێکی بەڕێـز و خـــاوەن پێگەیەکـــی بەرز. دوایـــی فارسەکان ئەو ناوەیـــان لە کوردەکـــان وەرگرتـــووە و بە شـــێوەی "خوســـرەو" بەکـــاری دەهێنن. هیچکـام لە وشەکانی (خـاس و رەو) لە زمـانی فارسیدا بوونیـــان نییە و واتـــایێکی لـــێ نـــاکەوێتەوە. عەرەبەکـــان بە عەرەبانـــدنی ئەم وشەیە، کردیـــان بە (کیســـرا- کەســـرا). بەم

شـێوەیە نازنـاوی کـوردی پادشـا ساسـانیەکان بەڵگەیە لەسەر کوردبوونی ساسانیەکان.

شـایانی باسـکردنە، زۆرێـك لە خەڵکـی، بە هەڵە پێیـان وایە کە نـاوی ئەو پادشـا ساسـانیە، (کیسـرا) بـووە کەوا لە سەردەمی حکومڕانی ئەودا جەنگی قادسیە ڕوی داوە، بەڵام نازانرێت کە وشەی (کیسرا) ناوی هیچ پادشایەکی ساسانی نەبووە، بەڵکوو نازناوێك بووە بۆ هەموو پادشـایانی ساسـانی، کە لە بەرامبەری (خـاوەن شـکۆ- ڕێـزدار) یـاخود لە زمـانی عەرەبیـدا وشەکانی (جلالة) و (فخامة) و (سمّو) بەکاردێن بۆ ڕێزلێنـانی سەرۆك و پادشـای وڵاتـان. هەر وەک پادشـای وڵاتـانی دیکە، کە نازنـاوی تـایبەت بە خۆیـان هەبـووە. بـۆ وێنە پادشـاکانی ڕۆم نازنـاوی (قەیسەر)یـان هەبـووە، پادشـا قوبتیەکـان نازنـاوی (فیـرعەون)، پادشا تورکەکـان نازنـاوی (خاقـان)، پادشـاکانی یەمەن نازنـاوی (تـوبەع) بەعەرەبـی(تُبّع)، نازنـاوی پادشـاکانی حەبەشە (نەجاشی) و نازناوی پادشای میسریەکان (عەزیز) بووە.
پادشاکانی ساسانی ناوەکانیـان کـوردی بـووە، کە بەڵگەیێکە بـۆ کورد بوونیان.
ا. (یەزدکـورد) نـاوی سـێ پادشـای ساسـانی بـووە، کە وشەی (یەزد) لە نـاوی ئەو سـێ پادشـایەدا دەگەڕێتەوە بـۆ پێشـینەی ئاینی یەزدانیەتی بنەماڵەی پادشا ساسانیەکان.

ب. دووان لە پادشای ساسانیەکان ناویـان "خەسـرەو Xesrew" بـووە. هەروەك لەسەرەوە بـاس کـرا، ئەم وشەیە پێکهـاتووە لە دوو وشەی کـوردی (خـاس) کە بە واتـای (بـاش) دێـت لە کوردیـدا و وشەی (رەو) کە ئەویـش بە واتـای هەڵسـوکەوت دێـت. بەم شـێوەیە وشەی (خەسـرەو) بەواتـای (کەسـی

هەڵسوکەوت جوان) دێت، واتە کەسێکی بەڕێز و خاوەن پێگەیەکی بەرز.

پ. دووان لە پادشای ساسانیەکان ناویان (ئەردەشێر Erdeşîr) بووە، کە بریتیە لە دوو وشە: (ئەردە) وشەیێکی میدییە، بەواتای (باش یا زەوی) دێت. وشەی (شێر)، کە هەردووکی پێکەوە دەکاتە شێرێکی باش یا شێری سەرزەوی.

فیرۆز(Feyrûz) یان پیرۆز Pîroz، ناوی یەکێك لە پادشاکانی ساسانی بووە، کە ناوێکی کوردییە.

چوار پادشای ساسانییەکان ناویان(هورمز- Hormizd)بووە. ئەم ناوە وەرگیراوە لە ناوی خودای سۆمەرییەکان (هورمیس)، کە باپیرانی کوردن. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم ناوە لە ناو گەلە ئارییەکاندا گۆڕاوە بۆ (هورامەزدا یان مەزدا Huramezda، Mezda).
ئەم گۆڕانە ناوە، کە هەر بە واتای (خودا)یە ماوەتەوە لایان.
ناوی چوار لە پادشاکانی ساسانی (باهرام یان بارام) و دوانیان ناوی (قوباد) بووە. ئەم دوو ناوە کوردین. یەکەمیان بەواتای (زیرەك) دێت و ئەوەی دووەمیش بە واتای (پادشا)یە.

هێندێك ناوی ساسانی هەیە کە تاکوو ئێستاش لە کوردستاندا باوە لای کوردەکانەوە. بۆ وێنە ناوی (خەمانی). ئەم ناوە لای فارسەکانەوە بوونی نییە. بەڵام هەندێك کورد لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ خاوەنی ئەم ناوەن.

حەسەن پیرنیا، باس لەوە دەکات کە ساسانییەکان بە ناوی

(مای) میدییەکانیان بانگ دەکرد. ئەم ناوە ناوی کوردی نێرە لەمڕۆماندا، هەرچەندە 2500 ساڵ بەسەر دیارنەمانی ئیمپراتۆریەتی میدیادا تێپەڕبووە. بۆ وێنە ناوی (مایخان)، کەس بەتەنیا بە ناوی (مای)ەوە ناوی نانرێت بەڵکوو ئاوەڵناوی (خان)ی بۆ زیاد دەکرێت کە لەبری (خاوەنشکۆ) یان (ڕێزدار) بەکاردێت بۆ پادشا و سەرۆکی دەوڵەتان لەمڕۆماندا. چونکە میدییەکان ڕێزدارەکانی کوردن. شایەنی باسە ناوی میدییەکان (مادا) بەزمانی میدیایی بە واتای (مەزن) یان (گەورە) دێت.
کاتێك کە سوپای عەرەب کوردستانی داگیرکرد، ناوی (ماهات) لە سەر ناوەندی دەسەڵاتی میدییەکان نرا لە لایەن عەرەبەکانەوە. لەبەر ئەوەی (ماه) ناوی میدییەکان بوو و (ات) بۆ بە کۆ کردنەوەیە لە زمانی عەرەبیدا. (ئەلبلازەڕی) باسی دەکات کاتێك کە کوردستان داگیرکرا لەلایەن عەرەبەکانەوە، کوردستانیان دابەشکرد بەسەر چەند ناوچەیێکدا. کاتێك کە سەرانە (باج و خەراج) لە هەر ناوچەیێك وەرگیراوە، نێردراوە بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە دانیشتووی ناوچەیێکی دیاری کراون. بۆیە عەرەبەکان ناوی (ماهکووفە)یان لە شاری (دەینور)و دەوروبەری نابوو، لەبەر ئەوەی ئەو سەرانە کە لە خەڵکی شاری (دەینور) و دەوروبەری وەردەگیرا دابەش دەکرا بەسەر نەوێ موسوڵمانەکاندا کە لە کووفە نیشتەجێ بووبوون. هەروەها لەبەر هەمان هۆکار ناوی (ماهبەسرا) لە سەر شاری (نەهاوەند) نرا، لەبەر ئەوەی سەرانەی کۆکراوە لە خەڵکی (نەهاوەند)ەوە دەدرا بە دانیشتوانی شاری (بەسرا)، کە موسوڵمان بوبوون، پاش داگیرکردنی لەلایەن عەرەبەکانەوە. بەم شیوەیە سەنتەری وڵاتی میدیا دابەشکرا لەلایەن داگیرکەرە عەرەبەکانەوە بۆ (ماهکووفە) و (ماهبەسرا).

بنەمـــاڵەی "فەزڵەوی" کە لە ســاڵی (1155 – 1432 ز) ئیمارەتی (فەزڵەوی "الفضلویة")یان دامەزراند، سەر بە هۆزی شـوانکارەی کـورد بـوون و لە زنجیـرە پادشـاکانی ساسـانی. کەسەکانی ئەم بنەمـــاڵەیە کە فەرمانڕەواکـــانی ئیمارەتەکەیـــان دەکرد، کورد بوون. بۆیە باوباپیریشیان کە ساسانیەکان بـوون بێگومـان هەر کـورد بـوونە. جێـی ئامـاژە پێکردنە ئەم ئیمـارەتە لە باشـووری لوڕسـتان دامەزرا و بـۆ مـاوەی دووسەد و حەفتـا وحەفـت سـاڵ فەرمـانڕەوا بـوون. نـاوچەی ژێـر دەسەڵاتیان لە لوڕسـتانەوە هەتـا کەنـاری شـاری ئەسـفەهان درێـژ دەبـێ و لە هێندێك سەردەمیشدا هەرێمی خووزستان و شاری بەسرەشی لە خۆدەگرت.

لە کۆتـــایی سەردەمی بوهەویەکانـــدا، هـــۆزی شــــوانکارە ئیمارەتێکیان دامەرزاند بە نـاوی ئەتابکە(پاشـاکانی شوانکارەی کـورد لە وڵاتـی فـارس). هۆزی (شـوانکارە) دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی (ئەردەشێری کوڕی بابەك)، دامەزرێنەری دەوڵەتـی ساسـانی. دامەزرانـدنی ئیمـارەتێکی کـوردی لەلایەن هـۆزی ساسانیەکانەوە، بەڵگەیێکی ڕوونە بۆ کوردبوونی ساسانیەکان.

بەم شـێوەیە دەبینیـن کە (ساسـان) کـورد بـووە نەک فـارس و خەڵکـی ویلایەتـی فـارس نەبـووە و گەڕانـدنەوەی ڕەچەڵەکـی خۆی بۆ (بەهمەنـی کـوڕی ئەسـفەندیاری کـوڕی گوشتاسـپ) لە ڕاست ناچێ و جێی گومانە.

بۆ ئەوەی درێـژەی پـێ نەدەیـن، لەم بەشـەدا هەنـدێك بەڵگەمـان خستە ڕوو، کە سەلمێنەری کوردبـوونی ساسـانیەکانە. لە بەشـی دواوەتردا بەڵگەی زۆرتر دێنینەوە.

زاراوەی هەورامی، هەمان زمانی پەهلەویە کە زمانی ساسانیەکان بووە. مامۆستا (مەسعود محەمەد) ئاماژە بە کتێبی (المعجم في معايير اشعار العجم) دەکات کە (شەمسەدین محەمەدی کوڕی قەیس ئەلڕازی) نووسیویەتی، کە لە فارسیەوە کردوویەتی بە عەرەبی. لەم پەرتووکە ئەمەی خوارەوە نووسراوە:
(خەڵکی عێراقم دیت سەرقاڵ بوون بە دانان و گوتنەوەی ئاواز بە فەهلەوی (پەهلەوی)، بەڵام ئاوازی جوان نەبوو لە وتەی عەرەبی و غەزەلی دەری "فارسی" کە دڵڕفێن بێ وەك ئاوازی ئورەمەن (هەورامان) و هەڵبەستی پەهلەوی. مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەڵێت ئاواز و گۆرانی بەستراوە بە زمانەوە، بۆیە بەیتە هۆنراوەی ئاوازی ئورەمەن (هەورامان) و (هەڵبەستی پەهلەوی)، ئەوە دەسەلمێنێت کە زاراوەی هەورامی بریتیە لە زمانی پەهلەوی.
سەبارەت بە فارسەکان، لەگەڵ کۆتایی پێ هێنانی فەرمانڕەوایی ئەشکانیەکان لە ساڵی (226)ی پێش زایین و گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی لەلایەن ساسانیەکانەوە، زمانێکی نوێی فارسی دروستکرا. ئەم زمانە ناونرا (زمانی پارسیکی). بۆ جیاکردنەوەی ئەم زمانە نوێیە لە زمانی فارسی کۆن و فارسی نوێ، کە سەردەمی ساسانییەکان بەکاردەهێنرا لەلایەن فارسەکانەوە، دەبینین زمانی پەهلەوی (کوردی) زمانی ساسانیەکان بووە و فارسەکان بە زمانێکی دیکە ئاخاوتنیان دەکرد و ئەویش زمانی (پارسیکی) بووە و ئەمەش کوردبوونی ساسانیەکان دەسەلمێنێت.

ساسانیەکان شانازیان بە (کاوەی ئاسنگەر)ی کوردەوە دەکرد.

ئەمە لە کاتێکدا ناوی ئاڵای ئەم ئیمبراتۆریەتە بریتیە لە (ئاڵای کاویــان). وشەی (کاویــان) لە نــاوی (کــاوەی ئاســنگەر)ەوە وەرگیــراوە کە دەگــوترێت پادشــایەکی ســتەمکاری بەنــاوی (زوحاك) کوشتووە. کـاوە بەرکۆشەی ئاسنگەریەکەی کـردووە بە ئاڵابەرزی ئاڵاکە. باسك و پانیەکەشـی بەرتەسك بووە و لە پێســتی پڵنــگ دروســت کــراوە و بە یــاقوت و دوڕ و خشــڵ ڕازێنراوەتەوە.

لە شەڕی قادســییەدا، کە لە نێــوان عەرەبەکــان و دەوڵەتــی ساســـــانیدا لە ســـــاڵی (636)ی زایینـــــی ڕوی دا، عەرەبە موسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر ساسانیەکاندا و دەستیان گرت بەسەر ئەم ئاڵایە و بردیان بۆ خەلیفەی موسوڵمانان (عومەری کــوڕی خەتــاب)، لەگەڵ دوو کچــی دواییــن پادشــای ساســانی (یەزدکــوردی ســێیەم)، کە وەك سەبایا بەدیلیــان گرتبــوون و ناویان (شـارەبانۆ) و (شـاژنان یـاخود کەیبـانۆ) بـووە، کە پاشـان (شاژنان) دەکرێت بە ژنی محەمەدی کوڕی ئەبووبەکر، یەکەم خەلیفەی ڕاشـدین، و (شــارەبانۆ)ش دەکرێـت بە ژنــی حسەینی کـوڕی عەلـی کـوڕی ئەبـی تـالیب، کە دەکـاتە دایکـی ئیمـامی شیعەکان (ئیمـام زەینەلعابـدینی کـوڕی حسەین). خـودانکردنیی ئاڵای کــــاوە لەلایەن ساســـــانیەکانەوە بەڵگەیەکـــــی دیکەی کوردبوونی دەسەڵاتدارانی ساسانییە.

کتێبـی (التاریـخ الصـغیر) لە نووسـینی نووسەرێکی سـریانی نستۆری نەناسراو (لە پاش ساڵی 680 زاینـی لەدایك بـووە)، بـاس لە مێـژووی کەنیسەی نسـتۆری دەکـات و هەنـدێك باسـی مێژوویـــی گرنـــگ دەکـــات کە لە نێـــوان سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینیدا ڕوویـان داوە. کتێبەکە لە لاپەڕەکـانی 100-102 دا، زانیــاری گرنــگ دەخــاتە بەردەســت سەبارەت بە ڕەچەڵەکـــی کـــوردە ساســـانیەکان و فەرمانـــدەی ساســـانی

(هـورمزدان) کە فەرمانـدەیێکی سەربازی نـاوچەی خۆراسـان بـووە. ئەم فەرمانـدەیە لەلایەن هێزەکـانی موسـوڵمانی عەرەبـی داگیـرکەرەوە بە دیـل دەگیرێـت لە سەردەمی فەرمـانڕەوایی عـومەری کـوڕی خەتابـدا و پـاش بەدیـل گرتنـی بەدەسـتی موسـوڵمانە عەرەبەکـان دەکـوژرێ. نووسەر دەڵێـت: (هورمزدان) ئامۆزای دوایین پادشـای ساسـانی (یەزدانکوردی سـێهەم) بـووە و نەوەی (ئەردەشـیری پاپەگـان). نووسەر هەروەهـا بـاس لەوە دەکـات کە ئەم فەرمانـدەیە سەر بە ڕەچەڵەکـی کـورد بـووە کە میـدیەکانن. هەروەهـا پەروانەی پوورشەرێعەتی (Paravaneh Pourshariati ) بـاس لەوە دەکـات کە (هـورمزدان) دانیشـتووی میـدیا بـووە، واتە سەر بە میدیەکان بـووە. ئەو دوو سەرچاوەی پێشـوو بە ڕوونـی ئامـاژە بەوە دەکات کە ساسانیەکان ڕەچەڵەکیان کوردە میدییەکان بـووە و ئەمەش بەڵگەیەکـی دیکەیە بـۆ کوردبـوونی دەسەڵاتدارانی ساسانی.

بەشداری گشتی دانیشـتووانی ئیمپراتـۆری ساسـانی لە بەرگـری کـردن دژ بە داگیرکـاری ئیسـلامی عەرەبـی لە نـاوچە کوردیەکـانی وەك (شـارەزوور) و (موسـڵ) و (حەلـوان) و (نەهاوەنـد) و (جەلەولا)دا، کە پارێزگاریـان لە دەسەڵاتداری ساسانی کردووە، کەچی ئەم بەرگریە هێندە بەهێز نەبووە لەو ناوچـانەی کە کوردنشـین نەبـوون، نیشـاندەری ئەوەیە کە بەرگریکردنی کورد لە دەسەڵاتی ساسـانی، بەرگریکردن بـووە لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتداری خۆیان.

لە هۆنراوەیەکدا کە زیاتر لە 100 ساڵی پێش، شـاعیری کـورد حـاجی قـادری کـۆیی (1817 – 1897 ز) نووسـیویەتی کە ساسـانیەکان کـورد بـوون و نـاوی دوو پادشـای ساسـانی (ئەردەشێر) و(قوباد) دەبات و دەردەدڵ دەکات لە کەمتەرخەمی

کردن لە نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد بە زمانی کوردی و دەڵێت:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی
وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی
تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی
سەلاحەددین و نوورەددینی کوردی
عەزیزانی* جزیر و مووش و وانی
موهەلهەل* ئەردەشێر و دەیسەمی شێر*
قوباد و باز و میری ئەردەڵانی
ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت
لەبەر بێدەفتەری ون بوون و فانی
کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی
بە زیددی میر و پاشامان بڕاوە
بەسە با بێینە سەر ڕێی میهرەبانی
کە دەیگوت شێخی من: من دەستگیرم
لەلام وا بوو لەبەر جەهل و جوانی
کە پیر بووم تێ گەیشتم دەستی گرتم
لە کەسب و کار و تەحسیلی مەعانی
بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە
بە ئاو و نیعمەتی خەڵقە گەڕانی
لە بۆ ژن دێ لە کۆڵان وەک سەگی هار
لە ژن هەڵدێ بە میسلی کەر لە خانی
بڵێ بەو سەرکزۆڵەی کوزپەرستە
بە چاوی کلدراو و ڕیشی پانی
کە نەفعێکت نەبێ بۆ دین و دەوڵەت

به من چی نەقشبەندی یا نە مانی
کەسێ پیاوە کە دانێ وەک حەماغا
لە بۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی
وە یاخود وەک ئەمین ئاغا بە هیممەت
بکا بۆ قەسری میللەت پاسەوانی
بڵێ لەم بەحسە هەر کەس مونکیری تۆن
بفەرموو سەهلە ڕێگەی ئیمتیحانی
بە ئوممێدی دووسێ دانایە حاجی
بە هەرزانی دەدا دوڕڕی گرانی

---

عەزیزان باپیرەی (بەدرخانیەکان) بوو، کە فەرمانڕەوای بەشێك لە کوردستانیان دەکـــرد, لە ناوچەکـــانی (جەزیـــرە) و (مـــوش) و (وان) لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا.
مـوهەلهەل (مـوهەلهەلی شـازنجانی)، کە بەسەر سـلجوقیەکاندا سەرکەوت و لە شـاری کرماشـان و پاشـان فەرمـانڕەوایی کرماشـان و خـانەقین و کفـری و کەرکووك و شارەزوور و سیروانی دەکرد.
دەیسەم، فەرمـانڕەوایەکی کـورد بـوو کە فەرمـانڕەوایی ئازربایجـانی دەکـرد لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا.

بەم جۆرە، ئەو سەرچاوانەی کە پشتیان پێ دەبەستین، دەری دەخەن کەوا ساسانیەکان کورد بوونە و جەنگی قادسیە کە لەنێوان موسولمانە عەرەبەکان بە سەرکردایەتی (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) و ساسانیەکان ڕووی داوە لە سەردەمی حوکمڕانی دوایین پادشاکەیان (یەزدکوردی سێیەم)، بریتی بوو لە شەڕی نێوان کورد و عەرەب. داگیرکەرانی کوردستان کە دەستیان کرد بە تاڵان و چەواشەکاری و شێواندنی مێژووی کورد، ساسانیەکانیان بە فارس لە قەڵەمداوە.

## پێکهاتەی سیاسی و ناوی پادشاکانی ساسانی:

پێکهاتەی سیاسی ساسانییەکان، دەسەڵاتێکی ساتراپی(فدراڵی) بووە، کە پێک هاتبوو لە چەند ساتراپ و ناوچەی ئوتونومی. ناوچەی ورمێ لەو کاتە لە نێو ساتراپی ئاترۆپاتگان دەبێ و ئیالەتێک لە وڵاتی ساسانییەکانی پێک دەهێنا. ساتراپی ئاترۆپاتگان پێک هاتبوو لە شارەکانی تەورێز، زەنگان، دەشتە بێڵ، مەراغە، سەڵماس، خۆی، مياندواو، ماکۆ، گیلان، ورمێ، قەزوێن و بەشێک لە پارێزگاکانی سنە و هەمەدان. ساتراپەکان دەسەڵاتێکی خۆجێیی بوون. ساسانییەکان بۆ باشتر و بەهێزتر بەڕێوەبردنی دەسڵاتەکەیان شێوەی ساتراپییان هەڵگرتبوو کە لە فدراڵیزمی ئەمڕۆکەی زۆرێک لە وڵاتە گەشەکردووەکان دەچێ. سەدا-حەوتای وڵاتانی گەشەکردووی ئەمڕۆکە پێکهاتەی سیاسی فدراليزميان دامەزراندووە کە هەم ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێک هێناوە، هەم بۆتە هۆی گەشەی ئابووری و سیاسی.

ئەم ناوانەی لای خوارەوە نـاوی هەر 24 پادشـا ساسـانییەکانن، کە مـاوەی فەرمانڕەوایەتیـان 426 سـاڵ درێـژەی کێشـا (224 یـان 226 تـا 651ی زایینـی)، کە بەپێـی کـات و سەردەمی فەرمانڕەوایەتیان ڕیزبەند کراون:

ئەردەشێری یەکەم

شاپووری یەکەم

هورمزی یەکەم

بەهرامی یەکەم

بەهرامی دووەم

بەهرامی سێیەم

نەرسی

هورمزی دووەم

ئەزەر نەرسی

شاپوری دووەم

ئەردەشێری دووەم

بەهرامی چوارەم

یەزدکوردی یەکەم

بەهرامی پێنجەم

یەزدکوردی دووەم

هورمزی سێیەم

فەیرۆزی یەکەم (پیرۆزی یەکەم)

بەلاش (وەلکاش)

قوبادی یەکەم (کوات)

خەسرەوی یەکەم (ئانەوشیروانی داد پەروەر)

هورمزی چوارەم

خەسرەوی دووەم (خەسرەو پەروێز)

قوبادی دووەم

حەمدوڵا مستەوفی لە کتێبی " نزهة القلوب"دا، کە لە سەدەی چواردەی زاییندا نووسراوە دەڵێت: پادشا (خاسرەوی یەکەم) باج و سوپا و دەفتەرداری دەسەڵاتی ڕێک خست کە لە سەردەمی فەرمانڕەوای ئەودا کتێبی بەناوبانگی (کەلیلە و دیمنە) لە هێندستانەوە هێنرا بۆ شانشینی ساسانی. هەروەها قوتابخانەی ئەدەب و فەلسەفە گەیشتە ترۆپکی خۆی.
گەلی کورد لەبەر نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو، بۆی نەکراوە کە گوزارشت لە ناسنامەی بکات و هەستێت بە نووسینەوەی مێژووی خۆی و هەروەها پارێزگاری لە کولتوور و زمان و کەلەپووری بکات و پەرەی پێی بدات. بۆیە مێژووەکەی تووشی دزین و شێواندن و فەوتاندن و سڕینەوە بووە. داگیرکەرانی کوردستان لە لاییێکەوە بەبەردەوامی هەوڵیان داوە بۆ لەنێوبردنی زمان و کولتوور و سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کورد، لەلاییێکی ترەوە هەوڵیان داوە مێژووە دێرینەییێک بە ساختە دروست بکەن بۆ خۆیان و خۆیان بکەن بە خاوەنی خاک و مێژوو و ئاسەواری کورد، تاکوو هەم ڕەوایی بدەن بە داگیرکاریەکانیان و هەم گەلی کورد بتوێننەوە و بیسڕنەوە لەسەر نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕێی بە تورك کردن و بەفارس کردن و بەعەرەب کردنەوەی کورد.

گەلی کورد خاوەنی مێژوویێکی پڕ لە سەروەریە و یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ناوچە، کە شارستانیەتەکانی سۆمەری و ئیلامی و هووری و میتانی و هیتی و میدی و ساسانی، دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە چەندە گەلی کورد دێرینە و چەندە

بەشدار بووە لە بونیات نانی شارستانیەت و پەرەپێدانی.

بەدەرخستنی ڕۆڵی ڕاستەقینەی کورد لە بونیات نانی شارستانێتی مرۆڤدا و ناسینی کولتوور و مێژووەکەی، پێویست بە دامەزراندنی ناوەندێکی کوردی پێشکەوتوو هەیە، بۆ زیندوکردنەوە و ڕاستکردنەوەیان. لەسەر کورد پێویستە لە نێو کتێبەکان و دوکیومێنتەکان و هۆڵی مۆزەخانەکان و شوێنە مێژووییەکاندا، لەڕێی زەوی دانەوە و پشکنینەوە بگەڕێن بۆ پاشماوەی موڵکە دێرینەکانی کورد و هەروەها گەڕان لە نێو نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان بەرپرس و حکوومەتەکان لە ڕێی توێژینەوەی زانستیانە و بابەتیانە بۆ مێژووی کورد بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان.
مێژووی کورد تووشی تێکدان و دزین و سڕینەوە و چەواشەکاری بووە. لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی نەبووە تاکوو مێژووەکەیان لەسایەیدا بنووسنەوە، داگیرکەران بە نووسینەوەی مێژوویێکی ساختە و بەدوور لەڕاستی کە تەنانەت مێژووی کوردی تێدا دەسڕنەوە، مێژووی ناوچەیان تووشی ئاڵۆزی و سەرلێ شێواوی کردووە. لە نێو ئەم شیواندن و تێکدان و سڕینەوە و تاڵانەدا، لەسەر کورد پێویستە بگەڕێن و لێکۆڵینەوە بکەن تا ڕاستی مێژووەکەیان دەربخەن و بیخەنە بەردەستی بەرەی نوێ و هەتا جیهان مێژووە ڕاستەقینەکەی کورد بزانێت.

من داوای شێواندنی مێژوو ناکەم و ناخوازم بە ساختە دروست بکرێت وەك ئەوەی کە سەدام حسێن کردی لە هەڵمەتی "سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو". بەڵام من پێشنیاری دامەزراندنی چەند ناوەندێکی زانستی دەکەم بۆ کۆکردنەوەی

بابەتە مێژووییەکان لە بارەی کوردەوە. پاشان ڕیزبەندکردنیان و پارستنیان و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر و لە پوختە کردنیان تا ئامادە بێت بۆ نووسینەوەی مێژوویێکی ڕاستەقینەی زانستی و بابەتیانە.

بەپێی ئەم فەکتانەدا کە بەڕێز کەریمی خستوویەتیە بەردەست، بۆمان بە جوانی ڕۆن دەبێتەوە کە ئمپراتووریەتی ساسانی کوردی بووە نەک فارسی. بەڵام خاڵی گرنگ و سەرەکی لە ئەم دەسەڵاتە لەوەدایە کە هەر هەموو ئازەربایجان خاکی ئەم ئمپراتووریە کوردی بووە و لەو سەردەمە تورک قەت لەوێ نەبوونە.

## بەشی سێ

### ورمێ پاش ئیسلام

لەسەردەمی عەبباسییەکاندا سەرهەڵدانی میرە کوردنشینەکان ڕوودەدات و هەرێمی ئازەربایجان یەکێک لەو هەرێمە کوردنشینەکان بوو کە شاهیدی سەرهەڵدان وکێشمەکێشی دەسەڵاتی سیاسی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی عەبباسی بوو

ناوچەکانی ئازەربایجان و ئاران لەسەرەتای سەدەی ١٠ی(ز)لەژێر دەسەڵاتی والی خەلافەتی ئیسلامی عەبباسی(یوسف کوڕی ابی الساج)دا بوو،لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندی جێگیری نەبوو،لەگەڵ ناوەندی دەسەڵات لە ساڵی ٩١٩ی (ز) یوسف لەمەڵبەندی خەلافەتەوە زیندانی دەکرێ.بەڵام ئەم زیندانی کردنە درێژخایەن نابێت و لەلایەن خەلیفە المقتدر ئازاد دەکرێت و دەکرێتەوە بە فەرمانڕەوای ئازەربایجان و ئاران.یوسف تا ساڵی ٩٢٦ی زاینی لەدەسەڵات

بەردەوام دەبێت تا لەساڵی ٩٢٦ی زاینی لەلایەن خەلیفە المقتدر بانگهێشت دەکرێت بۆ بەرەنگار بوونەوەو ڕووبەڕوو بونەوەی بزووتنەوەی القرامطە لە شاری واسط، سەرئەنجام لە ساڵی ٩٢٧ی زاینیدا دەکوژرێت.دیارە نەمانی ناو برا دەبێتە ڕێگە خۆشکەرێک بۆ دیسم کوڕی ابراهیم الکردی،تاوەکو دەست بگرێت بەسەرهەرێمی ئازەربایجان و ئاران و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت و دەبێت بە فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە.

بەڵام ئاماژەی مێژوویمان نییە سەبارەت بە شێوازی فەرمانڕەوایی دیسم و بارۆدۆخی ئەو هەرێمانە لەو ماوەیەدا،ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گۆڕانکاریی و ڕووداوێکی بەرچاو ڕووی نەداوە تا ساڵی ٩٣٧ی زاینی وەک مسکویە و ابن الاثیر ئاماژەی پێدەکەن،لەم ساڵەدا لشکری کە جێگر و هاوکاری کوڕی زیار بوو لەهەرێمی چیا هێرش دەکاتە سەر هەرێمی ئازەربایجان هاوکات دیسم سوپاکەی کۆدەکاتەوە کە زۆربەی لەکورد پێکهاتبوو بەرەنگاری لشکری دەبێتەوە لە ماوەی دوومانگدا سوپاکانیان دووجار بەریەک کەوتن سەرنجام دیسم شکست دەخوا، لشکری دەست دەگرێت بەسەر هەمووئازەربایجان تەنها شاری دەشتەبێڵ نەبێت،دانیشتووانەکەی گوێبیستی خراپی هەڵسوکەوتی دەیلەمەکان بووبوون لەگەڵ وڵاتی چیاو خەڵکی هەمەدان،بۆیە بەرگرییەکی توندیان کرد،بەڵام پاش گەمارۆ دانێکی درێژخایەن و شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لشکری توانی بچێتە ناو ئەو شارە،بەڵام دانیشتووانی دەشتەبێڵ بەیارمەتی دیسم توانیان گەورەترین شکست بە ناوبراو ببێنن و ناچاری بکەن بە پاشەکشە کەدن،بۆیە پەنای بردەبەر ابن دولە فەرمانڕەوای موقان،ئەویش یارمەتیدا بۆ هێرشکردنە سەر ئازەربایجان جارێکی تر دیسم شکستی خوارد و هەڵات.ئازەربایجان لەو

نێـوەدا بـوو بە پێگەو شەڕوململانێ،جێـی چـاو تێـبرینی دەورو بەر هەریەکەیـان هەوڵـی دەدا بـۆ پەیـداکردنی هێـزو بەسـتنی پەیوەنـدی لەگەڵ هێزێـک بـۆ پـاوانکردنی دەسەڵات و ئەنجـام دانی فراوان خوازی.
دیسـم بـۆ گێـڕانەوەی هاوسەنگی و پەیـداکردنی هێـز داوای یارمەتی لە وشمگیری کوڕی زیار کرد. لەڕاستیدا یارمەتی وەرگرتن لە ناوبراولەسەر بنەمای چەند مەرجێک بوو وەک دابین کردنـی خەرجـی سـوپا و خوێنـدنەوەی وتـاری هەینـی بەنـاوی ئەو و دابینکردنـی سەد هەزار دینـار سـاڵانە،دیارە وشمگیرلەفراوان خوازییەکانی لشکری کەوتبووە ترسەوە
دیسـم دەسـتی کـرد بە ئامـادەکردنی سـوپا بە ئاراسـتەی ئازەربایجـان هەنگـاوی نـا ئەم هاوپەیمـانییەی دیسـم لەگەڵ وشـمگیر ترسـێکی زۆری لە سەر لشـکری دروسـت کردبـوو،بۆیە بەرەو ئەرمنیـا چـوو لە ئاکامـدا لەلایەن ئەرمەنەکـان کوژرا.کـوڕەکەی لشکرسـتان لەگەڵ بەشـێک لە سـوپاکەی بـاوکی بەرەو شـاری موسڵ چـوو پەنـای بـردە بەر ناصـرالدولە کـوڕی حمـدان بـۆ یـارمەتی دانیـان،لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتوونەبوون لەلایەن دیسـمەوە بەرهەڵسـتیان کـراو ناچاریـان کـردن بەرەو موسڵ بگەڕێنەوە،دیسم ئەو پەیمـانەی بەسـتبووی ئەو مەرجـانەی بەسەری دا سەپێندرابوو نەی گەیاندەسەر،بەهـۆیلاوازی وشـمگیر و هیرۆدەبوونی بە هێرشکاری بوەیهییەکان.
لەساڵی ٩٣٩ی زاینـی ابـو نصـر مرزبـان کـوڕی مـوحەممەد کـوڕی مسـافر هێرش دەکـاتە سەر دەشتەبێڵ و بۆ مـاوەی سێ ساڵ گەمارۆی دەدات،بەڵام مسکویە ئەو ڕووداوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ٩٤١ی زاینی کاتێ ابو القاسم علی کوڕی جەعفەر کە وەزیـری دیسم بـوو پەنـا دەبـاتە بەر مرزبـان لە نـاوچەی تـارم

ئەمە دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ داگیر کردنی ئازەربایجان بەتایبەتی ابوالقاسم لەهەڵ مرزبان لەڕووی فکرییەوە یەکانگیر و هاسۆز وهاو هەڵویست بوون لەگەڵ ڕێڤازی شیعەی باتینی بە پێچەوانەی دیسم کە لە ڕووی بیر و باوەڕەوە هاسۆز بوو لەگەڵ خەوارجەکان. دیارە ئەمە کاریگەری خۆی هەیە جگە لەوەی ابوالقاسم هەڵسا بە ڕاکێشانی سەرنجی مرزبان بۆ خێرو بێری ئەو داهات و بەرهەمەی کە لەم هەرێمەدا هەیە،ئەوە فاکتەرێکی کاریگەر بوو بۆ داهیرکردن و دەست بەسەر داگرتنی ئازەربایجان و ئاران.دوای گەمارۆ دانێکی توندی دیسم لەشاری تەوەرێژ(تەورێز)توانیان دەست بەسەر ئەم شارەدا بگرن.دوا بەدوای ئەمە مرزبان هەنگاوی نا بەرەو دەست گرتنی دەشتەبێڵ بۆ ئەو مەبەستە هەوکی دا لە ڕێگەی وەزیرە تازەکەی دیسمەوە بەناوی ابو عبدڵلە ئەم کارەبکات لەوەش دا سەرکەوت،هەڵسا بەگەمارۆدانێکی درێژخایەنی دیسم لە دەشتەبێڵ ناچاری کرد شارەکە بەدەستەوە بدات.سەرنجام مرزبان توانی دەستبگرێت بەسەر ئازەربایجان و ئاران.
لەساڵی ٩٤٣ی زاینی ڕووسەکان هێرشیان کردە سەر ئاران. دەستیان بەسەر شاری بەرذعە داگرت خەڵکێکی زۆریان کوشت و بەئاراستەی مەراغە هەنگاویان نا مرزبان دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سوپای زیاتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووسەکان.هاوکات لەگەڵ ئەمەدا حوسێن کوڕی سەعیدی حەمدانی سەرقاڵ بوونی مرزبانی بەشەڕی ڕووسەکان بە دەرفەت زانی و هێرشی کردە سەر ئازەربایجان،بەڵام لەم هێرشکاریە سەرکەوتوو نەبوو.بەم شێوەیە هەرێمەکانی ئاران و ئازەربایجان بەردەوام لەنا سەقامگیری سیاسی دابوو سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بێژین دەرکەوتنی دەسەڵاتی دیسمی کوردی ڕێ خۆشکەری بوو بۆ سەرهەڵدانی میرنشینی

## میرنشینی شەدادی

فەرمــانڕەوای میرنشــینی شەدادی لەهەرێمــی ئاران لەســاڵی ٩٥١ی زاینــی دا بە هەوڵ و تێکۆشــانی مــوحەممەدی کــوڕی شەداد دەرکەوت کە دەستپێکی ئەو میرنشینە لە شاری دبیل لە وڵاتــی ئێستای ئەرمەنیا بوو.بەڵام فەرمانڕەوای موحەممەدی درێژخــایەن نــابێت کــاتێ ســالارمرزبان لەســاڵی ٩٥٤ی زاینــی هێــرش دەکــاتە سەر دبیــل بــۆیە مــوحەممەدی کــوڕی شەداد بەناچاری پاشەکشە دەکات ئەم شارە بەجێ دەهێڵێت .لەساڵی ٩٥٥ی زاینی موحەممەد دەمرێت و کوڕە گەورەکەی بەناوی ابوالحسن لشکری دەبێتە جێنشینی لەساڵی ٩٧٠ی زاینیدا

فەرمانڕەوای میرنشینی شەدادی دەگرێتە ئەستۆ.دیارە لەماوەی نێــوان ســاڵانی ٩٥٤ی زاینــی تــا ٩٧٠ی زاینــی دا مرزبــان دەسەڵاتی خــۆی سەپاندۆتەوە بەسەر هەرێمــی ئاران دا، بــۆیە مێــژوو نوســان ســاڵی ٩٧٠ی زاینــی بەدەســتپێکی دەسەڵاتی لشــکری دادەنێن و بۆ ماوەی هەشــت ساڵ بەردەوام دەبێت لە دەسەڵات تا ساڵی ٩٧٨ی زاینی دەمریط.بۆیە براکەی بەناوی مرزبــان کــوڕی مــوحەممەد دەبێــت بە میــری شەدادی، بەڵام لەساڵی ٩٨٥ی زاینی دەکوژرێ.

سەرنجام( فزلون)ی برای فەرمانڕەوایی میرنشینەکە دەگرێتە ئەســـتۆ.لەساڵی ٩٨٥ی زاینــی دا ئەم میرەیەکێــک بــووە لە سەرکردە نــاودارو بەهێزەکــان بۆیە هەندێ لە مێژوونوسان بە دامەزرێنەری دووەمـــی میرنشـــینی شەدادی دادەنێیـــن کە دەسەڵاتی تەنها خاکی ئرانی نەگرتبۆوە،بەڵکو بەشێکی زۆری لە ئەرمەنیادا خستە ژێر فەرمانڕەوای خۆی و پاش تێپەڕبوونی چل و حەوت ساڵ لە فەرمــانڕەوایی لەســاڵی ١٠٣١ی زاینــی دا دەمرێــت. دوای خــۆی کــوڕەکەی بەنــاوی ابوالفتــح موســی


حوكمرانی دەگرێتە دەسی کە سێ ساڵ فەرمانڕەوایی دەکات
.لەساڵی ١٠٣٤ی زاینیدا ابوالحسن علی کوڕی موسی
حوکمڕانی دەگرێتە دەست کە سێ ساڵ فەرمانڕەوایی
دەکات.لەساڵی ١٠٣٤زاینیدا ابوالحسن علی کوڕی موسی
ناسراو بە لشکری دووەم دەبێتە میری میرنشینی شەدادی بۆ
ماوەی پانزدە ساڵ تا دوا ساتی ژیانی تا ساڵی ١٠٤٨ی زاینی
دا فەرمانڕەوایی دەکات. دواتر انوشیروانی کوڕی هاتە
جێگەی،بەڵام ماوەی فەرمانڕەواییەکەی کورت خایەن
بوو،دوای چەند مانگێک وەفاتی کرد.
پاشان ابوالسوار ساور کوڕی فزلون بوو بە فەرمانڕەوا لەساڵی
١٠٤٩ی زینیدا،کە یەکێکە لە میرە بەناوبانگەکانی میرنشینی
شەدادی.بەڵام لە کاتی دەسەڵات داری ئەودا سەلجوقییەکان
وەکو هێزێکی نوێ لە هەرێمەکوردییەکان بەدەرکەوتن.
ابوالسوار بۆماوەی ١٨ساڵ بەردەوام بوو لە دەسەڵات داری و
ساڵی ١٠٦٧ی زاینی کۆچی دوایی دەکات.بۆیە دەسەڵاتی
میرنشینی شەدادت دەکەوێتە دەست کوڕی ابوالسوار بەناوی
میر فزلونی دووەم وەکو جێنشینی باوکی دەست بە کار دەکات.
ئەم میرنشینە کوردییە تاساڵی ١٠٧٦ی زاینی لە هەرێمی
ئاران لەدەسەڵات دا بوون بەڵام پاشان دەکونە ژێر ڕکێفی
تورکە سەلجوقییەکانەوە.

**میرنشینی ڕەوادی**

مێژوونووسی ناوداری عەرەب تەبەری(طبری) لەپەرتووکە
مێژوویەکەی خۆیدا ئاماژە دەکات:
لەساڵی ٦٤٣ی زاییندا، بەکربن عەبدوڵڵا بە یارمەتی سماک
عەتبە و بن حورئیە هەر هەموو ئازەربایجان لە زنجیرە
شەڕەکانی داگیر کردندا، لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا
داگیردەکەن.

یەکەم دەسەڵاتێک پاش ئیسلام کە حکومڕانی ئورمیە و تەواو ئازەربایجان و موکریانیان کردبێت،شەدادییەکان بوون . پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میرنشینی شەدادی ، میرنشینی ڕەوادی لەهەرێمی ئازەربایجان حوکمڕانیان دەکرد کە ڕەچەڵەکیان بۆ هەزبانیەکان کە کورد بوون و لە تەواوی ئازەربایجان حکومڕانیان کردووە. دەگەڕێتەوە

سەلاحەدینی ئەیووبی و هۆزی ئەیووبییەکانیش ڕەچەڵەکیان بۆ ڕەوادییەکان دەگەڕێتەوە. لەم نەخشەیەدا سنووری دەسەڵاتی ڕەوادییەکان دەتوانین ببینین:



نـــاوچەی ژێردەسەڵاتی ڕەوادییەکـــان، شـــارەکانی زەنجـــان، ورمـێ، سەراو، دەشـتەبێڵ، میـانە، ئەهەر، تەوەرێـژ، قەزوێـن، خۆی، ماکۆ، سەڵماس، مەراغە و مەرەندی دەگرتەوە.

## کۆچی تورکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

یەکێــک لە ڕەگەزەکــانی ئاسـیای ناوەڕاسـت ڕەگەزی ئوراڵ-ئاڵتایە، کە لە لێکۆڵینەوە زانیستیەکان دەرکەوت کە ئەم ڕەگەزە لە ئێستادا نەتەوەکانی مەغۆل و تورک دەگرێتەوە کە لە ئاسیای ناوەڕاست و چەند شوێن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین و لە سەدەی 13 زاییینیدا بۆ گەیشتن بە جێگاییێکی باشتر بۆدەستەبەر کردنــی پێداویسـتیەکانی ژیانیــان بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاسـت کۆچیان کردووە.
تورک بۆ دوو دەستەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، پاش هاتنیان بــۆ دەوروبەری زەریــای کاسـپی دابەش دەکرێــن و هاوکــات زمـانی تـورکی بە دودەستەی تـورکی ڕۆژهەڵاتـی واتە زمـانی تورکــانی وڵاتــانی مەغۆلسـتان، ئوزبەکسـتان، قەزاقسـتان، قێرقیزسـتان و تورکەمنسـتان، و تـورکی ڕۆژئاوا واتە زمـانی تورکانی وڵاتانی ئازەربایجـان و تـورکیە دابەش دەکرێت کە لە هەردوو بەشەکەدا بە زاراوە جیاوازەکان وتووێژ دەکەن.
هەتـاکوو کـاتی دەسەڵات داری عەباسیان هیچ بەڵگەیـک لەبەر دەستدا نیە کە هەبوونی تورکێـک لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بە تــایبەتی لەسەر خــاکی کــورد کە بــۆ نــژادی ئاڵتــای- ئوراڵ بگەڕێتەوە نیشان بدات.
عەشــیرەتی ئاغوزیــان لەگەڵ عەشـێرەتەکانی دیکەی ئاسـیای ناوەڕاســت هاوپەیمانیــان بەســت و دەوڵەتێکــی گەورەیــان لە ئاسـیای ناوەڕاسـت دامەرزانـد. لەسەر ئەوەی کە گەورەتەریـن هـۆزی نێوانیـان، هـۆزی کنیـن ئاغـوز بـوو، نـاوی سەلجوقیان لەسەر خۆیان دانا و دەستیان کرد بە دروسـت کردنـی سـپاییێکی گەورە بـۆ داگیـر کردنـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کە شـوێنکی

زۆر باشە بۆ دەستەبەر کردنی بژیوی ژیانیان. تورکان لەسەر پەیداکردنی زەوی کشت و کاڵی باشتر، هێرشیان کردە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گروپ گروپ بۆ ناوچەکانی کوردستان، ئەرمەنیا، خوراسان، مازەندەران، گیلان، ولایەتی فارس، ئانادۆڵ، ولایەتەکانی عەرەب و چەند شوێنیکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچەند سەدە لەپشت یەک کۆچیان کرد.
لەکاتی دەسەڵاتداری عەباسییەکاندا بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتەکەیان، نۆکەرانی تورکی زۆریان بە مەبەستی شەڕکردن کڕی، کە لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە چۆنیەتی کڕینی تورکەکان لە سەردەمی عەباسی و لەسەر دەستی هەشتەمین خەڵیفەی عەباسیدا بکەین.
هەشتمین خەڵیفەی عەباسی، المعتصم باللە کوڕی هارون الرشید کە دایکی کەنیزێکی تورک بوو لە نێوان ساڵانی 833 تا 842ی زایینیدا، دەسەڵاتداری عەباسیان بوو. هەشت هەزار نۆکەری تورکی بەمەبەستی پێش قەراوڵی سوپاکەی کڕی و پەیوەستیانی کرد بە سپای عەباسییەکانەوە.
دەستەیێکی دیکەی تورکان کە لە چیاکانی قەوقاز نیشتە جێ بوون دەستیان کرد بە داگیر کردنی وڵاتی ئێستای روسیە و چەندین ساڵ ئەو ناوچانەیان بە دەستەوە بوو کە لە سەدەی ٨ی کۆچیدا ئیسلاڤەکان تورکەکانیان لە خاکەکەیان بەرەبەرە ڕاو نا و تورکەکان بۆ چەند شوێنی دیکە وەکوو باڵکان و دەوروبەری زەریای ڕەش و ئاترووپاتگان یان ئازەربایجان پەنایان برد.
هەربۆیە هەتاکوو ئێستا تورک لە ناوچەکانی باڵکان، باشووری زەریای ڕەش و کریمەی رووسیە بوونیان هەیە.
دەسەڵاتە تورکیەکان کە لەسەر دەستی ئەو تورکە کۆچەرانە لەو ناوچانە دامەزران، بریتیە لە:
1. بنەماڵەی کریمیان لە کۆتایی 699 زایینی

2. بنەماڵەی حەمید ئۆغلو لە ئانادۆڵ 700 زایینی
3. بنەماڵەی تکەئۆغلو لە عەنتاکییە 700 زایینی
4. بنەماڵەی ئوغلەری لەبەشێکی دیکەی ئانادۆڵ 700 زایینی
5. بنەماڵەی زولقەدر ئوغلەری لە مەرعەش 740 زایینی
6. بنەماڵەی ئالی عوسمان 699 زایینی
7. بنەماڵەی گرای لە کریمە 823 زایینی
8. زانەکانی غازان لە کریمە 849 زایینی
9. بنەماڵەی قاسموف 856 زایینی
10. جلاریان لە وڵاتانی ئێستای ئێران و عێراق 736 زایینی
11. جوپانیان لە ئازەربایجان 780 زایینی
12. اق قولویوو و قەرەقولویوو 780ی زایینی لە ئازەربایجان.

ئەمین زەکی نووسەری پەرتووکی کورد لە سەردەمی فتووحاتی تورکدا نووسیویەتی:
ئوغوزەکان پێش قەراوڵانی سوپای تورک بوون کە بە سپاییێکی سێ هەزارکەسی هێرشیان کردە سەر دەسەڵاتی میرە کوردییەکان و لەساڵی 429ی زایینیدا شاری مەراغەیان داگیر کرد. تورکەکان لە مەراغە کوشت و بڕێکی زۆریان لە خەڵکی ئەو شارەدا کرد و دواجار هێرشی دەسەڵاتی عەشیرەتی هەزەبانییەکانیان کرد و پاش بەرەنگاریکی زۆر لەلایان دەسەڵاتە کوردیەکانی ئازەربایجان، شکەستیان خوارد و پاشەکشەیان کرد.
گروپێکی دیکەی ئاغوزیان هەتا ئەرمینیا پێشڕەوییان کرد و پاش شکەست دانی ئەرمەنییەکان بەرەو ورمێ هێرشیان هێنا و بەهۆی گەورەیی سوپای تورکانی ئاغۆز شاری ورمێ داگیر کرا و پاش دامەرزاندنی دەسەڵاتی کوردی ڕەوادییان لە شاری تەوریزی ئازەربایجان، تورکەکان نەیان توانی لە ئازەربایجان

پێشڕەوی بکەن.
لەساڵی 1032ی زایینی، موزەفەر وا سوزان بن ماملان بە فێڵ و زیرەکی هەر هەموو سەرۆک خێڵەکانی ئاغوزیانی بەبیانۆی دیالۆگ و گفت و گۆ کردن، کۆ کردەوە و زۆریانی بەدیلی گرت و چەندی دیکەشیانی کوشت. ئاغوزەکانی نیشتەجێی ورمێ لە بەر ئەم هێرشە بەرەو ولایەتی حەکاری باکوری کوردستان پەنایان برد و لەوێ نیشتەجێ بوون. بەڵام زۆری نەخایاند پاش نیشتە جێ بوونیان دەستیان کرد بە تاڵانی خەڵکی ناوچەکە، کە ببووە هۆی تووڕەکردنی کوردەکان. کوردەکانی پارێزگای حەکاری بەهۆی ئەم تاڵان و ئازارانەی ئاغۆزەکان دەستیان بە هێرش کردنەسەری ئاغۆزەکان کرد و لە کۆتاییدا پاش شەڕێکی گەورە کوردەکان سەرکەوتنیان بەسەر ئاغوزەکان بەدەست هێنا و سوپای کوردەکان زۆری لە ئاغۆزەکان کوشت و هەروەها ٧سەرۆک خێڵی ئاغوزیان بەدیل گرت.
لەساڵی 1071 زایینیدا کە ئیمپراتووریەتی ڕۆم بەسەرۆکایەتی رۆمانسی چوارەم لە دەشتی مەلازگرد ئەسیر و کوژرا، هەرهەموو ئەرمەنیا و کوردستان کەم کەم لەسەر دەستی حکوومەتی سەلجووقی ئالپ ئەرسەلان داگیر کرا و خاکی کورد کەوتە دەست تورکە کۆچەرەکانەوە.

## بەشی چوار

### ورمێ لە سەر دەمی سەفەوییەکاندا

لە کتێبی صفوه الصفا کە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی سەفەوییەکانەوە نووسراوە ڕەچەڵەکیان بۆ کورد دەگەڕێتەوە. ئەم کتێبە کۆنترین کتێبێکە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی

سەفەوییەکان. بەڵام ئەگەرئەم بنەماڵە کورد بوون، بۆچی مەزهەبی خۆیان گۆڕا؟ یان دەیان پرسیاری دیکەی بێ وڵام هەیە لەم بارەوەدا کە بە نەبوونی زانیارییەکی ئەوتۆ ناتوانین وەکوو کورد بێنە ئەژمار. بەڵام زۆرێک لەنووسەران و مێژووزانان ئەم بنەماڵەیە بە تورک یان فارس و تورک پێناسە دەکەن. ئەم بنەماڵە لە ساڵی 1501زاییندا دەبنە دەسەڵاتدار و تا ساڵی 1736زایینی، حوکمڕانی ناوچەیێکی گەورەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کردووە. دامەرزێنێری دەسەڵاتی سەفەوییەکان شائسماعیلە، کە لە ساڵی 1722ی زایینی کۆتایی بەدەسەڵاتیان دێت. لەسەردەمی دەسەڵاتداری ئەم بنەماڵەدا گەلێک ڕووداوی گەورە لە کوردستان ڕووی داوە کە لە درێژەی ئەم بەشە ئاماژەیان پێ دەدەین.

## سەفەوییەکان کێن؟

سەفەوییەکان بنەماڵەیێکی ئایینین کە لە بنەڕەتا خەڵکی ئانادۆڵ بوون. هەتاکوو ئێستا بیروڕای زۆر سەبارەت بە ڕەچەڵەکی سەفەوییەکان هەیە، بەڵام گونجاوترینیان و جێ باوڕتریان ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە شێعە بوونە. بە بۆچوونی زۆرێک لە مێژوونووسانی فارسی و بریتانیایی ئەم بنەماڵەیە تورکمەنی شێعەی ئانادوڵن و لە بنەڕەتدا شێعە بوونە.
بەڵام بە پێی سەرچاوە عەرەبی و ئاڵمانیەکان، باوەگەورەی سەفەوییەکان شێخ سەفیەدین سۆفییەکی سوننە مەزهەب بووە، کە بە شێخ سەفیەدینی ئەردەبێڵی ناسراوە و پیاوێکی ئایینیە. لە نێوان ساڵانی 1252 تا 1335 زایینیدا، لە شاری ئەردەبێڵ ژیاوە و خاوەنی خانەقا و مورید بووە. سەفیەدین لە شاری ئەردەبێڵ دەستی کردووە بە موسوڵمان کردنی خەڵکی

ناوچەکە، بە تایبەتی تورک و مۆغۆلەکان کە توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆیدا ببینێتەوە.
لە ڕاستیدا سەرچاوە فارسی و بریتانیاییەکان سەبارەت بە شێعە بوونی سەفەویەکان، جێ باوڕترن، چۆن لەو سەردەمەدا وڵاتی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئاق قولوویەکانی سونە مەزهەب بووە.
هەروەها چەندین جار ئاق قولویە کان کوشت و بڕی زۆر لە بنەمـاڵەی سەفەوییەکان دەکەن کە ئەم فەکتەش دەیسەلمێنێت کە ئەگەر سەفەوییەکان سوننە بوون ئیتر چۆن ئاق قولوییەکان کوشت و بڕی هاومەزهەبەکانی خۆیان دەکرد؟
بۆیە لە بنەڕەتدا پەرە پێدانی بیر و بڕوای شێعە، هۆکاری سەرەکی ململانێ نێوان ئاققولوییەکان و سەفەوییەکان بووە.
پـاش شـێخ سەفیەدین، شـێخ جونەییـد، گەورە پیـاوی نێـو سەفەوییەکانە کە بە پێـی سەرچاوە مێژووییەکـان پەرەیێکـی زۆری بە ئایینی شێعە دەدات و زۆرێک لە لایەنگرانـی وەکوو ڕۆحـی خـودا ناویـان بـردووە و ئەم بیرۆکەیـان لە نـاو دڵ و هزری خۆیاندا چاندووە.
شێخ جونەید زۆر بەباشی توانیویە پەرە بە ئایینی خۆی بدات، بە تـایبەتی لەم کـارەدا تـوانی عەشیرەتی گەورەی قەرەمـانلو لە ئانادۆڵ بە شـێعە بکـات و خەڵکێکـی زۆر سـادە و برسـی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و وەکوو ڕۆحـی خـودا پێناسەی بکەن کە پاش ئەوان شا ئسماعیل دەگات بە دەسەڵات.

**شائسماعیلی سەفەوی کێیە؟**

شائسـماعیلی سەفەوی یەکێـک لە گەورە پیـاوانی نێـو بنەمـاڵەی سەفەوییەکان بـووە کە لە نێـوان سـاڵانی 1487 تـا 1524ز، ژیـاوە کە بە دامەرزێنەری ڕاسـتەقینەی دەوڵەتـی سەفەوی و

مەزهەبی شێعەی دوانزە ئیمامی ناوی دەبردرێت کە هەر لەم ڕێگایەشدا بە بووژاندنەوەی حوکمڕانی فارس لە ئێران دەناسێندرێت. لە کاتی گەیشتنی شا ئسماعیل بە گەورە پیاوی سەفەوییەکان، دەسەڵاتی هەردوو عەشیرەتی ئاق قولویووی سونە و قەرەقونلووی شێعە لەوپەڕی لاوازی دایە. ئەم هۆکارانە بەستێن ساز بوو بۆ کەسێک وەکوو شا ئسماعیل کە بتوانێت ئەم بارو دۆخە لە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەیدا بوگوازیتەوە کە توانی لەساڵی 1499 دا شاری ئەردەبیل وەکوو پێتەختی دەسەڵاتەکەی دەسنیشان کات کە دواجار لە ساڵی 1501دا پێتەختی وڵاتەکەی بۆ شاری تەورێزگواستەوە. هەروەها لە نێوان ساڵانی 1499 تا 1501 شا ئسمائیل توانی هەموو ئازەربایجان و چەن ناوچەی ئانادۆڵ بخاتە ژێر دەسەڵاتەکەی خۆی. شائسماعیل بەفەرمی مەزهەبی شێعەی دوانزە ئیمامەی کردە مەزهەبی فەرمی وڵاتی ئێران و زۆرێک لە سوننە مەزهەبەکانی لە شارەکانی ئێران وەکوو تەوریز و ئەردەبێڵ جینوساید کرد. دواجار شا ئسماعیل هێرشی کردە سەر میرنشینی دیاربەکر و خەڵک و سامانی ئەم میرنشینەی تاڵان کرد و زۆرێک خەڵکی کوردی بە هۆکاری سوننە مەزهەب بوون کوشت. لەو کاتەدا بە هۆکاری نایەکگرتوویی میرە کوردەکان سوپای شا ئسماعیل زۆرێک لە خاکی کوردستانیان داگیر و سوتاند، کە لەم هێرشانەدا خەڵک و سامانی کوردستان لەبەین چوونی زۆری بە خۆیەوە بینی. پاشتر شا ئسماعیل بەرەو مێرنشینی جەزیرە پێشڕەوی کرد کە لەلایان مێرنشینی جەزیرە کە سەرۆکایەتی ئەم میرە لەدەست میرشەرەفی کورد بوو، خۆڕاگریکی زۆر کرا، بەڵام بە هۆی نەبوونی هێزی بەرانبەر لە ئاکامدا شائسماعیل ئەم میرنشینەشی لە نێو برد و لەم کارەساتەدا سوپای ئسماعیل لە

هێچ کردەوەیکی نامرۆڤانە دەستیان نەپاراست و بەئاشکرا دەستدرێژیان لە کچانی کورد دەکرد. بە فەرمانی شا ئسماعیل لەبەر چاو میرشەرەف خان بۆ سوکایەتی کردن بە میرشەرەف دەستدرێژیان کردە سەر کچە خوشکەزاگەکەی.
مێژوونووسان سەبارەت بەم شەڕە هەر هەموویان لەسەر ئەوەی کە سوپای قزلباشی شائسماعیل هەر کەسێکیان بگرتبایە خێرا دەیان کوشت و هەموو شوێنێکیان دەسوتاند هاودەنگن.

## سوپای قزلباشەکان کێ بون؟

سوپای قەزلباشەکان شوێنکەوتووەکانی شا ئسماعیل بوون کە کڵاوێکی سووریان لەسەر دەکرد و لەسەری کڵاوەکەیاندا دوانزە پێچی وەکوو سیمبۆلێک بۆدوانزە ئیمامانی شێعە هەبووە.
سوپای قزلباشی یەکێک لە خوێن ڕێژترین سوپاکانی سەردەمی سەفەوییەکانە کە لە هیچ ڕەش کوژی و کۆمەڵکوژیکدا نیە کە دەستیان تێیدا نەبووبێت.
پاش ئەم ڕووداوانە و داگیر کردنی چەند میری دیکەی کوردی و ڕەشەکوژی دانیشتوانی، وەفدێکی کورد لەساڵی 1510 کە لەچەند هۆز و خێڵی کورد وڕیش سپیەکان پێک هاتبوون، بۆ چاوپێکەوتنی شائسماعیل بۆ شاری خۆی ڕۆیشتن کە لە جیاتی دانوستاندن و دیپلۆماسییەت هەرهەمۆیانی کوشت کە ئەم کارە بۆ چاو ترساندنی کورد وسەپاندنی مەزهەبی شێعە لە ناوچەکەدا بوو.

## هۆکاری بەرفەراوان بوونی دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە چی دا بووە؟

یەکەم هۆکــار، لە گـۆڕانی مەزهەبــی ســوننە بـۆ شـێعە دایە، بەتـــایبەتی کە ئەم مەزهەبە نـــوێیە خەڵکـــانێکی زۆری کە لە مەزهەبــی دەسەڵاتدارانی پێشــووی نــاوچەکە وەڕەز بــوون و هەروەهــا ئەو ڕەش و ڕوتــانەی کە بە هــۆی شـێعە بوونیــان هێزێکی نـوێ کەوتوبـووە دڵیـان، هەربۆیە بە کەڵـک وەرگرتـن لەم مەزهەبە نـــوێیە، تـــوانی گەشە بەدەسەڵاتەکەی خـــۆی لەنـاوچەکە بدات، کە بەپێـی هێنـدێک لە سەرچاوە مێژووییەکـان خـۆی وەکـوو ڕۆحـی خـودا پێناسەدەکرد ودەیگـوت خۆدا منـی نـاردووە کە لە ڕێگـای ئیمامـان دا شەڕ بکەم و لەهیـچ شـتێک بـاکم نیە. هەروەهـا بە دەسـتووری شـا ئسـماعیل بـۆ یەکەم جـار ڕستەی اشهد وان علی و الله وە حی علا خیر العمل لە بانـگدان و قــامەت بەســتندا داتاشــرا و پەیڕەویــان لەسەری کــرد، کە لەلایەن شائســماعیلەوەو بەزۆری بەسەر خەڵکــدا سەپێندرا و سوپای قەزەڵباشەکان کە پشـتیوانی بـوون بەزۆر و ڕەشەکوژی ئەم پرۆسەی شا ئسماعیلەیان جێبەجێ کرد.

دووهەمیــــــن هۆکــــــاری گەشەی دەسەڵاتی سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە بـۆ یەک نەگرتــوویی میرانــی کــورد کە سەرقاڵی کێبەرکێی نێوانی خۆیان بوون و هاوکات نەبـوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی لە باکووری وڵاتی ئێستای ئێران.

سـێهەم هۆکــاری گەشەی دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە گرینگــی پێنەدانـــی ئیمپراتـــووریەتی عوســـمانی لەسەر ناوچەکـــانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دایە، کە لەو سەردەمەدا سەرقاڵی بەرفـراوان کردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی باڵکـان و یوونانـدا بـوون. چـونکە لەپــاش ســاڵی 1456 دا کە شــاری قوسـتەنتەنییە یــان

ئستانبۆڵی ئێستا گیرا دەستیان بە بەرفراوان کردنی دەسەڵاتی خۆیان لە باڵکانی ئەورووپا کرد و تارادەییێکی زۆر گرینگیان بە رۆژهەڵاتی دەسەڵاتەکەیان نەدەدا کە ئەمەش زێرینترین هەل بوو بۆ شا ئسماعیل کە گەشە بەدەسەڵاتەکەی بدات.

چوارەم هۆکار لە گەشەی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا بۆ لاوازی سولتان بائیزیدی عوسمانی لە ساڵی 1481 تا 1512 هەڵدەگەڕێتەوە. سوڵتان بائیزید بایەخی بە گەشەی دەسەڵاتی سەفەوییەکان نەدەدا و تا ڕادەییێکی بەر چاو لە گەڵیان پەیوەندییێکی باشی هەبوو کە هەر ئەم پەیوەندییە هەلێکی دیکە بوو بۆ گەشەکردنی دەسەڵاتی سەفەوییەکان.

لەبەر ئەم هۆکارانە شائسماعیل رۆژ لە داوای رۆژ سنووری دەسەڵاتەکەی بەرفراوانتر دەکرد، بەڵام زۆری نەکێشا کە لەشەڕی چاڵدیران کە یەکێک لە گەورەترین وشوێندانەرترین شەڕی رۆژهەڵاتی ناو ڕاست دێتە ئەژمار، کۆتایی بە بەرفراوان خوازیکەی دەدرێت و شکست دێنێت.

**گرینگ ترین هۆکارەکانی شەڕی چاڵدێران**

1. هێرشی سەفەویەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و گرتنی بەشێکی خاکی کوردستان و بەرەو پێشەوە چوونی سەفەوییەکان بۆ ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانی.
2. سەپاندنی زۆرەملێی مەزهەبی شێعە بەسەر خەڵکدا لە تەنیشتی دەسەڵاتی وڵاتی عوسمانی کە مەزهەبیان سوننە بوو. کە ئەو پەرەپێدانەی شێعەگەرییە لە تەنیشت عوسمانییەکانەوە

لەلایێک ترەوە مەترسی دەخستە سەر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و ئاژاوەی نێو خۆیی سازدەکرد بۆیان. بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە شوێنە پیرۆزەکانی شێعەکان لە دیمشق و نەجەف و کەربەلای ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو و ئەگەری هێرشی سەفەوییەکانی بە هێزتر دەکرد.

3. هاندانی شێعەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەلایەن سەفەوییەکانەوە کە ببووە هۆکاری چەن شۆڕشێک لە دژی عوسمانیەکان. گەورەترین شۆڕش لە دژی عوسمانییەکان، شۆڕشی قزڵباشەکان لە ئەرزەنجانە کە نوێنەری شا ئسماعیل لەم شەڕەدا بەناوی نوورعەلی بەشداری کردبوو. ئەم کارە بەتەواوەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانی وەڕەز کردبوو و هانی دان بۆ شەڕ لە گەڵ سەفەوییەکان. ئەم شۆڕشە و چەن شۆڕشێکی دیکە لەلایەن شێعەکانەوە کێشەیکی گەورەی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ئەوکاتی عوسمانییەکان دروست دەکات و درێژەپێدانی سیاسەتی ئاژاوەنانەوە لەلایەن سەفەوییەکانەوە بەردەوامی دەبێ.

4. هۆکارێکی دیکەی روودانی ئەم شەڕە، دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانییەکانی شا ئسماعیل لە موراد و ئەحمەدی کوڕی بائیزید بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، کە سوڵتان سەلیم توانی لە کوودتائێکی سەربازیدا بگاتە دەسەڵات. بەڵام دەست تێ وەردان و پشتیوانی کردنی شا ئسماعیل لە براکانی بۆ گەیشتن بە تەختی دەسەڵاتداری لە بیر نەبردەوە و لە شوێنی تۆڵە دەگەڕا.

5. کەسایەتی شائسماعیل و سوڵتان سەلیم کە هەردووکیان دەستدرێژ و بەرفراوان خواز بوون، بەتایبەت شا ئسماعیل کە پڕ بوو لە ڕق و حەزی خوێن ڕشتن و بۆ شکەست دانی یەکتر

دەگەڕان، هۆکارێکی دیکەی ئەم شەڕە بوو.
بەپێی سەرچاوە ئینگلیزیەکان، سوڵتان سەلیم لە نێوان ساڵانی 1470 بۆ 1520، یەکێک لە بێ وێنەترین ڕم وەشێنەکانی سەردەمی خۆی دەبێ و هاوکات سوننە مەزهەبێکی سەرسەخت کە شێعەکانی لە دین وەرگەڕاو، لادەر و دوژمنی ئسلام ناو دەبرد.
لەو لاشەوە شا ئسمائیل بە رۆحی خودا(روح الله) لەلایەن هاو مەزهەبەکانیەوە ناوی دەرکربوو، کە هەمیشە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ قوربانی بوونیان لەسەر فەرمانی شائسماعیل. هاشمی ڕەفسەنجانی لە کتێبی ئەمیر کەبیردا شا ئسماعیلی بە شێری ئێران ناو دەبات و بەخوێن ڕشتن و دەستدرێژیەکانیەوە شانازی دەکات.

7. ئاشکرا بوونی ڕێکەوتننامەی نێوان شائسماعیل لەگەڵ پورتوگالییەکان، ئسپانییەکان و دەسەڵاتی مەمالک بۆ لەنێو بردنی ئمپراتووریەتی عوسمانی، سوڵتان سەلیمی زۆر تووڕە کرد بوو.
بەپێی سەرچاوە ئینگلیزییەکان وڵاتانی ئەورووپی بۆ گەیشتن بە کنار اوەکانی دەریای سپی بۆ بەرفراوان کردنی پاوان خوازیەکانیان لە بیری لە نێو بردنی دەسەڵاتی عوسمانیکاندا دەبن، بۆیە هاوپەیمانیان لەگەڵ سەفەوییەکان هەڵبژاردبوو. زانینی عوسمانیەکان بەو هاوپەیمانییە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەم شەڕە دەبێ.

8. زانایانی ئیسلامی ژێردەسەڵاتی عوسمانی بەردەوام هانی سوڵتان سەلیمیان دەدا بۆ ڕاگەیاندنی جیهادی پیرۆز لە دژی شێعەکانی سەفەوی، کە لە ساڵی 1514 دا ئەم جیهادە

ڕاگەیێندرا.

**ئامادەکارییەکانی سوڵتان سەلیم بۆ شەڕی دژی سەفەوییەکان**

1. ڕێکەوتنــی ئاشــتەوایی لەگەڵ هەریەک لە وڵاتــانی ڕووس، سـێربتا و مەجارسـتان بـۆ دڵنیـایی لە سـنوورە کـانی دیکەی دەسەڵاتی عوسمانی.

2. هەوڵـدانی سـوڵتان سەلیم بـۆ یـارمەتی وەرگرتنــی لە میـرە کوردییەکـــان لە شەڕی دژی سەفەوییەکان کە لە ئاکامـــدا بە یارمەتی مەلا ئدریسی بدلیسی توانی پشـتیوانی زۆرییــنەی میـرە کوردییەکـان بەدەس بهێنێـت. بەڵام میـری سـارۆخان خۆیـان لەبەرەی سەفەوییەکاندا گونجانـد، کە ئەمەش نیشـانی دەدات کە گرینگـــترین هۆکـــاری دابەش بـــوونی کوردســـتان لە نایەکگرتوویی میرە کوردەکاندا بوو.
سـوڵتان سەلیم لەکـاتی ڕازی کردنــی میـرە کوردییەکانـدا بـۆ شەڕی سەفەوییەکان، بەڵێنی دابوو کە دەسەڵاتی زۆرتر بەمیرە کوردەکـــان لە ولایەتەکـــانی عوســـمانی بـــدرێت و دەسەڵاتی میرەکان لە باوک بۆ کوڕەکانیان درێژەی پێ بدرێت.
مێژوونووسـانی زۆر ئەم یـارمەتییەی مەلائدریسـی بدلیسـی بـۆ یارمەتی دانی میرە کوردەکان بۆ شەڕی سەفەوییەکان، بە سەر شـۆڕی میـرە کوردەکـان لە بەرابەر عوسـمانییەکاندا لەقەڵەم دەدەن. چـونکە بەم کـارە سەربەخۆیی میـرە کوردەکـان زۆر سیاسیانە لێیان زەوت کرا و دواجـار عوسمانییەکان بەڵێنەکـانی خۆیـان تـا سەر نەبـرد و تەنیـا ویسـتبوویان میـرە کوردەکـان بەگژی سەفەوییەکاندا بدەن.

## دەسپێکی شەڕ

بە پێـی کتێـبی شەڕەفخانی بدلیسـی لەزسـتانی سـاڵی 1513 زائینیـدا سـوڵتان سەلیم بە لەشـکەرێکی 100،000کەسـییەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتـی دەسەڵاتەکەی بەڕێ کەوت. بەڵام بەپێـی سەرچاوە فارسییەکان ژمارەی سەربازانی عوسمانی بۆ زۆرتر لە 200000هەزار کەس دەگێـڕنەوە. هەروەهـا سەرچاوە مێژوویەکـانی ئینگلیـزی هەریەکە لە ژمـارەی سەربازانی عوسـمانی و سەفەویدا بە 140هەزار بـۆ 70 هەزار کەس ئەژماردەکەن.

هەردوو لەشـکەری سوڵتان سەلیم و شـا ئیسماعیلی سەفەوی لە 1514زائینیـدا لە دەشـتی چاڵـدێرانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەرەوڕووی یەک دەبنەوە کە تێیدا سپای عوسمانی سەرکەوت و سـوپای سەفەوییەکان کە تەنییـا 1500 کەسـیان لـێ مـابوو پاشەکشەیان کرد و شائسماعیل لە گۆڕەپانی شەڕەکە هەڵهات.

شتێکی دەگمەنی ئەم شەڕە بەشداری ژنـی شـا ئیسماعیل بـوو کە لە لەلایەن عوسمانییەکانەوە بەدیل گیراو دواتر لەلایـان سوڵتان سەلیمەوە وەکـوو سـوکایەتی بە شائسـمائیل بەیەکێـک لە فەرماندەکانی عوسمانی پێشکەش کرا.

## ئاکامی شەڕکە

1. لەئاکـامی ئەم شەڕەدا کە لە خـاکی کوردسـتان کـرا، دابەش کردنـی خـاکی کوردسـتانی لە نێـوان دوو دەوڵەتـی عوسـمانی و سەفەوی لێ کەوتەوە.

2. سـوڵتان سەلیم بەوەش ڕا نەوەسـتا و تەورێـزی پێتەخـتی

سەفەوییەکانی داگیر کرد و دواجار چۆڵی کرد.
3. سوڵتان سەلیم تۆڵەی خۆی لە مەمالەکەکان سەندەوە بە داگیر کردنی شام و میسر کە لەگەڵ سەفەوییەکاندا بۆ لەنێو بردنی عوسمانیەکان، هاوپەیمانیان واژۆ کردبوو.

هەروەک دکتور قاسملوو دەڵێت شەڕی چاڵدێران ئەو شەڕە نگریسەیە کەلە ئاکامدا خاکی کوردستان بەفەرمی دابەش کرا و تا ئێستا ئەم دابەش کارییە هەیە و دواتر لە ڕێکەوتننامەکانی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا دەردەخرێت کە ئەم شەڕە چەندە زیانی بە کوردستان گەیاندووە، کەتا ئێستاش چاڵدێران سنووری نێوان ئێران و تورکیەیە و دەکەوێتە خۆرئاوای شاری وانی باکوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## یەکەم شۆڕشی کورد دژی سەفەوییەکان

یەکەم شۆڕشـــــی کــــورد لە دژی دەسەڵاتداری بنەمــــاڵەیی سەفەوییەکان، سارم خانی کورد دەیکات. سارم خان توانیی لە ساڵی 1506ی زاییندا شاری ورمێ و شارەکانی دیکەی پارێزگاکە لەداگیرکەرانی سەفەوی ڕزگار بکات و ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە بگەڕێنێتەوە. هەرلەکاتی بەدەسەڵات گەیشتنی شائسماعیل کە بەردەوام لە هەوڵی سەپاندنی شێعەگەریدا بوو تا کاتی ڕاپەڕینی سارم خان هەر هەموو ناوچەکە لە بارودۆخی ئاڵۆزدا تێ دەپەڕی. ئەم شۆڕشە کە لەلایەن کوردی سوننە مەزهەبەوە دەکرێت لەزۆر بواردا لە دژی سەفەوییەکان بوو، بۆیە شا ئسماعیلی سەفەوی بۆ سەرکوتی ئەم شۆڕشە لەگەڵ تورکمەنەکانی ئەفشار هێرش دەکات سەر ورمێ ودیسان داگیری دەکات کە لەم شەڕەدا بۆ چاوترساندنی کوردەکان کە جارێکی دیکە شۆڕشێکی لەو چەشنە لە دژیدا دەست پێ نەکەنەوە و دیسان ببنەوە کێشەیێکی دیکە لە بەرانبەر دەوڵەتی سەفەویدا، لە هەموو شارەکە تاڵان و کوشت و بڕیکی زۆر دەکات ودواجار کەسێک بەناوی کوکجە سوڵتانی قاجار کە بە ڕەگەز تورک بوو دەکاتە حوکمڕانی شاری ورمێ و سەرلەنوێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر شارەکە دەسەپێنێت. لە کاتی دەسەڵاتداری شائسماعیل ئەم کەسانە لەپاش یەک دەبنە حوکمڕانی شاری ورمێ:
بوداق سوڵتان مافی، وەلی سوڵتان مافی و بەکر بەیگی موکری کە لە کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی سوڵتان موحەممەدی خودا بەندە، کوردان جارێکی دیکە لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی شۆڕێشێکی نوێ ڕێ دەخەن، کەتێیدا توانیان ورمێ و

شـارەکانی دیکەی ئەم پارێزگـایە ڕزگـارکەن، کە لەو کـاتەدا لە ژێـر حـوکمڕانی حوسێن خـان سـوڵتان خوبوشـلو و مەحمـوود سـوڵتان روملــودا بــوون. بەڵام دیســان ئەم شۆڕشە لەلایەن دەوڵەتی سەفەویەوە بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکرێتەوە.

**شاعەباسی سەفەوی**

لە ســاڵی 1588ی زاینیــدا شــاعەباس دەبێتە دەسەڵاتداری بنەمــاڵەی سەفەوییەکان و 41 ســاڵ حــوکمڕانی دەکــات. لەو کــاتەدا عەلــی مورادخــان دەکــاتە حــاکمە شــاری ورمــێ کە زۆرترین شـۆڕش و هێرش دژی دەسەڵاتی سەفەوییەکان، لەم نــاوچەیەدا دەکرێتە سەریان. بـۆیە شــاعەباس دوو کــاری زۆر گرینگی دژی کورد دەکات، کە بریتی بوون لە:
یەکەمیــان، گــۆڕانی دێمــۆگرافی ناوچەکــانی بــاکووری ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بــوو و دووهەمیــان بە کۆچ دانــی کوردەکــانی سەرانسەری ئازەربایجان(تەورێــــز، مەراغە، ئەردەبێــڵ) و پارێزگــای ورمــێ بــۆ خوراســان و هــاوردنی تورکمەنەکانی خوراسان بۆ ئەو ناوچانە. هەروەها کوشت و بڕی زۆری کوردەکان بۆ بە شێعە کردنیان. کە لە یەکەم ساتی گەیشـتنی شائسـماعیل بە دەسەڵات تـا ئێستە ئەم پڕۆسەیە هەر وەک خۆی لە دژی کورد بەکار دێت.
لەکاتی دەسەڵاتداری شاعەباسدا هەرهەموو ناوچەکانی خۆی، ورمــێ، مەراغە و سەڵماس لە ژێـر دەسەڵاتی میرانــی کـورددا بوون. میری برادۆست لەورمێ و میری دومبولی لە خۆی کە بەڕەگەز کورد بوون حوکمی ئەو ناوچانەیان دەکرد.
بۆ زیاتر تێگەیشتن لە هەلومەرجی ئەو کاتە کە میرەکان چۆن بــۆ بەرگــری لە دەسەڵاتی خۆیــان لە بەرانبەر داگیرکەرانــی

کوردستاندا و هەوڵی داگیرکەران بۆ لەنێو بردنی دەسەڵاتی کوردەکان، کورتە مێژویک لێرە باس ئەکەین.

بە پەیدابوونی ئۆغووزەکان یان ئاغۆزیان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، ورمێ و دەوروبەری بۆتە شەڕگەی نێوان کوردان و هێرشبەرە ئۆغووزەکان کە تورکەکانی ئەمڕوی ئازەربایجان لە تۆرەمەی ئەوانن. لە ساڵی 1805ز، خاکی ئازەربایجان خرایە ژێر دەسەڵاتی سەلجووقیەکانەوە، کە هەلاکۆی نەوەی چەنگیزخانی مەغۆل (لە سەدەی حەفتەمی کۆچیدا) ئازەربایجانی داگیرکرد و لە مەراغە و تەورێز تاوڵی حوکمڕانی هەڵ دا و شیرازەی ئەم وڵاتە بە جارێک تێکچوو. زۆربەی کوردانی هەدبانی یان هەزبانییەکان و زەرزا پەنایان بردە بەر شاهانی ئەییوبی لە میسر و شام. دیمۆگرافیای ئازرەبایجان بە جارێک شێوا و توخمی ئۆغوز و سەلجووقی تێکەڵ بە خوێنی مەغۆل لەم خاکە دەبێ. تەورێز و مەراغە کە دوو پێگەی گرنگی کوردانی ڕەوادی هەزبانی بوون، لەلایەن مەغۆلانەوە داگیرکران. لە رۆژگاری دوای مەغۆل، بەگزادەی برادۆست بوون بە حوکمڕانی دەڤەرەکە. میرانی برادۆست تا پەیدابوونی سەفەوییەکان تاکە دەسەلاتدار دەبن. پاش شەڕی داستانیی ئاسای قەڵای دمدم (1609ز) شاعەباسی سەفەوی بۆ زاڵبوون بەسەر کوردی موکری و برادۆست پەنای بردە بەر هۆزی گەورەی ئەفشار و لە خوراسان و کرمان هەشت هەزار نەفەری لە دەشتی ورمێ ئاکنجاندن بۆ نەهێشتنی مەترسی میرە برادۆستەکان کە هێشتا بالادەست بوون لە ناوچەکانی دۆل و مەرگەوەڕ و دەشتەبێڵ و تەرگەوەر. لە شەرفنامە باس لە زنجیرەی میرانی برادۆستی ورمێ کراوە. ترسی عەجەم لە هێرشی لە ناکاوی برادۆست و بڵباس و موکری بۆ سەر

مەراغە و تەورێــز هەر نەبــڕا، بــۆیە ناچـــار ســـەفەوی و قاجارەکـان هەنـدێك لە هۆزی چـاردۆلی کـوردی لەك کە شیعە مەزەبن لە لوڕستانـەوە هێنا و لە خواروی مەراغـە و میانـدواو لەکســتانییەکانی خــۆی نیشــتەجێ کــردن و هــۆزی کڵاوڕەشــی قەرەپەپاغیـان لە قەفقاسـەوە هێنـا، لە دەشـتی سـندوس و نـەغەدە دایانمەزراندن.

**میری دومبەلی**

دونبەلـــــی یــــان دۆنبەڵـــــی عەشــــیرەتێکی بە ڕەچەڵەک کـوردە(کورمانج)، کە دانیشـتووی نـاوچەکـانی خانـاتی خـۆی لە پارێزگـا و خانـاتی تەورێـز بـوون و بە زمـانی تـورکی ئازەری قسە دەکەن.

دونبەلی لە بۆتانەوە هاتبوون، کە ناوچەیێکی کـوردیی لە نێـوان سیرت و جەزیرەی باکووری کوردستانە، یەکەم باپیریان عیسـا بەگە، کە میری سەکماناوا یان ماکۆ بوو.

ئەو کـوڕەزای شـێخ ئەحمەد بەگە کە لە خـزمەت تورکمانـانی ئاق قۆیونلوودا دەبێ. هەروەها ئەم بنەمـاڵە چەنـدین پۆسـتیان لە دەوڵەتـی فارسدا بە دەستەوە بـوو. ئەحمەد بەگ کـوڕی حەجـی بەگ(حەجـی سـوڵتان) لە سەردەمی تاماسـپی یەکەمـی سەفەوی لە ئێرانــدا، میــری مــاکۆ ،خــۆی و دەوروبەری بــووە. ســاڵی 1530ز، بنەمـــاڵەی دونبەلـــی تـــوانی میرنشــــینێکی نیمچە سەربەخۆ لە نـــاوچەکە دابمەزرێنـــێ کە هەرێمـــی چـــورس و سەڵماســـی دەگــرتەوە. لە سەردەمی شاعەباســـی یەکەمـــدا ئەم بنەمـــاڵە میرنشـینەکەیان بـۆ چـورس و خـۆی پەرە پـێ دا و هەندێکجار بۆ دەسەڵاتی زۆرتـر شەڕیان دەکـرد. پـاش کۆتـایی هـــاتنی دەسەڵاتی سەفەوییەکان، میرانـــی دونبەلـــی لە ســـاڵی 1736ی زایینییەوە، بـوون بە خـانی میراتـی خـۆی و تـەورێـز.

خێڵـی دونبەلـی وەک حاکمـانی نیمچە-سەربەخۆ بـۆ نـزیکەی پەنجا ساڵ لە نێوان مەرگی نـادر شـای ئەفشـار لە سـاڵی 1747 تا بە پادشایەتی ئاغا موحەممەد خانی قاجـار لە سـاڵی 1796 ، حکـوومەتی خانـاتی خـۆی و هەروەهـا تەورێزیشـیان دەکـرد. ئەوان هەروەهـا هاوپەیمـانی سـێ خـانەدانی حـاکمی ئەفشـار، زەندیە و قاجار لە وڵاتی ئێراندا بوون.
یەکەم میری هەڵکەوتوو و دیـاری ئەم کـاتە نەجەف قـولی خـانە کە پاش کوشتنی شابازخانی یەکەمی بابی نەجەف قولی خان بە دەسـتی خـاڵی، ئەیـووب خـانی چـورس، بـوو بە جێنشـینی ئەو وەک میـری چـوورس و سەڵماس. سـاڵی 1734 نەجەف قـولی وەک سەردەسـتەی چەکـداران چـووەتە خزمەتـی نادرشـای ئەفشـار و لە داگیرکردنـی هێنـد، لەگەڵـی دەبـێ و نازنـاوی بە ئەمیـر ئەلئومەرای(میـری میرانـی) پـێ بەخشـرا و بـووەوە بە میری خۆی. ساڵی 1742 دەبێتە بەگلەربەگی(حاکمی حاکمـان) تەورێز. ساڵی 1747 بوو بە خانی حاکمی تەورێز و هەروەها لە سەردەمی جێنشینانی نادرشـاش هەر لەم پۆستەیە مـایەوە. لە شەڕی جێنشینی نێوان چەندین داواکاری پادشایی وڵاتی ئێران، نەجەف قـولی خـان و شـاباز خـانی دووهەمـی بـرازای سـاڵی 1750 چوونە پـاڵ فەتح عەلـی خـانی ئەفشـاری-ئەرەشلووی ورمـێ. حکـوومەتی خـۆی و سەڵماس بە شـاباز خـانی دووهەم بەخشرا و نەجەف قولی خان تەورێـز و چوورسـی بە دەستەوە بوو. پـاش مەرگـی فەتح عەلـی خـان، سـاڵی 1757، خانەکـانی دونبەلـی بەڵێنـی سـۆز و وەفـاداری خۆیـان بە محەمەد حەسەن خانی قاجار دا. ساڵی 1762 بەڵێن و پەیمانیان بە کەریم خـانی زەند دا. ئەو لە ساڵی 1763 عەبدولڕەزاق بەگـی کوڕی وەک بـارمتە نـارد بـۆ شـیراز. ئەگەرچـی نەجەف قـولی خـان وەک میـری ئارام لە خانـاتی خـۆی مـایەوە و شەهباز خـان وەک

حاکمی خۆی مایەوە لە شیراز، دەسەڵاتی ڕاستەقینێی دونبەلی بە دەستی ئەمیر ئەحمەد خان برای شەهباز بوو، کە لە 1763 تا کاتی مەرگی لە 1786 وەک بەهێزترین میری دونبەلی و ڕکەبەری ئاغا موحەمەد خان بۆ سەرۆکایەتی وڵاتی ئێران دەبێ. لە ئەنجامدا ساڵی 1786 ئەحمەد خان لەگەڵ کوڕە گەورەکەی بە دەستی کوڕەکانی شەهباز کوژران، کە ڕەنگە بە ئەمری شای قاجار کردبێتیان. کوڕی دووهەمی ئەحمەد خان واتە حوسەین قولی خان ساڵی 1786 بوو بە جێنشینی باوکی. ساڵی 1791 ئەو لەگەڵ ئاغا موحەمەد خان و خانەدانی قاجار پەیمانی بەست و بوو بە میری تەورێز، خۆی و ئەردەبیل. ساڵی 1792 حوسەین قولی خان بوو بە ئەمیرەلئومەرا و بەگلەربەگی ئازەربایجان. ئەو هەروەها لە ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی پاشایەتی ئاغا موحەمەد خان لە دەشتی موغان بەشدار بوو. لەوێ بوو کە ئاغا موحەمەد خان خۆی وەک شاهەنشا و ئیمپراتۆری سەرانسەری مەمالکی مەحرووسە ناساند. ساڵی 1793 کاتێک بوو بە هاوپەیمانی ئیبراهیم خالی خانی جەوانشیر حاکمی قەرەباغ و کچی ئەوی خواست، لەبەر چاوان کەوت. پاش مەرگی حوسەین قولی خان لە ساڵی 1798 برای جوانتری واتە جەعفەر قولی خان بوو بە جێنشینی. هەروەها لەگەڵ دوو شەڕی رووس و عەجەم، حکوومەتی دونبەلییەکان لە ساڵی 1809 کۆتایی پێ هات و دەسەڵاتی ناوچەیی ئەوان لە ساڵی 1827 تەواو بوو. بەڵام ئەندامانی بنەماڵەکەیان چەندین پۆستی حکوومەتییان لە ئازەربایجان و پارێزگاکانی تری وڵاتی عەجەم بەدەستەوە بوو.
لقێکی تر لە دونبەلییەکان چووبوونە کاشان و ئەندامی بەرچاو و بەناوبانگی ئەوان فەتح عەلی خانی سەبای دونبەلی " مەلەک ئەلشوعەرا"، شاعیر و نوسەری سەردەمی قاجار لەم

عەشیرەتە یە.
شاعەبباس لە ساڵی 1603ز، شاری تەورێز و پاشان ساڵی 1605 شاری ئێرەوان کە پێتەختی ئێستای وڵاتی ئەرمەنیایە داگیر دەکات و لە ساڵی 1606دا سنان پاشا چوغال ئوغلو هێرش دەکاتە سەر شاری ورمێ کە لە تۆڵەی داگیر کردنی تەورێز وئێرەوان دەیکات.
شاعەباس بۆ بەرگری لە سنوورەکانی دەسەڵاتەکەی (سوبحا نوردی خان) دەکاتە حوکمڕانی ورمێ کە بتوانێت بەر بە سوپای عوسمانی بگرێت کە لەو کاتەدا سوپای عوسمانی لە سۆمای برادۆست ئامادەی هێرش بۆسەر ورمێ دەبن.
ئەمیر بەگ خان، حاکمی سۆمای برادۆست پێش بە سوپای عوسمانی دەگرێت ولەو شەڕەشدا دەستێکی لە دەس دەدات کە دواجار بەیەک دەس ناو بانگ دەردەکات.
ئەمیربەگ خان بەهۆی بەرگرییە قارەمانانەکەی لەساڵی 1606دا بە فەرمانی شاعەباسی سەفەوی دەبێتە دەسەڵاتداری شاری ورمێ.

**شۆڕشی ئەمیر بەگ خان**

ئەمیربەگ خان لە ساڵی 1639ی زاینیدا لە قەڵای دمدم لە دژی شاعەباس شۆڕش دەکات و هەرهەموو ناوچەکانی شاری ورمێ لە سەفەوییەکان پاک دەکاتەوە و ترسێکی گەورە لە دڵی حکوومەتی سەفەوییەکاندا دروست دەکات. بۆیە حکوومەتی سەفەوی بۆ داگیر کردنی ورمێ جارێکی دیکە سوپاییێکی گەورە لە تەوریز بۆ ورمێ بەڕێ دەکات کە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هەردوولا لە ورمێ خولْقا، بەڵام نەیان توانی قەڵاکە داگیرکەن تاکوو لەڕێگای کەسێکی نێو قەڵاکە

شوێنی سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە پەیدا کرا و ئاوی قەڵاکەیان لە سەر ئەمیربەگ خان و خەڵکی نێو قەڵاکە دادەخەن، کە ببووە هۆکاری سەرەکی شکەستی شۆڕشەکە. بۆیە جارێکی تر سپای داگیر کەری سەفەوی قەڵاکە دایگر دەکات و ئەمیربەگ خانیش دەسبەسەر دەکەرێت کە پاشان لە تەوریز دەکوژرێت. سوپای شاعەباس کە بریتی بوون لە تورکانی قەزەڵ باش، دەستیان کرد بە کوشتنی خەڵکی کوردی بێتاوانی نێو قەڵای دمدم و قەڵاکەیان تاڵان کرد و ئاگریان تێبەر دا.

پاش ئەم رووداوە جارێکی تر برازای ئەمیربەگ خان بەنیاز بوو بە یارمەتی عەشیرەتە کوردەکانی موکریان لە قەڵای دمدم دیسانەوە دژی شا عەباس شۆڕشێکی دیکە ڕێ بخات کە لەو کاتە حاکمی ورمێ پێیان دەزانێت و لە پیلانێکدا دەسبەسەریان دەکات. شاعەباس کە دەبیسێت کوردەکان دیسان هەوڵی ئەوەیان داوە لە قەڵای دمدم شۆڕێشێکی دیکە لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەری سەفەوی بەڕێ بخەنەوە دەستوور دەدات قەڵای دمدم کاول بکەن و شوێنی حوکمڕانی شاری ورمێ بۆقەڵای تۆپراق بگوزرێتەوە، کە هۆکاری ئەم کارەی شاعەباس لە ترسی سەرهەڵدانێکی تری کوردەکان بوو. پاش ئەم ڕووداوانە لە دوو شاری موسڵ و بەغدا لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا شەڕیکی گەورە ڕووی دا کە لە ئاکامدا شاری موسڵ لە لایەن عوسمانیەکانەوە داگیر دەکرێت و شاعەباس لەترسی ئەوەی کە عوسمانییەکان پەلاماری شاری ورمێ بدەن چەندین خێڵ لە عەشیرەتی ئەفشاری تورکمەنی خوراسان و کرمان دەگوازێتەوە بۆ ورمێ کە شوێنی جێگیرکرانی ئەو عەشیرەتە بەم شێوەیە:

گوندوزلوو لە دۆڵ، قەرەقلوو لە رۆزە، کەهکلوویە لە نازلۆ، ئیمانلوو و بەشێک لە ئەرشلوو لە ورمێ، قاسملوو لە سایین

قەڵا و بەشـێکی تـری ئەرشـلوو لە شـنۆ و نەغەدە کە لەلایەن شاعەباسەو، کەلبەعلـی خـان کە بڕەوێکـی زۆری پـێ بـوو دەیکـاتە حـوکمرانی شـاری ورمـێ. لە دژی ئەم کـردەوەی شاعەباسەدا تەمیرخـان و میرمراخـان شۆڕشـی دیکە هەڵدەستن و قەڵای دمدم جارێکی تر ئاوەدان دەکرێتەوە و دەبێتە ناوەندی شۆڕشەکەیان کە لە ئاکامـدا دووبـارە دەسەڵاتی سەفەوی قەڵاکە داگیـر ئەکـات و کـورد جـارێکی دیکە تووشـی سەرکوت و کوشـت و بڕیکـی دیکە دەبێتەوە. پـاش ئەم رووداوە بـرازای کەلبەعلی خـان دەبێتە حوکمڕانی ورمـێ و پاشـان چەن کەسـی تر بۆماوەی چەند ساڵ لە پاش یەک دەبنە حوکمڕانی ورمـێ و لەم ماوەدا ئیتر ڕووداوێکی ئەوتۆ لە ورمێ ڕونادات.

لە کاتی حوکمڕانی خوداداد خانی بیگلێربەگی، هۆزی بڵباس لە دژی نـاوبراو شـۆڕش دەکـات و چەنـدین شـوێن لە ورمـێ و دەوروبەری دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و ئەبنە مەترسییەکی زۆر گەورە لە دژی دەسەڵاتی سەفەوییەکان، کە بەداخەوە دیسـان دەسەڵاتی سەفەوی جـارێکی تـر ئەو شۆڕشەی کـورد سەرکوت و سەرکردەکانی کـورد دەکـوژێت و هەرهەمـوو ئەو ناوچـانە کە لە ژێـر دەسەڵاتی هۆزی بڵباسدا بـوو دەخەنە ژێـر دەسەڵاتی خۆیـانەوە و دواجـار مـوحەممەد قاسـم خـان وەکـوو نـوێنەری حکـومەتی ناوەنـدی دەکەنە حـاکمی شـاری ورمـێ و دەسەڵاتداری ورمـێ کە لەم کـاتە قاسـم خـانی ئەفشـار هێـرش دەکاتە سەر ورمێ کە هێرشەکەی لەلەیـان حـوکمڕانی پێشـووی ورمـێ تێـک دەشـکێت کە پاشـان قاسـم خـان لە شەڕی دژی عوسـمانییەکاندا لەسەردەسـتی یووسـێف پاشـای عوسـمانی دەکـوژدرێت و ورمـێ دەکەوێتە ژێـر دەسەڵات و چـاوەدێری عوسمانییەکانەوە.

# بەشی پێنجەم

## سەردەمی ئەفشارییە

لەساڵی 1735ز، نادر شای ئەفشار کە لە عەشیرەتی تورکمەنی ئەفشاری خوراسانە دەبێتە دەسەڵاتداری وڵات کە ناو براو لە یەکەمین هەنگاودا سوپایێکی گەورە و بەهێز بۆ شەڕی عوسمانییەکان ڕێک دەخات و لە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان سوپای نادرشا و عوسمانییەکاندا کە لە نزیکی شاری سایین قەڵادا ڕوودەدات، نادرشای ئەفشار توانی عوسمانییەکان تێک بشکێنێ و شارەکە داگیرکاتەوە. بەڵام شەڕی نادرشا لەگەڵ عوسمانییەکان کۆتایی پێ نایێت و بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەسەر عوسمانییەکان دەستووری بە بیستون بەگ و براکەی دەدات کە هێرش کەنە سەر شاری ورمێ و عوسمانییەکان بۆ سەر سنووری دیاری کراوی لەپاش شەڕێ چاڵدێران وەدەرنێن. کە لە ئاکامدا توانییان شاری ورمێ داگیر بکەن و یوسف پاشای فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی بە دیل بگرن و دواجار بەدەستووری نادرشا دەیکوژن. نادر شا پرو بەگ دەکاتە حاکمی شاری ورمێ کە بە کەسێکی نزیک لە نادر شا ناو دەبرێ.

لە کاتێ پرو بەگ دەبێتە حاکمی ورمێ، سوپای عوسمانی بەسەرۆکایەتی عەلی پاشا هێرش دەکاتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەکانی خۆی و سەڵماس داگیر دەکات و پاشان مەراغە و تەورێز دەخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی، بەڵام لەم شەڕانەدا ناو براو نەیتوانی شاری ورمێ داگیر بکاتەوە.

نادرشا، حاکمی ورمێی لەبەر ئەوەی توانی بەرگری لە شاری

ورمــێ لە بەرانبەر هێرشـــی عوســمانیەکاندا بکــات، دەکــاتە فەرماندەی هێزەکانی سوپای ئەفشارەکان و عاشوورخان دەکاتە حـاکمی شـاری ورمـێ بۆ بەرگری کردنـی شـارەکە لەبەرانبەر هێرشی عوسمانییەکاندا.

## بەشی شەشم

## ورمێ لە کاتی زەندییە

زەنــدییەکان بنەمــاڵێکی کوردبــوون کە لە ســاڵانی 1750 تــا 1794 حکوومەتیان دەکرد. بۆ یەکەم جار کەریمخـانی زەند( 1705-1779ز، دامەزرێنەری دەسەڵاتی زەندییەکان)، تـوانی لە دوای هەڵوەشـاندنی دەسەڵاتی نـادر شـای ئەفشـار ئاسـایش و ئارامی بۆ وڵات بهێنێتەوە.
پێتەختی زەندییەکان شاری شیراز بوو، کە لە باشووری وڵاتـی ئێستای ئێرانەوە هەڵکەوتووە.
دوای کەریـم خـان بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ حکـوومەت لەلایەن چەند جێنێشینی کەریم خانەوە بەڕێوە دەبرا تا لە کۆتاییدا لوتف عەلی خان گەیشت بەدەسەڵات کە بە کەسێکی زۆر عادڵ بەناو بــانگە و لەئاکامــدا لە شــاری بەم لە وڵاتــی کرمــان بەدەســتی ئاغـاموحەممەد خـانی قاجـاڕ دەکـوژرێت و کۆتـای بەدەسەڵاتی زەندییەکان دێت.

وێنەی کەریم خانی زەند



مێژوونووسان دەگێڕنەوە کە لە کاتی شەڕی نێوان زەندییەکان و قاجارەکاندا لە شارەکانی کرمان و بەم، تورکانی قاجاڕ لە هیچ بێ ئخلاقییێک، دەسیان نەپاراستووە و بە ئاشکرا دەستدرێژیان لە ناموسی خەڵک دەکرد کە هەتاکوو ئێستاش دەیان چیرۆک سەبارەت بەو ڕووداوە دەگێڕنەوە.



زەندییەکان خاون ئاڵاییێکی تایبەت بۆ خۆیان دەبن کە تەختی ئاڵاکە سپی دەبێ و وێنەی شێرێک و خۆرێک لەسەرپشتی شێرەکە بووە و هێڵێکی بەڕەنگی سەوز بەدەور ئاڵاکەدا کێشراوە.
لە کاتی دەسەڵاتداری زەند، بەدەستوری کەریم خان، روستەم خانی قاسملوو کرا بە حاکمی شاری ورمێ کە دواتر لە ساڵی 1802ز، لەلایەن خەڵکی شارەکەوە لە تۆڵەی زوڵم و زۆرەکانی، لە سەر خەڵکی ناوچەکە دەکوژرێت و پاش ناوبراو کەریم خانی زەند ناچار دەبێت کەسێکی دیکە وەکوو نوێنەری خۆی لە ورمێ بکات بە حاکمی شار کە ئەو کەسە رەزاقولی خانی بیگلەربەگی دەبێ. ناوبرا بەهۆی نەخۆشی و پیری ساڵی 1806ز، دەمرێت و کوڕەکەی بەنێوی ئیمام قولی خان لەلایەن کەریم خانی زەندەوە دەکرێت بە حاکمی شاری ورمێ کە بەداخەوە زانیارییێکی زۆرترسەبارت بە دەسەڵاتی زندییەکان لە ورمێ لەبەر دەست دا نیە.

## بەشی حەوتم

### ورمێ لەسەر دەمی قاجاڕەکاندا


کورتەیێک سەبارەت بە ڕەچەڵەکی قاجاڕەکان

قاجارەکان بنەماڵەیێکی بەڕەگەز تورک بوون کە لە دەوروبەری ساڵی 1794ی زایینی هەتا 1925 لە ئێران حکومەتیان کردووە.
هۆزی قاجاڕ یەکێ لە هۆزە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست

بوون کە لە هێرشی مەغولەکاندا هەڵاتن بۆ ئێران.
سەرەتا لە ئەرمەنیا نیشتەجێ بوون و دواتر شاعەباس تاقمێکیانی گواستەوە بۆ ئێستەرئاباد (گۆرگانی ئەمڕۆ).
بناغەدانەری زنجیرە پادشایی قاجاڕەکان، ئاغا موحەممەد خانە و دوایین پادشای قاجاڕیش ئەحمەد شا بووە. کە ڕەزاخانی پەهلەوی کۆتایی بە دەسەڵاتی قاجاڕەکان دێنێ و دەسەڵاتی پەهلەوییەکان دا ئەمەرزێنێ.
لە دوای تێکچوونی دەسەڵاتی قاجاڕەکان، بەشێکیان لە ئیران دەرۆن بۆ تورکیا و بەشێکیان دەڕۆنە عێراق، کە دیارترینیان ئێستا لە پارێزگای هەولێر لە سنووری باڵەکایەتی نیشتەجێن، کە نەوەکانی شێخ ناوخۆشیان پێ دەگوترێ و لە سنووری قەزای چۆمان لە گوندی دێڵزە نیشتەجێن و تا ئێستاش بە قاجارییەکان ناسراون.

**ئاغاموحەممەدخانی قاجاڕ**

**وێنەیکی ئاغاموحەممەدخان**



لەساڵی 1782ز، ئاقا موحەممەد خانی قاجاڕلە شاری ساری مازەندەران دەسەڵاتی خۆی ڕادەگەیێنێت و خۆی وەکوو پاشا ناودەبات کە لە پاش لە ناو بردنی ملۆزمەکانی لە شاری تاران لە نەوروزی 1786ز، تاجی پاشایەتی لەسەر دەکات و لەیەکەمین ساڵی دەسەڵاتی قاجاڕەکاندا هێرش دەکاتە سەر قەرەداغ وداگیری دەکات. پاشان بۆ داگیر کردنی شاری ورمێ موحەممەد خانی عێزەدین لوو لەگەڵ سێ هەزار سەرباز ڕادەسپێرێت. لەو کاتەدا موحەممەد قولی خانی ئەفشار قاسملوو حاکمی ورمێیە کە کاتێک دەزانێت قاجاڕەکان بە نیازی داگیر کردنی ورمێ بەڕێوەن حوکمی شارەکە دەداتە دەستی براکەی و خۆی بۆ شاری شنۆ هەڵ دێت. قاجاڕەکان شاری ورمێ داگیر دەکەن و سروەت و سامانی خەڵکی شارەکە تاڵان دەکەن.

**فەتح عەلی شای قاجاڕ**

ئاغا موحەممەد خان بە پێی زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان یەکێک لەو شاهانەیە کە لە ترسی دەسەڵاتەکەی هەرهەموو بنەماڵەی خۆی دەکوژێت و تەنیا برازاگەکەی بە نێوی فەتحعەلی شا ناکوژێت و وەکوو جێنێشینی خۆی دای دەنێت.
ناوبراو لە لەکاتی هێرشەکانی بۆ سەر وڵاتی گورجستان لەلایەن چەند سەربازێکی نێو سوپاکەی لەکاتی خەو دەکوژدرێت.
لەساڵی 1832 فەتحعەلی شای قاجاڕ دەگاتە دەسەڵات و موحەممەد قولی خانی حاکمی ورمێ دەبیسێت کە لەلایەن

دەربـاری فەتح عەلـی شـاوە بە خـائێن نـاوی دەبرێت کە گـوایە لەکاتی داگیر کردنی قەڵای شووش خیانەتی کـردووە. بۆیە نـاو بـراو خۆی ئامـادە دەکـات کە بە هێرشێک پێتەختی قاجارەکـان داگیر بکات. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ سەرۆک خێڵەکان لە بـاخی عەتائەڵڵاخـــانی شـــکاک لە تەورێـــز کـــۆ دەبێتەوە کە لەو کۆبوونەوەدا ئەم کەسانە بەشدار دەبن:
جەعفەر قولیخانی دومبۆلی لە خۆی، ئەحمەد خـانی مـوقەدەم لە مەراغە، گورگین خان لە گورجستان، موحەممەد خانی حـاکمی ئێرەوان، عەباس قولیخانی نەخجەوان، بوداغ خـانی مـوکری لە مەهاباد، مەحموودخانی ئەفشارلەسایین قەڵا، قاسم خـانی زرزا لە شـنۆ، حەمـزە ئاغـا لە خانەکـانی بڵبـاس و مامەنـد ئاغـا لە سەرۆک خێڵی بالک، پێکەوە لە ساڵی 1832 هەتاویدا هێرش دەکەنە سەر تـاران. کاتێـک فەتحعەلـی شـا دەبیسـێت، کـامران میرزا بۆ لە ناو بردنیان دەنێرێت کە لە ئاکامدا هەر دوولا پاش شەڕێکی قـورس ئاگربەست دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی کـامران میـرزا تەنیـا گرتنـی کـات ئەبـێ بـۆ بەهێـز کردنـی سوپاکەی. موحەممەد قولی خان بۆ ورمـێ دەگەڕێتەوە و خـۆی بـۆ شەڕیکی دیکە ئامـادە دەکـات. بەڵام حوسێن قـوڵی خـان لە کاتی هێرشی کامران میرزا خیانەت لە موحەممەد قولی خـان دەکات و شاری ورمـێ لەلایەن قاجارەکـانەوە داگیر دەکرێت و حوسێن قولی خان دەکرێتە حاکمی شار و موحەممەد قولی خان دەسبەسەر دەکرێـت و بـۆ مازەنـدەران دوور دەخـرێتەوە. پـاش چەن مانـــگ بە دەســـتی چەنـــد کەســـی خەڵکـــی مازەنـــدەران دەکوژرێت.

**داگیر کردنی ورمێ لەلایەن رووسیەوە**

لە ساڵی 1864 شاری ورمێ لەلایەن رووسەکانەوە داگیر دەکرێت کە ئەم داگیر کردنە لە ئاکامی شکستەکانی حکوومەتی قاجار لە بەرانبەر رووسەکاندا دەبێ. لەم ساڵەدا لە نێوان رووسەکان و قاجارەکاندا پەیمانێک بە ناوی تورکمەنچای دەبەسترێت کە بە پێی ئەو پەیمانە دەوڵەتی قاجار بە دەسپێکەری شەڕەکە ناسێندرا و سزا دەدرێ کە تاوانەکەی بەم شێوە دەبێ:

دەوڵەتی قاجار دەبێت دە کروور لە باتی شەڕەکە بە دەوڵەتی رووسی تێزاری بدات کە حەفت کروری نەخت و سێ کروری بە چەند جار دەبێ بیدات. کە لە گرەوی دانەوەی ئەو سێ کرووە، سێ شارلە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی قاجار لە ژێر دەسەڵاتی رووسەکاندا دەمایەوە کە ورمێ یەکیکیان بوو.

لە ساڵی 1867 ئیلچی رووسیە لەتاران دەکوژدرێت و دەوڵەتی قاجار بۆ لێبوردنی رووسەکان کە ترسی ئەوەیان بوو جارێکی تر لەلایەن رووسیەی تزارییەوە هێرش کەنە سەریان، بۆیە بەمەبەستی پێشگیری لەشەڕیکی دیکە دەوڵەتی قاجار خەسرەو میرزاییان بۆ لێبوردنی رووسیە لەلایەن فەتحعەلی شاوە ڕادەسپێردرێت بۆ مۆسکۆ، کە لەوێ لەگەڵ رووسەکان دانوستاننی زۆر دەکات کە لەم چاوپێکەوتنانە دایە کە تێزاری رووسەکان یەک کروور لە تاوانەکەی دەوڵەتی قاجار دەبەخشێت و شاری ورمێ لە گرەوی رووسەکان دەرهات.

**پەتای تاعوون لە ورمێ**

زۆر ناخایێنێ کە لە دوای چوونە دەرەوەی رووسەکان لە ساڵی 1868دا پەتای تاعوون لە ورمێ پەیدا دەبێت و دەبێتە هۆی لەنێو چوونی خەلکێکی زۆر لە ورمێ و دەوروبەری. کە هۆکاری سەرەکی ئەم لە ناو چوونە، بە هۆی نەبوونی پێداویستیە پزشکیکان و زانیاری لەسەر چۆنیەتی دەرباز بوون لەم نەخۆشیەدا بوو، کە لەو سەردەمە لە شاری ورمێ نە نەخۆشخانەیێک ڕێکو پێک وەکوو تاران، تەورێز یان شیراز بوونی هەبوو، نەش پزێشکی زانا کە شارەزای لە چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ نەخۆشیەکە هەبووبێت.
لە ساڵی 1869 ئیبراهیم خانی قاجار دەبێتە حاکمی شاری ورمێ کە کەسێکی زۆر زاڵم دەبێ ولە ئاکامی زوڵمەکانیدا خەڵکی ورمێ وەکوو ساڵانی پێشوو جارێکی دیکە لەبەرانبەر زوڵم و زۆری حاکمی دەستنیشانی حکوومەتی ناوەندی بە سەرۆکایەتی حەمید خانی شێخ ئیسلامی لە دژی حاکمی شار شۆڕش دەکەن کە لە ئاکامی ئەم رووداوەدا دەوڵەتی قاجار لەترسی خەڵک، ئیبراهیم خان لە حوکمی شار دوور دەخاتەوە و لە جێیاتی ناوبراو، جەهانگیرمیرزا دەکرێتە حاکمی شار، بەڵام زۆر ناخایێنێ کە ناوبراو هەر وەکوو ئیبراهیم خان زۆر ناعادڵ و زاڵم دەرکەوت و دەستی کرد بە عەزیەت و ئازاری خەڵکی ناوچەکە. جەهانگیر میرزا کە کاتێ زانی عەباس میرزای جێگری فەتح عەلی شا دەمرێت، خۆی ئامادە بۆ گەیشتن بە جێنێشینی فەتحعەلی شا دەکات و دەکەوێتە بیری داگیر کردنی تاران کە حکوومەتی ناوەندی و فەتح عەلی شا، چەندین ڕاپۆرتیان لەسەر هەڵوێستەکانی جەهانگیر میرزا و پیلانەکانی لەلایەن دەوروبەرەکانی جەهانگیرمیرزاوە پێدەگات و لەلایەن فەتحعەلی شاوە لە حاکمی لادەبردرێت و لە جیاتی نەجەف قولی خان لەلایەن فەتحعەلی شاوە دەکرێتە حاکمی

ورمێ، کە تا ساڵی 1877 حوکمی ورمێ دەکات و دواجار لە کاتی دەسەڵاتی حەمە شای قاجاڕ لادەبردرێت و مامۆی نەجەف قولی خان بەناوی مەلک قاسم میرزا دەبێتە حاکمی شاری ورمێ. ناوبراو وەکوو حاکمە پێشوەکانی دیکەی ورمێ زۆر زاڵم دەبێت و زڵم و زۆریکی زۆر لە سەرخەڵکی ناوچەکە دەکات.

لە ساڵی 1881 یەحیاخانی کوڕی موستەفا خانی حەکاری کە لە بەگ زادەکانی حەکاری باکووری کوردستان دەبێ، خوشکی خۆی دەداتە حەمەشای قاجاڕ کە لە وڵامی ئەم خزمایەتیەدا حەمەشا دوو ولایەتی خۆی و ورمێ دەداتە یەحیا خان کە کەسێکی زۆر عادڵ دەبێت و ئەبێتە هەوینی ئاسایشی ناوچەکە لە پاش زوڵم و زۆری چەندین ساڵەی چوار حاکمی پێشووی ناوچەکە.

لە ساڵی 1885 موحەممەد شای قاجار دەمرێت و ناسرالدین شای قاجاڕ دەبێتە دەسەڵتداری قاجاڕەکان، کە لەلایەن ناسرەدین شاوە، نەجەف قولی خان دیسان دەکرێتەوە حاکمی شاری ورمێ و کوردەکان کە زانییان نەجەف قولی خانی زاڵم دیسان کراوەتەوە بە حاکمی شار لە دژی ئەم بڕیارەی ناسرەدین شا شۆڕش دەکەن. بۆ لەنێو بردنی شۆڕشەکە حەمە ڕەحیم میرزا کە جێگری ناسرەدین شایە، لەلایەن شای قاجاڕەکان بۆ سەرکوتی کوردەکان ڕادەسپێردرێت و لە ئاکامدا پاش چەندین شەڕ و پێکدادان لە نێوان قاجاڕەکان و کوردەکان حەمە ڕەحیم میرزا توانی شۆڕشەکە لەناو ببات و بۆ ماوەی دووساڵ تا ساڵی 1888 حوکمی شارەکە بکات. پاشان نەواب موستەفا قولی میرزا، برای حەمەڕەحیم میرزا دەبێتە حاکمی ورمێ، کە لەم ساڵانەدا جارێکی تر تاعوون لە ورمێ پەیدا دەبێت و خەڵکێکی زۆر لەنێو دەبات. دواتر لە پاش یەک، هەر

له ساڵی 1898 تا 1905ز، ئەم کەسانە یەک لە دوای یەک بۆ ماوەیێکی کورت دەبنە حوکمڕانی ورمێ و ناوچەی هەرێمی ورمێ:
ئەسەدوڵڵا خان و دوای دوساڵ مەلک مەنسور میرزا و لە ساڵی 1905 موعین الدولە ئەحمەد میرزا، دەبنە حاکمی شاری ورمێ و هاوکات لەکاتی دەسەڵاتی ئەحمەد میرزادا، نەخۆشی وەبا لە ورمێ پەیدا دەبێت ودیسان خەڵکێکی زۆر لە نێو دەچن و لە ساڵی 1918 ئێقبال الدولە دەبێتە حاکمی شاری ورمێ.
شاری ورمێ تاکاتی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا شاهێدی ڕوداوێکی زۆرگرینگ نابێت.

## شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی

هیچ کام لە شۆڕشەکانی کورد لە سەدەکانی 18و 19 زائینیدا بەقەد شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یان شەمزینی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان و زێل هێزانی جیهانی و ناوچەیی گرنگ نەبووە. هەروەها هیچ شۆڕشێک بە قەد ئەم شۆڕشە، نووسین و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی بەدوای خۆیدا نەبووە، کە هۆکاری دەگەڕێتەوە سەر شێوەی جیاوازی بیرکردنەوەی کورد لە ئەم شۆڕشەدا. بەداخەوە کورد و کوردستان بۆ زیاتر لە چوارسەد ساڵ ببوون بە سووتەمەنی بۆ شەڕەکانی دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێران کە زۆر قورس تەواو دەبوون بۆ کوردستان و لە ئاکامدا جگە لە ماڵ وێرانی و کاول کاری هیچ قازانجێکی بۆکورد نەبوو. ئەگەر هەرکام لەم دوو دەوڵەتانە بۆ ماوییێک ئەوی تریان شکەست بدایێ یان بە ئاشتی بگەیشتبان دیسان کوردستان دەکەوتەو ژێر باجی

قورسی ماڵیات و هەڕەشە و شەق تێ هەڵدان و هەر ئەمە وای کردبوو کە بەستێنی شۆڕێشێکی دیکەی کوردان ئامادە بکات. بەڵام جیاوازی ئەم جارەی شۆڕشی کوردان لەوەدا بوو کە سەرۆکایەتی ئەم شۆڕشە لەلایەن سەرۆک خێڵ و یان دەرەبگەکانی کوردستان نەدەکرا، بەڵکوو لەلایەن ڕێبەرێکی ئائینی-میلیدا دەکرا کە بیری لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکردەوە. شیخ عوبەیدوڵڵا کەسێکی خاوەن ڕێز بوو لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، کە هەر ئەمە هۆکاری ئەوە بووە کە شێخ بتوانێ زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی کورد لە دەوری خۆی ڕێک بخات. هەروەها شێخ توانی درگای وت و وێژ و دیالۆگ لەگەڵ باڵوێزی وڵاتانی تری جیهانی و دەرباری قاجاڕ و عوسمانی کاتەوە، کە ئەم کارە پێشتر لە نێو شۆڕشەکانی تری کورد دا نەبووە. هەر ئەم کارەی شێخ وای کردبوو کە لە ساڵی 1880دا ئاپۆت، سەر کۆنسوڵی بریتانیا لە تەورێز لەنامەیکدا بۆئێرڵ گرانڤێلی وەزیری دەرەوەی بریتانیا دەڵێ:
(من پێم وا نییە کە ئەورووپا دەنگی کێشەی کوردی بیستێبێ بەڵام ڕەنگە دواڕۆژ ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە لەگەڵ کوردستان چی بکەین؟).
شێخ پێش ئەوەی کە شۆڕش دەست پێ بکات داوای لە کوردەکانی ئەرمەنیا و رووسیە دەکات بۆ ئەوەی یەکیەتییەکی گەورە لە نێوان کوردستانیان پێک بێت و لە گەڵ شۆڕشەکە کەون. هەروەها خێڵە کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ یەک ئاشت دەداتەوە، کە بریتی بوون لە مەنگوڕی، پیران ومامەش. بۆیە دەتوانین بڵێین یەکەم شۆڕشی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕێك خست. دەرئەنجامی ئەم نامە و ڕێکخستن وکۆبوونەوانە، دورست بوونی کۆمەڵەیک بەناوی یەکیەتی کوردان بوو کە لە ڕاپۆرتەکانی باڵوێزەکانی رووسیە و بریتانیا

و دەزگـای چـاپەمەنی تـورکیە ئامـاژەی پێکـراوە. بەپێـی ئەم بەڵگـانە دەتـوانین بێژیـن یەکەمیـن کـۆمەڵەی کـوردیە لە هەر چوارپـارچەی کوردسـتاندا کە ئامانجەکـانی ڕزگـاری خـاکی کوردسـتان لە ژێـر دەسەڵاتی هەر دوو دەوڵەتـی عوسـمانی وقاجاڕ بووە، بۆ پێک هێنـانی دەوڵەتێکـی سەربەخۆی کوردی لە کوردستانی گەورەدا. تێگەیشتوویی شێخ عوبەیدوڵڵا وەکوو حوکمرانی کوردستان، وا دەکات کە دۆستایەتی کردن لە گەڵ ئەرمەنی و مەسیحیەکانی کوردستان دەگاتە لوتکە، کە لەسـاڵی 1882دا شێخ شۆڕشێکی گەورەی لە دژی داگیر کەری قاجـاڕ دەست پـێ دەکـات و هەر هەمـوو شـارەکانی ورمـێ، سەڵماس، مـاکۆ، مەراغە، مەهابـاد، شـنۆ و میانـدواو ڕزگـار دەکـات و سـوپای کـورد هێـرش دەبـات بـۆ تەورێـز، کە بەداخەوە تێکدەشکێت و بۆ ورمـێ پاشەکشە دەکات. دوای هەشت مانـگ شۆڕشەکە لە نێـو دەچێـت و شـێخ لەلایەن قاجاڕەکـانەوە دەسبەسەر دەکرێـت و پاشـآن بـۆ قوسـتەنتەنییە یـان ئسـتانبۆڵ دەنێردرێـت و لەوێـش بـۆ شـاری مەکەی سـعودییە دوور دەخـرێتەوە و تـا کـاتی مردنـی لەوێ دەمێنێتەوە. بەڵام دوای شۆڕشەکەی شـێخ زۆرینەی کـوردە روونـاک بیرەکـانی بـاکووری کوردسـتان دەکەونە ژێـر کـاریگەری ئەم شۆڕشە و دەسـتیان کـرد بە چـالاکی کـۆمەڵایەتی کە مقـداد مـوحەممەد بەدری خان بۆ یەکەم جار لە قاهیرەی میسر، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی چاپ و بڵاو کردەوە.

لە ساڵی 1892زاییندا کاپیتان مانسێڵ نەخشەی کوردستانی بۆ ئەنجـومەنی جوگرافیـایی بریتانیـا کێشـاوە کە هەمـوو شـار و شـارۆچکەکانی پارێزگـای ئورمیە لە نەخشەکەدا هەیە، کە

بەڵگەیێکی تری کوردستانی بوونی پارێزگای ورمێیە.




**ورمێ لە کاتی مەشرووتیەت**

لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی قاجارەکاندا، زەنجیرە سەرهەڵدانێک روودەدات کە نەتەوەکانی ئێران بە چاو بڕین لە وڵاتانی ئەوروپی ویستیان لە وڵاتدا لە جێگای شا یان سوڵتان لە ڕێگای پارلمانەوە وڵات بەڕێوە ببەن و هێزی سیاسی لەدەستی شای وڵات دەربێنن کە بە ناو مەشرووتەوە بە ناوبانگە. ئەم ویستە لە کاتی دەسەڵاتداری موزرفەرەدین شادا دانی پێیدا نرا و لە گەلاوێژی 1906 ڕایان گەیاند کە وڵات

لەمەوبەدوا لەلایان پارلەمانەوە لە جیاتی دەرباری شاهەنشاهی بەڕێو دەبردرێت. لە ساڵی 1906 لە نێوان دوو دەوڵەتی قاجاڕ و عوسمانی لەسەر سنوورەکانیان کێشە دێتە ئاراوە، کە ئەم کێشەیە لەکاتی دەوڵەتە پێشترەکانی قاجاڕدا هەبووە. لەم دەرفەتە کوردەکان توانیان زەبرێکی گەورە لە دەوڵەتی قاجاڕ بدەن و چەندین شەڕ لە نێوان کوردەکان و قاجاڕەکان ڕووی دا، کە پادشای قاجارەکان کەسێک بە نێوی موخبرالسلطنە دەکاتە حاکمی ئەو وەختەی شاری ورمێ. ناو براو بۆ تێکشکانی کوردەکان لە ساڵی 1907 هێرش دەکاتە سەر مێرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. بەڵام لەم کاتەدا سوپای عوسمانی هێرشی کردە سەریان و تێکیانی شکاند وناچار کەوتن بۆ ورمێ پاشەکشە بکەن کە دوای ماوەیێک سوپای عوسمانی بە نێونجی کونسوولی بریتانیا و روسیە شاری ورمێ چۆڵ دەکەن.

کوردەکان دواجار توانیان شاری مەهاباد لەژێر دەستی قاجاڕەکان ڕزگار بکەن، بەڵام دوایی حکوومەتی قاجاڕەکان دیسانەوە بە هێرشێکی گەورە و بەربڵاو داگیری کردەوە و لەهەمان ساڵدا سوپای عوسمانیش هێرش دەکاتە سەر مەهاباد، بەڵام هێرشەکەیان هەر لە یەکەم جاردا لەلایەن قاجاڕەکانەوە تێک دەشکێت و بەهۆی زەرەرێکی زۆری ئەم تێکشکاندنەوە، ناچار دەکەون بۆ هێرشی دیکە و خۆ ڕێک خستن تا کاتی هاتنی هێزی پشتیوان ڕاوستن. بە هاتنی هێزی پشتیوان، سوپای عوسمانی توانی سابڵاخ داگیرکات و پاش یەک مانگ وت و وێژ لەگەڵ دەوڵەتی قاجاڕ ڕازی دەبێت شاری مەهاباد چۆڵ کات و بۆ سنوورەکانی خۆیان پاشەکشە بکاتەوە. موخبەرەلسەڵتەنە تا ساڵی 1328 حوکمی شاری ورمێ دەکات. پاشان ئێجلال الملک دەبێتە حاکمی ورمێ و تا کاتی

شەڕی یەکەمی جیهانی شاری ورمێ هەڵگری رووداوێکی گرنگ نابێت.

## بەشی هەشتم

### شەڕی یەکەمی جیهانی

شەڕی جیهانیی یەکەم یان یەکەم شەڕی جیهانی، ئەوشەڕەیە کە لە ئەورووپا دەستی پێکرد و پاشان ناوچەکانی تری جیهانی گرتەوە.
شەڕی یەکەمەی جیهانی لە 11نۆڤامبێری ساڵی 1914 دا دەستی پێکرد و تا 1918 درێژەی کێشا. کاتێک شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد کە ئیمپراتۆڕی نەمسا-مەجارستان، شانشینی سربیای گرت و لە دەرئەنجامی کوژرانی شازادەی نەمسا و هاوسەرەکەی لەلایەن خوێندکارێکی سڕبیەوە لە کاتی سەردانیاندا بۆ سەراییڤۆ وڵاتی سربێیا.
لەم شەڕەماڵ وێرانکەرەدا خەڵکێکی زۆری سڤیل بوون بە قوربانی سیاسیەکانی ئەو سەردەمە، کە خولیای بەرفراوان کردنی سنووری وڵاتانی خۆیان بوون. بەڵام بەداخەوە ئەم شەڕە ماڵ وێرانکەرە کوردستانیشی گرتەوە کە لە ئاکامدا دیسان خاکی کورد ئەم جارەوە خراپتر لەسەر دەستی وڵاتانی زێلهێزی ئەو سەردەمەدا دابەش کرایەوە.
یەک ڕۆژ لە دوای ڕاگەیاندنی شەڕلەلایەن نەمسا لەدژی سربیا، ڕووسیا هەستا بە کۆکردنەوەی هێزەکانی بۆ پشتیوانی کردن لە سێربیا. ئاڵمانیا و فەڕانسایش بەهەمان شێوە هێزەکانی خۆیانیان کۆکردەوە. ئاڵمانیا لە هەمان ڕۆژدا لە دژی ڕووسیا

شەڕی ڕاگەیاند کە دواجار ئەوەی بینی ڕووسیا گوێی بەو ڕاگەیاندنە و کۆکردنەوەی سپای ئاڵمانیای نەدا، بۆیە ئاڵمانیا ئەمجار لەدژی فەڕانسە شەڕی ڕاگەیاند و بەلجیکای داگیر کرد کە ئەمەش وای لە بەریتانیا کرد بێتە ناو شەڕەکەوە.
وڵاتەکانی ئەورووپا لە پێش شەڕ لە دوو سەربازگە پێک هاتبوون:
یەکەمیان یەکێتی سێقۆڵی بوو لە نێوان ڕووسیا و فەرەنسا و شانشینی یەکگرتوو. دووەمیان هاوپەیمانی لە نێوان ئیمپڕاتۆری نەمسا-مەجەڕ و ئاڵمانیا و ئیتاڵیا.
بۆ یەکەم جار چەکی کیمیایی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا بەکار دەبرێت وهەروەها بۆ یەکەم جار خەڵکی مەدەنی لە ئاسمانەوە بۆردومان کران. بەداخەوە لە میژوودا شەڕەکە قوربانی گیانی وای بە خۆیەوە بینی کە پێشتر مێژوو لە خۆیدا نەی دیبوو.
لە دوای ئەم شەڕەدا نەخشەی سیاسی ئەورووپا گۆڕانکاری بەسەردا هات.
شەڕی یەکەمی جیهانی بە کۆکێک هەژمار ئەکرێت بۆ بزووتنەوەی ئایدۆلۆژیاکانی وەک کۆمۆنیزم و ململانێکانی دواتر وەک شەڕی جیهانی دووهەم و تەنانەت شەڕی سارد.
شەڕەکە سەرەتایێکی نوێی بۆ جیهانی نوێ پێک هێنا و کۆتایی بە شانشینە ئەورووپیەکان دەدات. هەروەها سەرەتایەک بوو بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ڕووسیادا کە ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی، سیاسەتی گۆڕینی لە چین و کووبادا پێک هێنا و هەروەها ڕێگەی شەڕی ساردی کردەوە لە نێوان هەردوو زلهێزی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤێتدا و هەڵکشانی نازیەکان لە شکاندنی ئاڵمانیا لە شەڕەکەدا و چەندین کێشەی هەڵپەساردراوی هێشتەوە لە دوای خۆی. شەڕ و جەنگەکان شێوەیەکی نوێیان وەرگرت بە هاتنە ناوەوەی تەکنەلۆژیا بە

شـــێوەیەکی گەورە و تێــوەگلانی هەنــدێک لایەن کە توانـــای شەریان نەبوو، وەک خەڵکە مەدنیەکـان. کاتێـک پێشتر شەڕ لە گۆڕەپانەکـانی شەڕدا ڕوویـان ئەدا دوور لە شـارەکان بـوون. بەڵام لەم شەڕەدا شـارەکان بە دانیشـتوانە زۆرەکەیـانەوە بـوونە گۆڕەپــانی شەڕ و ئەمەش بـوو بە هـۆی کەوتنەوەی ملیۆنـان قوربانی.

لەو کـاتەدا دەسەڵاتی قاجارەکـان لەدەستی علاءسلطنەدا بـوو. چـــۆن ئەحمەد شـــای قاجـــاڕ لەو سەردەمەدا کە کەمـــتر لە هەژدەسـاڵ تەمەنــی دەبـێ، لە جیـاتی ئەو قەیـومی نـاو بـراو دەسەڵات دەگرێتە دەست. دەوڵەتـی قاجـاڕ بـێ لایەنـی لە شەڕدا ڕادەگەیێنــێ و دەیـانەوێ خۆیـان لەشەڕەکە دوور بگـرن. بەڵام لەوکـاتەدا دوو دەوڵەتـی هاوسـنووری قاجـاڕ لە شەڕی یەکدیـدا بوون. بۆیە خـاکی دەوڵەتـی قاجـاڕ بۆ هەموو لایەنەکـانی شەڕ گرینگ دبێ. لەم کاتەدا دەسەڵاتی ورمێ لە دەستی کەسێک بە نێوی ئێعتمـاد الدولە دایە ، لەدەسپێکی شەڕی یەکەمـی جیهـانی رووسـیە ئازەربایجـان و کوردستـان  داگیردەکـات. بەو هۆیەوە شەڕ لە نێـــوان هێـــزە کوردەکـــانی ورمـــێ و رووسەکان دەسپێدەکات، کە رووسەکان بەیارمەتی حاکمی ئەو کاتی ورمێ لەشـاری ورمـێ جێگەوپێگەی خـۆی قورسـتر دەکـات. حـاکمی وان و سوپای عوسمانی شـاری ورمـێ گەمارۆدەدەن و لەسـاڵی 1915ز، سـوپای عوسـمانی شکسـت دەخـوات و لە سـۆمای برادۆســت پاشەکشە بۆعوسـمانی دەکەنەوە. بەڵام پـاش چەنـد مانگ رووسیە ورمێ چۆڵ دەکـات و سـوپای عوسـمانی ورمـێ داگیــر دەکــاتەوە، کە لەم کــاتەدا عوســمانییەکان زۆرێــک لە مەسـێحییەکانی ورمــێ دەکـوژن و ئەبێتە هـۆی کۆچ کردنــی مەســێحییەکان لە ورمـــێ. لەســاڵی 1915 رووســیە شـــاری

سەڵماس و خــۆی داگیــر دەکــات و ســوپای عوســمانی بە سەرۆکایەتی خەلیل بەگ خان هێرش دەکاتە سەر سەڵماس و رووسـیە تێـک دەشـکێنێ و رووسـیە ناچـاردەبێت بـۆ خـۆی پاشەکشە بکـات، کە دواتـر هێـزی پشـتیوانی رووسـیە دەگـاتە سەڵماس و ســـوپائ عوســـمانییەکان تێـــک دەشـــکێنن و عوســـمانییەکان بـــۆ ورمـــێ پاشەکشەدەکەن. لەم کـــاتەدا مەجدالسلطنە لەگەڵ عوسمانییەکان دەبێ و سوپای عوسمانی تـا مـــانگی گـــوڵانی 1914ز، لە ورمـــێ جێگیـــر دەبێـــت. عوسمانییەکان بەهۆی تێکشـکانیان لە رووسەکان لە جبهەکـانی دیکەی شەڕ لە ورمـێ پاشەکشەدەکەن و رووسـیە تـوانی تـا زەریـاچەی وان لە عوسـمانی داگیـر بکـات. پاشـان ورمـێ دەکەوێتە ژێر چاودێری رووسیە و دواجـار مەهابـاد و شـنۆش داگیر دەکات.

## کوردستان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی

لەگەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانی لە 16 مانگی گوڵانی سـاڵی 1916دا، لە نێـوان سـێ وڵاتـی بریتانیـا، فەرانسـا و ڕووسـیە پەیمانێک بەسترا کە دواجار بە نێوی سایکس- پیکۆ، ناوبـانگی دەرکرد.
لەم پەیماننـــامەدا فەرانســوا جــۆرج پیکــۆ نــوێنەری فرانسە و مـارکس سایکسـی ئینگلیـزی نـوێنەری بریتانیـا و بەرەزامەنـدی ڕووسـیە، هەرسـێ وڵات ڕێـک کەوتنیـان بـۆ دابەش کردنــی خـاکی ژێـر دەسەڵاتی وڵاتـی عوسـمانی دوای شەڕی یەکەمـی جیهانی واژۆکرد.
لەم پەیماننـــامەدا، فەرانسە سەرپەرەشـــتی باشـــووری وڵاتـــی تـورکیە، لوبنـان، سـوریە و ولایەتـی موسڵی دەکرد و بەریتانیـا

سەرپەرشتی باشووری شام، فەلەستین و ڕۆژئاوای ولایەتی موسڵ تا دەگاتە کەنداو و هەروەها دو ولایەتی بەسرە و وبەغدادی دەکرد و رووسیە قوستەنتەنییە یان ئستانبۆڵ، کەنداوی ئیجە و ولایەتی ئەرمەنیای سەرپەرەشتی دەکرد.
لەسەر ئەم پەیماننامەدا دواتر کوردستان بە سەر وڵاتانی ئیران، تورکیە، سوریە و عێراق دابەش کرا کە کورد لە هەر کام لەم وڵاتانەدا کە خاکەکەیان دابەش کردە سەریان، بوونە کەمیینە و هیچ مافێکیان بۆ کورد لەبەر چاو نەگرت.
چەند ڕێکەوتنامەی گرینگ لە دوای ئەم پەیماننامەیە کرا کە گرینگترینیان سیڤێر و لۆزانە.
لەساڵی 1920 دا لە کۆبوونەوەی سان ریمۆ بڕیار درا بریتانیا کۆنترۆڵی دوو وڵاتی عێراق و فلەستین بکات وفەڕانسەش کونترۆڵی سوریە و لوبنان بکات. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامە، بریتانیا سەدا بیست و پێنجی نەوتی موسڵی دەدا بە فەڕانسە ولەجیاتی فەڕانسە سەرپەرشتی هەناردنی نەوتی موسڵ بۆ دەریای ناوەڕاست دەکات.
لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی پەیمانی ئاشتی سیڤەر بەسترا.
لەم پەیمانەدا کە شەریف پاشا وەکوو نوێنەری کورد بەشدار بوو بریتانیا بڕیاری دا باکووری کوردستان و ولایەتی موسڵی ئەوکات کەدەکاتە شارەکانی هەولێر، موسڵ، کەرکووک، دهۆک، حەڵەبچە، سلێمانی و خانەقینی ئێستا بکات بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا.
بەڵام بەهێز بوونی تورکیە لەسەر دەستی کەماڵ پاشا ئاتاتورک وایکرد بریتانیا لە بڕیاری خۆی لە پەیمانی سیڤێر پاشگەز ببێتەوە و لە جێیاتی، پەیمانی لۆزان بەسترا کە لەم پەیماننامەدا هیچ مافێکی کورد وەکوو نەتەوەیک، لەبەرچاو نەگیردرا.

**هۆکارەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی**

١, ڕکابەری ئیستێعماری

٢, هاوپەیمانییەکان

٣, پێشبڕکی چەکداری

ئەم سێ هۆکارە گرینگترین بەستێنی بۆ ئەم شەڕە نگریسە ئامادە کرد.

**سمکۆ ئاغای شکاک**

هەر لە ساڵەکانی دوایی دەسەڵاتی موزەفەرەدین شای قاجاڕ جەعفەر ئاغای کوڕی موحەممەد ئاغا لەهەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەسەڵات و هێزێکی زۆری پەیدا کرد کە ببووە هۆی نگەرانی دەوڵەتی تاران و حاکمی ئەوکاتی شاری تەورێز. بۆیە لەساڵی 1905زایینیدا، واتا ساڵێک بەری شۆڕشی مەشروتە لە ئێراندا، موزەفەرەدین شا لەکاتی گەڕانەوە لە ئەورووپا لە شاری تەورێز لەگەڵ حاکمی تەورێز بە فێڵ و سۆزدان بە جەعفەر ئاغا، لە پیلانێکدا کوشتیان کە لە بەرپەرچ دانەوەی ئەم کارەی حکوومەتی قاجاڕ سمکۆ ئاغای شکاک زۆر بە توندی لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی وەستایەوە.
لەپاش مەشرووتە سمکۆ ئاغای شکاک دەستی بە پەیوەندی گرتن بە وڵاتی روسیەوە کرد کە دوایی لە سالی 1911 ی زایینی لە ئازەربایجاندا توانی هێندێک دیپلۆماسییەت لەگەڵ

رووسەکان دروست کات.
سمکۆ ئاغا لەگەڵ هەر دوو وڵاتی شەڕ، واتە عوسمانی و رووسیە کە هەر کات دەهاتنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ دەستی بە پەیوەندی کردن دەکرد و خۆی لە هەر شەڕێکی زیانبار دوور ڕادەگرت.
هەر لەو سەردەمەدا هەستی نەتەوەیی لە سمکۆ شکاک زۆر گەشەی کرد و بڕیاری دا بۆ گرتنی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کوردان شۆڕێشێکی مەزن ڕێک بخات.
یەکەم هەنگاوی گرینگی سمکۆ کوشتنی مارشیمۆنی ڕێبەری ئاوریان لە تەورێزدا بوو.
لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی و کوشتن و بڕینی ئەرمەنییەکاندا، ئاسوریەکانی نزیک گۆلی وان لە باکووری کوردستان بۆ شارەکانی ورمێ وسەڵماسی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیان کرد و وزۆرینەی حەشیمەتی ئەو دوو شارەیان پێکهێنا. ئاسووریەکان کە دینیان کریستیان یان مەسیحی بوو بە دڵ خۆشی یارمەتی وەرگرتن لە سوپای بەریتانیا، لە خەیاڵی خۆیاندا دەیان ویست هەرێمێکی سەربەخۆ بەناوی ئاسووریان لە خاکی کوردستان دابمەرزێنن.
ئاسوورییەکان لەهەرێمی ورمێ وسەڵماس دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچە سەپاند و کۆنترۆڵی ئەو دوو هەرێمەیان بەدەستەوە گرت کە لە کۆتاییەکانی ساڵی 1918 ی زایینیدا بە هاتنی سوپای عوسمانی و داگیر کردنی شاری خۆی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، ئاسووریەکان دەستیان بە قایم کردنی جێگەوپێگەی خۆیان لە سەڵماس کرد. ئاسووریەکان لە کاتی یەکەمین شەڕی جیهانیدا یارمەتی سوپای ڕووسیان دەدا و رووسەکانیش بەڵێنی یارمەتی دانی ئاسووریان بۆ دامەرزاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئاسووری لە گۆلی وان هەتاکوو گۆلی

ورمێیان پێ دابوون. بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتۆبری 1919 ی زایینی لێنین هەر هەموو ڕێکەوتن نامەکانی ڕووسیەی لەگەڵ هەموو وڵاتان، ڕێکخراوەکان و نەتەوەکان هەڵوەشاندەوە کە ببووە بێ پشتیوان بوونی ئاسووریەکان لە بەرانبەر عوسمانیەکاندا. ئاسوورییەکان بێ پشتیوانی ڕووسەکان هێزی هیچیان لەبەرانبەر سوپای عوسمانیدا نەبوو. بۆیە ئاسوورییەکان بەتەنیا مابوونەوە کە لەم کاتەدا ئەمجار لە بریتانیا خۆیان نزیک کردەوە کە هاو دین و مەزهەب بوون و برتانیاش بۆ پەرەپێ دانی دەسەڵاتی خۆی لە باکووری ئێران دەستی کردە پشتیوانی لە ئاسوورییەکان کە لەئاکامدا بەهێرشی سوپای عوسمانی ئاسووریەکان بەناچار بۆ ورمێ و پاشان بۆ نەغەدە و مەهاباد پاشەکشەیان کرد و بەهیوای تێکەڵ بوون لە گەڵ لەشکەری بریتانیا بەرەو شاری سایین قەڵا کەوتنە ڕێ، کە کەوتنە بەر هێرشی کوردەکان و زۆریان لێ کوژرا و ئەوەش کە مابوون خۆیانیان بەلەشکەری بریتانیا لە سایین قەڵا گەیاند. ئاسووریەکان لە تەواو هەرێمەکەدا یان نەمان یان زۆر بەکەمی لە هەرێمی ورمێ گرسانەوە.

یەکێک لەگەورەترین جینوسایدەکانی کوردان لە پارێزگای ورمێ، کوشت و بڕی کوردەکان بە دەستی ئاسووریەکان بوو کە لە زمانی کوردی بە کورە ئێخسیر ناسراوە. ئەم جینوسایدە کە هەم لە ئارشیڤەکانی ڕووسیە و هەم لە ئارشیڤەکانی بریتانیا لەبەردەست دایە، باس لە کۆمەڵکوژ کردنی کوردانی دوو هەرێمی ورمێ و سەڵماس لە ئەو پەڕی بێ ئەخلاقی و بێ دەنگی دەوڵەتی ناوەندی و زلهێزانی ئەوکات لەلایەن ئاسووریەکانەوە دەکات. ئەم کۆمەڵکوژیە لە کاتێکدا ڕووی دا کە کوردەکان بە ئەو پەڕی لێبوردەیی و مێوانداری باوەشیان بۆ ئاسووریە کۆچەرەکان دەکردەوە.

ئەم کۆمەڵکــوژیە بەجۆرێــک دێمــۆگرافی ئەو دوو هەرێمەی تێکدا کە تـا ئێسـتاش شـوێن پەنجەی دیـارە. لەم کۆمەڵکوژیەدا دایک و چەندین کەسی دیکەی بنەماڵەی سمکۆ ئاغا کوژران.
پـــاش پاشەکشەی تورکـــانی عوســـمانی لە سەڵماس و خــۆی و لەناوچوونی ئاسورییەکان سمکۆ ئاغا هێدی هێدی دەستی کرد بە هێـز کـۆ کـردنەوە لە هەرێمەکـانی ورمـێ وسەڵماس دا. لە ساڵی 1919 ی زایینداا حاکمی ورمێ بە چاندنی بۆمب لە نێو کەیکی شیرینیدا ویستی سمکۆ ئاغا بکوژێت کە لەم ڕووداوە برای سمکۆ ئاغا و چەند کەسێکی دیکە کـوژران، بەڵام سمکۆ توانی خۆی لەم پیلانەدا ڕزگار کات. حاکمی شاری ورمـێ لەو سەردەمە بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئەم پیلانە یـارمەتی لە حەیـدەر ئامەقلــوی بەڕەگەز تــورکی ئازەری کە لە ئەرمەنیــا لەلایەن ڕووسەکانەوە مەشـــق و ڕاهێنـــانی سەربازی پێکرابـــوو و هەروەهـــا شـــارەزاییکی زۆری لە چــۆنیەتی مـــامڵەکردن لە دروست کردن و چاندنی بۆمب هەبووە، وەرگرت.
لە دوای ئەم ڕووداوە ســـمکۆ لە ســـاڵی 1919 ی زایینیـــدا، ورمێ و پاشان سەڵماسی ڕزگار کرد. حکوومەتی ناوەندی بۆ داگیــر کردنـــی شـــاری ورمـــێ سەروانێکی قەزاق بە نـــاوی فیلیکۆفی ڕاسپاردە کرد کە توانی پاشەکشە بە سمکۆ بکات و لە وت و وێـژ لەگەڵ سـمکۆدا بەڵێنـی سـتاند کە هیـچ کێشەیێـک لەم هەرێمەدا بــۆ حکــوومەتی ناوەنــدی درووســت نەکـــات. فیلیکۆف بـۆ شـاری تەورێـز گەڕایەوە، بەڵام زۆری نەخایانـد کە ســمکۆ دیســانەوە ورمــێ، خــۆی و سەڵماســی خســتە ژێــر دەسەڵاتی خۆی.
ساڵانی نێوان 1920تا 1922، دەسەڵاتی سـمکۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی دەکــرد و بـــاس لە ئۆتۆنــۆمی و جـــار جـــاریش سەربەخۆیی کوردســتانی دەکـرد. سـاڵی 1921هێـزی سـمکۆ

شـــاری مەهابادیـــان ڕزگـــار کـــرد و 500کەس لە ئەفسەر وعەجەمـی حکـوومەتی لە مەهابـاد کوشـت و دواجـار هێـزی سمکۆ لە نزیک میانـدواو، توانیـان هێـزی حکـوومەتی ناوەندی تێک بشکێنن.

لەو کـاتەدا تەواوی عەشـیرەتی مـامەش، مەنگـوڕ، دێبـۆکری، پیـران، زەرزا، گەوەرک، فەیزوڵڵابەگـی و...تێکەڵـی هێـزی سمکۆ ببوون. بەو جۆرە دەسەڵاتی سمکۆ هەر لە خۆی تـا بـانە بەرفراوان ببووەوە.

لە بەهـاری سـاڵی 1922دا بەسەرۆکایەتی خـاڵۆ قوربـان کە خۆفرۆشێکی کورد بوو بە ئامادەکردنی هێزێکی 500 کەسـی، بۆ شەڕی سمکۆ هاتنە هەرێمی میانـدواو، کە لائاکامـدا تووشـی شکەسـتێکی زۆر گەورە بـوون و خـاڵۆ قوربـان کە خەڵکـی کرماشان بوو لەوشەڕەدا کوژرا.

لەسـاڵی 1921دا ڕەزا خـانی میرپەنـج بە پشـتیوانی بەریتانیـا کودەتـــایێکی سەربازی چـــێ کـــرد و دەسەڵاتی سەربازی بەدەستەوە گـرت، کە دواجـار کۆتـایی بە دەسەڵاتی قاجارەکـان هێنا و بە پشتیوانی بەریتانیا دەستی گەیشتە تەختی پاشایەتی.

ڕەزاخـانی پەهلەوی لەیەکەم کاریـدا دەسـتی کـرد بە دروسـت کردنـی سـوپایکی بەهێـز بـۆ جێبەجـی کردنـی بڕیارەکـانی دەسەڵاتی فارسی لەسەرانسەری وڵاتدا.

ڕەزاخـــانی پەهلەوی بـــۆ لاواز کردنـــی دەسەڵاتی ســـمکۆ و هەروەهـــا سەرکوتی هـــۆزە کوردییەکـــان لە بـــاکوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە 25ئۆکتۆبری 1925دا پەیمـانێکی لەگەڵ موستەفا کەماڵ ئاتا تورک  واژۆ کرد.

ڕەزاخانی پەهلەوی هەشت هەزار سەرباز وجبهەخـانە و تـۆپی گـران بە فەرمانــدەیی سەروان جەهانبــانی کە لە رووســیەی تێزاری مەشقی سەربازی پێکرابوو بۆ شەڕی سمکۆ نارد.

لەگەلاویـژی 1922 زاییـنیـدا هێـزی سـمکۆ لە نزیـک سەڵماس بەر پێشڕەوی هێزی حکوومەتی ناوەنـدی گـرت و دەیـان جـار هێرشـیان کـردە سەر هێزەکـانی حکـوومەتی ناوەنـدی، بەڵام بەهـۆی نەبـوونی کەرەسـتەی سەربازی هاوشـانی کەرەسـتە سەربازییەکانی حکـوومەتی ناوەنـدی سـمکۆ ناچـار کەوت بـۆ ورمێ پاشەکشە بکات. حکوومەتی ناوەندی شاری ورمێی پاش چوار ساڵ داگیر کردەوە و هەوڵی گرتنی سمکۆئاغایان دا. لەو کـاتە تەنیـا نـزیکەو هەزار سەرباز لە عەشـیرەتەکانی شـکاک لەگەڵ سمکۆ مابوونەوە کە بڕیـاری ڕۆیشتن بۆتورکییەیـان دا، کە لقێکی سپای ئێران بۆ سنووری تورکیە نێدرا بۆ ڕێگری لە دەرباز بوونی سمکۆ و خۆیـان گەیانـدە سنووری تـورکیە. بۆیە سـمکۆ بەناچـار هێرشـی کـردە سەریان و لە ئاکـام دا خـۆی گەیانـدە بـاکووری کوردستان. بەڵام لە لایەن سوپای تـورکیەوە چەک کران و خرانە ژێر چاودێرییەکی توندەوە.

سـمکۆ بـۆ دروسـت کردنـی دیپلۆماسییەت لەگەڵ بریتانیـا بـۆ باشـووری کوردسـتان ڕۆیشـت و لەلایەن شـێخ مەحمـوودی حەفیدەوە بە گەرمی وەکوو پاشاکان پێشوازی لێی کرا.

بەڵام بەهـۆی لاوازی بـوونی پەوەنـدییەکانی نێـوان شـێخ مەحموود و بریتانیا نەیتوانی دەسکەوتێک بەدەست بهێنێت.

پـاش مانگێـک مـانەوە لای شێخ مەحمـوودی حەفید سـمکۆ بـۆ تـورکیە گەڕایەوە و تـا لە سـاڵی 1924 ی زاییـنیدا لە ئێـرانەوە دەرکەوت و لەلایەن حکوومەتی ناوەندیەوە عەفوی وەرگرت و لە ئاکەنجی نیشتەجێ بوو. دوای سـاڵێک سمکۆ لەکاتی هـاتنی ڕەزاخانی پەهلەوی یـان میرپەنـج بـۆ هەرێمـی سەڵماس لەگەڵ هەزار چەکـداری خـۆی وەکـوو پێشـوازی و دیالۆگ چـاوی بە ڕەزا خـانی پەهلەوی کەوت و سـوێندی ئەمەگناسـی بۆ خـوارد بەڵام لە ڕاسـتیدا سـمکۆ دەیهەویسـت ئەم چـاو پێکەوتنە بـۆ

کوشــتنی ڕەزاخــان بەکــار بێنێــت. کەچــی پلانەکەی سەری نەگـرت و ڕەزاخـانی پەهلەوی لە نییەتـی سـمکۆ تێگەیشـتبوو. بۆیە هەر زوو خۆی و سوپاکەی بەرەو ورمێ بەڕێکەوت.
سـمکۆ لەسـاڵی 1926ی زایینیـدا دیسـانەوە شۆڕشـی دەسـت پێکردەوە و دەیهەویست دەشتی سەڵماس بگرێت، بەڵام تووشـی شکست هات و بۆ وڵاتی تورکیە ڕۆیشت کە لەلایەن تـورکیەوە دیسان چەک کرا.
سمکۆ لە ساڵی 1926 لە عێراق و لەساڵی 1927 لە تورکیە و لەسـاڵی 1928جـارێکی تـر لە عێـراقەوە خـۆی دەرخسـت. لە سـاڵی 1930بە نێـونجیگەری دەوڵەتـی عێـراق و هەروەهـا بە سۆزدانی ڕزاخان کە بیکات بە حـاکمی شـاری شنۆ بە پیلان و فێڵبازی لە ڕێگای شاری شنو شەهید کرا.
داگیرکەرانــی کوردسـتان و مێژوونووسـانی تـورک و فـارس زۆرهەوڵیان داوە سەرهەڵدان وشۆڕشەکانی سمکۆ ئاغا وەکـوو تــــاڵانچیگەری بخەنە بەر چــــاو، بەڵام کاتێــــک لەسەر بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە ورد ببینەوە، سمکۆ وەکوو بـاوکی ناسیونالیستی کورد دەر ئەکەوێ. سـمکۆ ئاغـا لە نـامەیکی دا لە ساڵی 1922دا بۆ بەرپرسی نیزامی ئازەربایجان دەنووسێت:
(چۆن دەکرێـت نەتەوە بچووکەکـانی جیهـان لەم سەردەمە مـافی ئەتەوەییــان هەیە ئۆتۆنــۆمی وەرگــرن کە حەشــیمەتیان زۆر لەکورد بچووک تـرە؟ ئەگەرنەتەوەی گەورەی کـورد نەتـوانێت مــافی خــۆی لە حکــوومەتی ئێــران وەرگرێــت و سەربەخۆ نەژیت، مردن لەم ژیان باشترە!).
سمکۆ لەهەموو کاتی دەسەڵاتداریەتیدا، هەمـوو هەوڵێکـی دا کە لەگەڵ بریتانیــا دیپلۆماســیەت چــێ بکــات، بەڵام لەم کــارەدا سەرنەکەوت.

**گرینگترین کارەکانی سمکۆ لەکاتی خۆی دا بریتی بوون لە:**

١. دامەرزانـدنی یەکەمیـن قوتابخـانەی کـوردی لە هەرێمـی سەڵماس بە ئامادە بوونی سەرکونسولی ڕووسیە.
٢, چـاپ و بڵاو کـردنەوەی یەکەمیـن ڕۆژنـامەی کـوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نـاوی ڕۆژنـامەی (ڕۆژی کـورد) لە ساڵی 1922ی زاییندا.
٣, سـمکۆ چەنـدین سـاڵ پێـش شەڕی یەکەمـی جیهـانی بە یـارمەتی عەبـدوڵ ڕەزاق بەدرخـان یەکەمیـن ڕێکخـراوەی کوردی بەناوی کۆمەڵەی جیهاندانییان دروست کرد

**پەهلەوییەکان**

ڕەزای پەهلەوی لە سـاڵی 1925ز، بەفەرمـی و بە پشـتیوانی دەوڵەتـی بریتانیـا ببـوو بە شـای ئێـران و کۆتـایی بە دەسەڵاتی قاجارەکان لە ئێراندا هێنا و تا ساڵی 1941 حکوومەتی ئێرانـی بەدەستەوە بوو.
رەزاشـا دامەزرێنەری پادشـایی پەهلەوی لە مـاوەی دەسەڵاتی خۆیدا، زۆرداری گەیاندە ئەوپەری خۆی و شۆوێنیزمی فارسی لە چوارچێوەی نـاوی ئێرانـدا کـردە سیاسەتی فەرمـی و نەتەوە غەیـرە فارسـی ئێرانـی خسـتە ژێـر تونـد و تیژتریـن سـتەمی نەتەوایەتی. فەرهەنگ و کولتوور و زمانی ئەو نەتەوانە کەوتە بەر هێرشـی سیاسەتی سـڕینەوەی حکـوومەتێکی شۆوێنیسـت و تەنانەت مێـژووی نەتەوەکـانیش کەوتە بەر دەستکاری کـردن و حاشا لێکردن و چەواشەکاری. ئەم سیاسەتەی رەزاشـا بـۆ ئەوە بوو وا نیشان بدا کە لە ئێرانـدا تەنیـا نەتەوەیێك هەیە و ئەویـش فارسە. لە ماوەی دەسەڵاتی ناوبراودا ناڕەزایەتی گەلانی ئێران

گەیشـــتە ئەوپەڕی خـــۆی و خەبـــات و تێکۆشـــان دژی ئەو دەسەڵاتە لە سەرانسەری ئێران سەری هەڵدا، کە بە توندترین شێوە بە هۆی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو ڕێژیمەوە سەرکوت دەکران.

لەکردەوەکـــانی دەورانـــی دیکـــاتۆریەتی ڕەزاشـــای پەهلەوی دەتوانین ئاماژەیێک بە چەند لە کارەکانی بدەین:

1. سڕینەوەی یاسای شێوەی بەڕێو بردنی ئیالەتی- ولایەتی ئێران.
2. سەرکوتی تەواوی ئازادیەکان.
3. قۆرخ کردنی پەرلەمان.
4. لەبەین بردنی هەڵبژاردنی پارلەمانی.
5 . هێرش کردنە سەری دین و مەزهەب.
6. قەدەغە کردنـــی زمـــانی کـــوردی لە هەمـــوو ئیـــدارە و قوتابخانەکان.
7. هاوپەیمانی و شوێن کەوتنی هیتلێر و ئەتاتورک.
8. کۆ کردنەوەی هەموو داهاتی نەوت و کانگاکان لە شارە فارسەکان و بێوەری کردنی نەتەوکانی تر لە داهاتی ئێران.
9. دورست کردنی مێژوویێکی چەواشە و ناڕاست بە لاسایی کردنەوەی نازییەکانی ئاڵمان لە سەر قەومی فارس و زۆرێک تر کاری شوینیستانە.
10. هێرش و بۆردمانی لوڕستان و کوشتنی خەڵکی لوڕ لە لایەن ڕەزاشاوە بۆ ماوەی چەند ساڵ، کە بە ناو هولۆکاستی لوڕەوە بەناوبانگە.

ڕەزاخان لە پاش گەیشتنی بەدەسەڵات هاوبیرە شۆڤێنیستیەکانی

خۆی وەکوو موحەممەد عەلی فروغی، عەلی ئەکبەر داوەر و عەبدولحوسێن تەیمورتاشی لە دەوڵەت وەلانا و بەتواوەتی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کرد.
ناوبراو بۆ مسۆگرکردنی هێزی دەسەڵاتی خۆی فەرمانی دا هەرهەموو ڕۆژنامەکانی دژبەری حکوومەت ببەستن و هەرهەموو نوێنەرانی پارلەمان بەفەرمانی خۆی هەڵدەبژێردران.
ڕەزاخان حزبی تەجەدود کە زۆر پشتیوانیان لێ دەکرد هەڵوەشاندەوە و لەجێیاتی ئەوە حزبی ئێرانی نوێی دامەرزاند، بەڵام زۆری نەخایاند لەسەر کاریگەری بیرو بڕوای فاشیستی خۆی ناوەکەی بۆ حزبی تەرەقی گۆڕا، کە لە ئەساسدا ئەم حزبەی بە چاو برین لە حزبی فاشیستی بنیتۆی موسیلینی و حزبی جمهووریەتی موستەفا کەماڵ ئاتاتورک دامەزراند.
دواجار لەترسی ئەوەی کە بیر و باوڕی جمهوریەت لەم حزبەدا سەری هەڵداوە ئەم حزبەیشی هەڵوەشاندەوە.
لەکاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ڕەزاخان بەهۆی بیری شوینیستیەوە بەرەو ئاڵمانی نازی کێشرا، کە بە هۆی ئەم لایەنگرییەوە لە نازییەکان و پشت کردن لە بریتانیای باوکی، لەسەر دەستی دەوڵەتی بریتانیا لە ساڵی 1941ی زایینیدا وەلانرا و لە جێاتی خۆی کوڕەکەی بەناوی حەمەڕەزا کرا بە شای ئێران.
ڕەزاشا لەساڵی 1941 ی زایینی بەفەرمانی بریتانیایەکان یەکەم جار بۆ دوورگەی موریس و دواجار بۆ ئەفریقای باشوور نێردرا و تا کاتی مردنی لەوێدا دایان خست.

**ورمێ پاش سەرهەڵدانی سمکۆ**

دوای شەهید کردنی سمکۆ لە لایەن ڕەزا شاوە تا سەردەمی کۆماری کوردستان، داگیر کردنی ئورمیە و هەوڵدان بۆ بە ئازەری کردنی شاری ورمێ، ڕەنگێکی تری بەخۆیەوە گرت. هەرلەم سەردەمەدا ناوەکەیان بۆ ڕزاییە گۆڕا و زۆرلە کار بەدەستانی ورمێیان کرد بە تورک. لە هیچ کام لە پۆستەکانی حکوومەتی بۆ کورد هیچ پلەیێکیان لەبەر چاو نەگرت.
لە سەردەمی کۆماری کوردستان وێڕای ئەوەی بەشێکی بەرچاوی سەرۆک هۆزەکانی ئۆرمیە لە کۆماردا بەشدار بوون کە بەناوبانگترینیان ئامرخانی شکاک بوو کە هاوکات ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بوو.

**کۆماری ئارارات**

ئاڵای کۆماری ئارارات



یەکەم کۆمــــاری کـــوردییە کە خـــۆی ڕاگەیانـــد. کەوتبـــووە ڕۆژهەڵاتــی تـورکیەی ئێستاوە. پارێزگـای ئاگـری ناوەنـدەکەی بـووە. کۆمـاری ئارارات کە لەلایەن کـۆمەڵەی خـۆی بـوونەوە سەرکردایەتی دەکـرا، لە سـاڵی 1927ی زایینیـدا سەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد. ئەمەش لەکـاتی شەپۆلی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە.

شۆڕشی ئاگری لەلایەن ئێحسـان نـووری پاشـاوە سەرکردایەتی دەکـرا. لە سـاڵی 1927ی زایینیدا کورداڤا، لادێیەکـی نزیکـی چیای ئارارات ،وەک پێتەختی کوردستان دەست نیشان کرا.
خۆی بوون بانگەوازی بۆ زلهێزەکان و عوسبەتولئومەم کـرد و پەیامی بۆ کوردەکـانی باشـوور و ڕۆژئاوای کوردسـتان نـارد و تێیدا داوای هاوکاری کردبوو.
سەرەڕای سەرنەکەوتنی شــێخ سەعید و ئازادی، بیرمەنـــد و سەرکردە نەتەوەییەکــــانی کــــورد، بەردەوام بــــوون لە بەرنامەداڕشــتن بــۆ کوردســتانێکی سەربەخۆ. زۆرێــک لەم نەتەوەخوازانە لە تشرینی یەکەمی 1927دا کۆبـوونەوە و نەک هەر سەربەخۆیی کوردستانیان ڕاگەیاند، بگرە خۆیی بوونیـان وەک " ئۆرگــانی بــاڵاڵای نەتەوەیــی کە هەمــوو دەسەڵاتێکی تـــایبەتی نەتەوەیـــی و نێـــودەوڵەتی هەبێـــت" ڕاگەیانـــد. سەرکردایەتی ئەم ڕێکخـراوە تـازەیە بـاوەڕی وابـوو کە کلیلـی سەرکەوتنی خەبـات بـۆ کوردسـتانێکی سەربەخۆ لە وەفـاداری خێڵەکیـــی دا نیە، بەڵکـــوو لە ڕێگەی بەکارهێنـــانی هێـــزی سەربازیی گونجــاوەوە دێتە دی کە بەرنــامەدار و ڕێکخـــراو بێــت. سەرەڕای بێزارییــان بەرامبەر ڕژێمــی کەمالیسـتی، نە بریتانیـا و نە فەڕانسە پشـتگیرییەکی بەرچـاوی خـۆی بوونیـان نەکـرد. بەپێـی سەفەرەسـتیان، هێـزە ئەوروپییەکـان لە کاتێکـدا

پشـــتگیری سەربەخۆیی کوردەکانیـــان کـــردووە، کە لەلایەن راپۆرت و میدیای تورکییەوە مەیلیان درابێتێ. بە یارمەتییەکی کەمەوە لە ئەورووپاوە، دواجار خۆی بوون کۆمەکی پێ کرا لەلایەن فێدراسـیونی شۆڕێشـگێڕی ئەرمەنـی، شـای ئێـران و هاوڕێ کوردەکانیان، وەک شێخ ئەحمەدی بارزانی، سەرۆکی بارزانییەکـانی باشـووری کوردسـتان و کوردەکـانی ڕۆژئاوای کوردستان یارمەتی خۆی بوونیان دا، ئەمەش لە رێگەی بڕینـی هێڵەکـــانی شەمەندەفەڕ، تـــالانکردنی لادێـــی تورکەکـــان و دەستدرێژیی چەکدارانە. لە سـاڵی 1928 دا، ئیحسـان نـوری پاشـا گروپێکـی بچـووکی سەربازی کـۆکردەوە کە بە چەکـی هـــاوچەرخ چەکـــدارکرابوون و خـــول و تـــاکتیکی سەربازی پیادەیان بینیبوو. ئەم هێزە شۆڕشی خۆی بـوونی دەستپێکرد بە رۆیشتنیان بەرەو چیای ئارارات. نوری و پیاوەکانی نەک تەنیا سەرکەوتن و گەیشـتنە ئارارات، بەڵکـوو توانیـان شـارەکانی بەتلیس ، وان و زۆربەی ناوچەکـانی نزیکـی زەریـاچەی وان پـاک بکەنەوە و نـاوچەیێکی بەرچـاو بـۆ بەرگـری کـوردی دابمەزرێنـن. لەپـاڵ چەک، رێکخسـتن و توانایـانەوە، هێـزی کوردەکان زۆر دەبوونەوە بەهۆی شۆڕشەکەیانەوە. هەرچەندە سـوپای تـورک هەوڵـی دا شۆڕشەکە هەر لە سەرەتاوە، سـاڵی 1927، دابمـرکێنێتەوە، هەوڵەکەیـان سەرکەوتوو نەبـوو لەبەر ئەوەی ئێـران هاوکـاری نەئەکـردن، ئەمە لە کاتێـک دایە کە چیای ئارارات لە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکیایە.

**هێرشی سوپای تورکیا بۆ ئارارت.**

بە هاتنی ساڵی 1930، تورکەکان توانیان سەرکەون. لەمـانگی ڕەشەمە دەســـتیان پێکـــرد. ســـوپای تـــورک بە شـــێوەیەکی

شەڕەنگێزانە دەوری چیای ئاراراتیان دا و تا کۆتایی مانگی حوزەیران زۆرتر لە 10 هەزار سەربازیان بردە ئەوێ. ژمارەی هێزەکانی هەردوولا لە زیادبووندا بوو، چونکە خێڵە کوردەکانیش لە پەیوەندیدا بوون. نزیکەی 60 هەزار سەربازی تری تورک لەلایەن حکوومەتی تورکەوە بانگکران. سەرەڕای رووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی زیانەکان، بەرگرییەکەی خۆیی بوون، وردەوردە کەمبوونەوەی پاڵپشتی هەرێمی بەخۆوە بینی، بەهۆی گوشاری حکوومەتی تورکیا، ئیدارەی فرەنسی لە سوریا و بریتانی لە عێراق، زۆربەی یارمەتییەکانی باشوور سنووردارکران. پێش پێداگرییەکەی تورکەکان، هێزێکی پاڵپشتیی بارزانەکان لە باشووری کوردستانەوە بە 500 ئەسپ سوارەوە لە ناوچەی موسڵەوە لەلایەن شێخی بارزانەوە گەیشتنە ئارارات. سەرۆک خێڵی تریش، بۆ نموونە سمکۆ، لە سووریاوە، لە ساڵی 1930دا بۆ یارمەتی دانی خۆی بوون گەیشتە ناوچەکە.

## ڕۆڵی ئێران و پاڵپشتی کردن لە تورکەکان

هەرچۆنێک بێت گەورەترین زیان لە شۆڕشەکەی خۆی بوون، لە ئاراراتدا، لە لایێن ئێرانەوە پێی گەیشت. هەرچەندە لە سەرەتاوە پاڵپشتی بەرگریی کوردی بوو، حکوومەتی ئێران نەیتوانی رێگری لە سوپای تورک بکات کە بە مەبەستی تەوقکردنی چیای ئارارات چوونە خاکەکەیەوە. سەربازە ئێرانییەکانی سەر سنووریش سنووری ئێران- تورکیایان داخست بەسەر هەر گەشتیارێکدا. بەو خێڵە کوردانەشەوە کە هەوڵیان ئەدا یارمەتی شۆڕشەکە بدەن. ئێران دواجار بەتەواوی ملکەچی داوای تورکەکان بوو. سەبارەت بە

پرۆسەکە، مامەڵەی کرد بەو زەوییانەی چواردەوری چیای ئارارات، بەرامبەر بەو زەوییە تورکییانەی نزیک قتوور و بازیرگان(بازرگان). ئەو شۆڕشە ڕێکخراوەی چیای ئارارات لە پاییزی 1930 دا تێک شکێندرا. هەرچەندە تورکەکان تا بەهاری دواتر چاوەڕێیان کرد بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکە بۆ سەرکوتکردنی هەر نەیارێکی خێڵەکی. هەروەک ئەنجامی ڕاپەڕینە کوردییەکەی پێشووتر، حکوومەتی تورک بێبەزەیی بوو بەرامبەر شۆڕشگێڕەکان. سەرەڕای شکست، خۆی بوون و شۆڕشی ئارارات لە سێ خاڵدا بۆ مێژووی پێشمەرگە گرنگن. یەکەمیان، ئەوە یەکەمجار بووە هێزێکی چەکدار دابمەزرێنرێت تایبەت بە ئامانجی نەتەوەخوازی کوردی. کاریگەری سەرۆک خێڵەکان وەک سەرکردەیەکی سوپایی وردەوردە کەم ئەبووەوە بەرامبەر بە بیرۆکەی نەتەوەخوازیی کە بووە هۆکارێکی گرنگتر بۆ چالاکییە سەربازییەکانی کورد. دووەم، شۆڕشی خۆی بوون دەرخەری گەشەی پەیوەندیەکان بوو لەنێوان خێڵی بارزانی و نەتەوەخوازیی کوردی. هەرچەندە مەلا موستەفا بارزانی لە شۆڕشەکەی شێخ مەحموودا بەشدار بووە و چاوی بە شێخ سەعیدی پیرانیش کەوتووە، ئەو یارمەتییە سەربازییەی لەلایەن خێڵی بارزانییەوە گەیێندرایە خۆی بوون (کە شێخ ئەحمەد ڕێبەری بوو، و مەلا مستەفا سەرکردایەتی ئەکرد) یەکەمین هاوکاری لەوچەشنە بووە لە مێژووی کوردا. ئەم ئاستەی هاوکاری بەردەوام بووە تا دواتر وەک پێشمەرگە دەرکەوت، بەتایبەتی لە سەردەمی بارزانییەوە، ئەتوانرێ بۆ پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردەکان بانگ بکرێن.

خاڵی کۆتاییش ئەوەیە کە شۆڕشی خۆی بوون شێوازێکی نوێی هاوکاری نێودەوڵەتیی دژی کوردەکان هێنایە کایەوە. دواتر

گۆڕینەوەی زەوی لەنێوانی دوو وڵاتـی دراوسێدا دەبینـرێتەوە کە سەرەڕای جیاوازییان، بۆ سەرکوتکردنی توانـای سەربازیی کوردەکان ڕێک دەکەون.
پـاش کۆتـائی هـاتنی شۆڕشـی ئارارات حکـوومەتی ئێـران لەترسی ڕاپەڕینـی کوردەکـانی خۆی و مـاکۆ لەدژی دەسەڵاتی ناوەنـدی ئێرانـدا کە هاوکـاری زۆری کوردەکـانی بـاکووری کوردستان لە کۆماری ئاراراتیان دابوو، کەوتنە بیری تەبعید و گواسـتنەوەی کوردەکـانی ئەم دوشـارەی نـزیکەی سـنوورە دەستکردەکانی تورکیە.
بەفەرمـانی حکـوومەتی ناوەنـدی ئێـران کوردەکـانی دوشـاری خۆی و مـاکۆ و بەشێک لە کوردەکـانی ورمـێ بۆ دەوروبەری شاری قەزوین دورخرانەوە و مافی گەڕاننەوەیـان لـێ ئستاندن. لەجێیاتیان تورکە ئازەرییەکانیان لەو دوو شارە نیشتە جێ کرد.

## شەڕی دووهەمـــی جیهـــانیی و کاریگەرییەکـــانی لەســـەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەرلە شەڕی دووهەمـی جیهـانیی، هیتلێـر چـاوی بە سـتالین کەوت و بۆ دڵنیا بـوونی لە هێرش نەکردنـی یەکیەتـی سۆڤیەت بۆ سەر وڵاتەکەی، پەیمـانێکی لەژێـر نـاوی پەیمـانی "پۆڵایین" لەگەڵی واژۆ کرد.
دوای بەسـتنی ئەو پەیمـانە، ڕۆژی یەکـی سـپتێمبەری 1939 سوپای ئاڵمانیا پەلامـاری پۆڵۆنیـای دا. بەو هێرشـەی ئاڵمـان بۆ سـەر پۆڵۆنیـا، شەڕی دووەمـی جیهـانیی لە ئەوروپـای ڕۆژئاوا سـەری هەڵدا و حکوومەتەکـانی ئینگلیـز، فەرەنسـا و بەلژیـک هەڕەشـەیان لە ئاڵمـان کـرد کە لە پۆڵۆنیـا پاشەکشـە بکـات و لە ترسی هێرشی سوپای هیتلێر بۆ سەر وڵاتەکەیان، سنوورەکانی

خۆیان بەهێز کرد.
هیتلێر گوێی بە هەڕەشەی ئەو سێ وڵاتە نەدا و هێرشی کردە سەر بەلژیک، نۆرویژ و هۆڵاندا و بە وڵاتی بەلژیکدا ڕێیەکی نوێی بۆ پەلاماردانی فەرەنسا کردەوە و لەساڵی 1940دا سوپای ئاڵمانیا توانی دوای 28 ڕۆژ شەڕ، بە زیانێکی کەمەوە وڵاتی فەرەنسا داگیربکات.
ڕۆژی 3.3.1941 هیتلێر فەرمانی دا، دەبێت هەموو شوراکان لەناوبچن و ئەگەر هەر سەربازێکی ئاڵمانیی بۆ ئەو مەبەستە یاسا نێودەوڵەتییەکان بشکێنێت، لێپێچینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.
چوار مانگ و نۆزدە ڕۆژ دوای ئەو فەرمانە، سوپای هیتلێر ڕۆژی 22.7.1941، بە ناوی نهێنی "بارباڕۆسا"، بە سێ ملیۆن سەرباز هێرشی کردە سەر یەکیەتی سۆڤیەت. کەچی لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا، نزیکەی 200 هەزار سەربازی لێ کوژرا. ئەو ژمارەیە چوار ئەوەندەی هەموو کوژراوەکانی سوپای هیتلێر بوو لە هێرشکردنی بۆ سەر ئەوروپای ڕۆژئاوا.
لە شەڕی دووەمی جیهانییدا، هەر سێ وڵاتی ئاڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن یەکیان گرت و پەلاماری بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، ئافریقا و ئاسیایان دا. لە بەرامبەر ئەو سێ دەوڵەتانەدا، سەرەتا ئینگلیز و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا و دواتریش یەکیەتی سۆڤیەت بەشداریی ئەو هاوپەیمانییەی کرد و ئێرانیان داگیرکرد. ئامانجی ستراتیژیی هاوپەیمانان لە داگیرکردنی ئێران، بۆ چوار خاڵ دەگەڕایەوە:
1. بەدەست هێنانی ڕێگاکانی ئێران بەرە و دەریای کاسپییەن بۆ گەیاندنی چەک و کەرەستەی سەربازیی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت.
2- داگیرکردنی بیرە نەوتییەکانی باشووری ئێران بۆ

پارێزگـاری کـردن لێیـان و ڕێگەنەدان بە نازییەکـان کە کەڵکـی لـێ وەربگـرن یـان بیـان تەقێننەوە. لە هەمـوو مـاوەی شەڕەکەدا نەوتـی ئێـران پێویسـتییەکانی سـەربازیی هاوپەیمانـانی دابیـن دەکرد، بەتایبەتیی دوای تێوەگلانی ژاپۆن لە شەڕەکەدا.

3- دەرکردنـی کرێکـاران و پسپۆڕانی ئاڵمانیـایی، بۆ بەرگـری کـردن لە کـاری تێکدەرانەیان لـە ڕێگاکـانی هـاتووچووی بیـرە نەوتییەکـان و ڕێگرتـن لە کوودەتـا کە نەتـوانن بە یـارمەتی ئێرانییەکـانی لایەنگری ئاڵمانیـا، گرووپـی فاشیسـتیی پێکبهێنـن و کوودەتا بکەن.

4. لە کاتی نزیک بوونەوەی سوپای ئاڵمـان لە سنووری ئێـران هێزەکانی ئینگلیز پێشیان لێ بگرن.

بەو مەبەسـتانە، ڕۆژی 25.8.1941 سـوپاکانی ئینگلیـز و سۆڤیەت، بە سـێ هێڵدا بەرەو ئێـران هـاتنە پێشـەوە. ئینگلیز لە خانەقینەوە خزایە نـاو خـاکی ئێـران و بە کرماشـان و هەمەدانـدا خـۆی گەیانـدە قەزوێـن. لە بەسـرەوە هـات و نـاوچەی باشـوری عەرەبسـتانی(خووزستان) ئێرانـی داگیرکـرد. سـەرەڕای جێگیربـوونی لە نـاوچە نەوتییەکـانی ئێرانـدا، باشـوری ڕۆژهەڵاتـی کوردستانیشـی لە ئیلامەوە تـا دەگـاتە سـەقز، خستە ژێـر دەسەڵاتی خـۆی و ڕێـی بە دانیشـتووانی ئەو ناوچـانە نەدا کە سەرپێچیی بکەن لە فەرمانەکانی ڕژێمی ئێران و هاوکاریی ڕژێمی ئێرانی کرد کە لەو ناوچانەدا درێژە بە دەسـەڵاتی خۆی بدات. هەروەها بە هێڵی دەریادا بەرەو بەنـدەری شـاپوور بەڕێ کەوت، کە 650 مەلەوان لە هێـزی دەریـایی ئێـران بە فەرمانـدەیی دەریـادار "بایۆنـدر" لە بەرامبەریـدا ڕاوەسـتا کە ئەوانیش دوای 24 کاژێر لەنێو چوون.

سـوپای سـۆڤیەت، دوای بۆردومـانکردنی سـەربازگەکانی قەزوێـن، ڕەشـت، تەورێـز، مەشـهەد، گورگـان، ئەردەوێـل،

ورمــێ و مهابــاد، بە جوڵفــادا خــۆی گەیانــدە تەورێــز و لە ئاســتاراوە بەرەو بەنــدەر پەهلەویــی و ڕەشــت ڕۆیشــت و پەلامــاری ســنوری بــاکوری ڕۆژهەڵاتــی خۆراســانی دا و لە ئاکامدا سوپای 127 هەزار کەسیی ڕەزاشا بەچۆکدا هات.
هەمــوو خۆراســان، مازنــدەران، ئازەربایجــانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەشێک لە شارەکانی کوردستان وەک: خۆی، ماکۆ، شــاپوور، ورمــێ، شنۆ، نەغەدە، مهابـاد، میانـدواو، هەوشــار و بۆکـان، کەوتنە دەست سۆڤیەت. بە هـاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئەو ناوچــانە، فەرمانــدەکانی لەشــکری خۆراســان و ورمــێ هەڵاتــن. فەرمانــدەکانی لەشــکری خۆراســان خۆیــان گەیانــدە بەندەر پەهلەویی و فەرماندەکانی لەشـکری ورمـێ ڕایـان کـردە سنووری دەستکردی تورکیـا و بە بەرزکـردنەوەی ئاڵای سـپی، خۆیان دایە دەست تورکەکانەوە.
هەروەهــا، ســەربازانی ســەربازگەی مهابــادیش، چەکەکانیــان بەجێهێشـت و گەڕانەوە بـۆ شـارەکانیان و لە ئەنجامدا چەکێکـی زۆر کەوتــە دەسـت خەڵـک و خێڵەکـان و حکومەتی ئێـران لەو ناوچــــانەدا لە دەســـــەڵات کەوت. ســــۆڤیەت بە پێچەوانەی ئینگلیزەکــان، هەڵســوکەوتی لەگەڵ ســوپای ئێــران کــرد و نەیهێشت لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا، حوکمڕانیی بکات.
دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە، سوپای ئێران ویستی بگەڕێتەوە بۆ ورمێ، بەڵام سوپای سۆڤیەت پێشـی لێگـرت. سـەرۆک خێڵە کوردەکــانی نــاوچەی ورمــێ بە کەڵــک وەرگرتــن لەو بۆشــاییە، پەلامــاری بنکەکــانی ژانــدارمری و شــارەوانی و ژمــارەیەک ماڵی کاربەدەستانی حکومەتیـان دا و تاڵانیـان کـردن. کـردەوەی ئەو ســەرۆک خێڵانە و لەمپەر خسـتنە بەر گەڕانەوەی سـوپای ئێران بۆ ورمێ لە لایەن فەرمانبەرە سیاسـی و سـەربازییەکانی سـۆڤیەتەوە لە ورمــێ، ڕێبەرانــی مۆســکۆی تــووڕە کــرد، بە

چەشنێک کە مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، نامەیێکی توند و ڕەخنەگرانەی دژی گەلی کورد و سەرۆک خێڵە کوردەکان ئاراستەی باڵۆیز و کۆنسولگەرییەکان و فەرماندەکانی لەشکری 47 ی سۆڤیەت کرد، کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی پێی دەکەم.
محەمەد عەلی فروغی، سەرۆک وەزیران لە هەموو دەرەتانێک بۆ کەم کردنەوەی ناکۆکیی لە نێوان ئێران و یەکیەتی سۆڤیەت و بریتانیا هەوڵی دەدا. ڕۆژی 9.8.1941 ڕێککەوتنامەیەکی سەبارەت بە داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت و بریتانیاوە واژۆ کرا. ڕۆژی 14.9.1941، باڵۆیزەکانی سۆڤیەت و ئینگلیز هەڕەشەیان لە ڕەزاشا کرد کە تا ڕۆژی 17.9.1941 بە قازانجی محەمەد ڕەزای کوڕی، تاج و تەختەکەی بەجێ بهێڵێت. ڕۆژی 21.9.1941، ڕەزا شا و بنەماڵەکەی جگە لە محەمەد ڕەزای کوڕی، ڕوانەی بەندەرعەباس کران و بە پاپۆڕێکی بریتانیایی بۆ دورگەی مۆریس لە ئەفریکای باشوور دوورخرانەوە.
بەرلە داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە، لە مانگی 6 و 7 دا یەکیەتی سۆڤیەت سێ یادداشتنامەی ڕوانەی دەوڵەتی ئێران کرد و لەشکری 47 ی لە سنوورەکانی ئازەربایجاندا جێگیرکرد. ئێران لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی سێپتێمبەری 1941 دا داوای لە باقرۆف کرد بۆ وتووێژێکی یەک ڕۆژە سەبارەت بە ئازەربایجانی باشوور، بچێت بۆ مۆسکۆ. لەو بروسکەیەی ستالیندا نوسراوە:
(کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیست دەیەوێت ئێوە بێین و ڕۆژێک لە مۆسکۆ بمێننەوە).
لە وت و وێژی مۆسکۆدا، بڕیاردرا لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە چەند لیژنەیەکی تێکەڵاو لە ئەندامانی حیزبی


کۆمونیست، ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، فەرمانبەرانی دادوەریی، ئاسایش و ئابووری، ڕوانەی ئازەربایجانی ئێران بکرێن. عەزیز عەلییۆڤ محەمەد کەریم ئۆغلی سکرتێری سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، سەرۆکایەتی ئەو لیژنانەی پێ سپێردرا. بڕیاردرا لە نیوەی دووەمی مانگی سێپتێمبەری 1941 دا "لیژنەکانی عەزیز عەلییۆڤ" لە تەورێز دەست بە چالاکییەکانیان بکەن. بەرپرسانی لیژنە کان کە ڕوانەکرابوون، بەم جۆرە دیاری کران:

موحیبعەلی ئەمیر ئەسلانۆڤ، بەشی ئابووری

ئاغا سەلیم ئاتاکیشیۆڤ، بەشی تایبەت "هەواڵدەریی"

مستەفا قولییۆڤ، بەشی تەندروستی

میرزا ئیبراهیمۆڤ، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئازەریی زمان. بە مەبەستی پێشاندانی گەشەکردنەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ڕووی وێژە، پیشە، هونەر، ئابووری و هتد




## کۆمەڵەی ژ-ک( ژێ کاف)

هەروەک لەبەشی پێشتر ئاماژەمان پێکرد وڵاتی ئێران لە باکوورەوە لەلایەن سۆڤییەت و لە باشوور و باشووری ڕۆژئاواوە لە لایەن بریتانییاوە داگیردەکرێت و سوپای ئەو کاتی ئێران نەیتوانی بەرگری بکات. لەم کاتەدا گەلی کورد لە ئێران بەسەر شەش پارێزگای ورمێ، سنە، هەمەدان، کرماشان، ئیلام و لوڕستان دابەش کراوە کە بە پێی

سەرژمێری ئەو کات حەشیمەتی کورد لە ئێران نزیکەی 4،910،000کەس بووە.
کە ڕێژەی سەدا بیست و حەوتی حەشیمەتی ئەو کاتی ئێرانیان پێک دەهێنا. لەم بارۆدۆخەدا کە سوپای بریتانیا و سۆڤییەت لە ئێراندا خولقاندبوویان، لەبەشەکانی ژێر دەسەلاتی سۆڤییەت ڕێگە بە سوپای ئێران پاش ئارام بوونەوەی ولات لە هاتننەوە بۆ کوردستان و ئازەربایجان نەدرا، بۆیە ئەمەش هەلێکی باشی بۆ دوو نەتەوەی تورک و کوردی ڕەخساند کە چالاکیە نەتەوەییەکانیان لەو شوێنانە کە سوپای سۆڤییەتی لێ دایە ڕێک بخەن و خۆیان بەڕێوە ببەن. بەهۆی شوێنی جوگرافیایی ئازەربایجانەوە زۆرینەی خاکەکەی لە لایان سوپای سۆڤییەت داگیر کرا. بەلام کوردستان لەباشوورەوە تا سەقز لەژێر سەپەرشتی بریتانیادا بووە کە دوای ئارامی ولات ڕێگای بە سوپای ئێران دا بۆ ئەو شوێنانەی کە پێشتر تێیدا جێگیر بوونە بگەڕێتەوە. هەروەها بریتانیا ڕێگای بە کوردەکانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەلات نەدا هیچ جۆرە چالاکییەک لە دژی دەولەتی ناوەندی ڕێک بخەن.
هەر لەم سەردەمە دایە کە کورد لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان توانی کۆمەلەیکی کوردی پێک بێنێت بە ناوی کۆمەلەی ژیانەوەی کوردستان کە تا ئەو کات بەهێز ترین و ڕێکوپێک ترین ڕێکخراوی کوردی بوو. بەلام پێش ئەم کۆمەلەیە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕێک خراوە سیاسیەکان یان رووناک بیرەکان پێشینەیکی زۆر کۆنیان نیە یان هەبێتیش بۆ ماوەیکی کورت لە جوگرافیایکی بەرتەسکدا بووە. بۆ وێنە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر دەستی عەبدول ڕەزاقی بەدرخان و سمکۆ ئاغای شکاک ڕێکخراوێک بەناوی کۆمەلەی جیهاندانی لە خۆی و ماکۆ دروست کرا بەلام

نەیتوانی گەشە بکات و زوو پووکایەوە. داوجار پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و لەسەر دەستی تەهای شەمزینی بە هاوکاری سمکۆ ئاغای شکاک ڕێکخراوێک بە ناوی کۆمەڵەی ئیستخلاسی کوردستان دامەزراوە، کە ئەم ڕێکخراوەش هەر زوو لەبەین چوونی بە خۆیەوە بینی.
بەهۆی ئەوەی کە لە ناوچەی مەهاباد نە لە لایەن سۆڤییەت و نە لەلایان بریتانیاوە هێزی سەربازی جێگیر نەکرا شاری مەهاباد لەبارودۆخی شەڕ بەدووربوو و هەروەها بەهۆی هەبوونی پێشینەیێکی جوڵانەوەی کوردی لە مەهاباد یەکەم ڕێکخراوەی بەهێزی سیاسی کوردی بەناوی کۆمەڵەی (ژ-ک) لە کوردستان لە ناوچەی مەهاباد لە ساڵی 1942دا دادەمەزرێت. دامەرزێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە کوردستان بریتین بوونە لە:
1 حوسێن فرووهەر
2 عەبدولڕەحمان زەبیحی
3 عەبدولڕەحمانی ئیمامی
4 عەبدولقادر مودەڕەسی
5 نەجمەدین تەوحیدی
6 موحەممەد نانەوازادە
7 عەلی مەحموودی
8 موحەممەدی ئێسحابی
9 عەبدول رەحمان کیانی
10 سدیق حەیدەری
11 قاسم قادری
12 ئامرخانی شکاک
بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ئاوا دەبێ:
1 دژی خۆ خوری وشەڕی ناوخۆیی

2 دژی پۆڵ پەرەستی و هەڵپەرەستان
3 هەوڵ بۆ دروست کردنی کوردستانێکی یەکپارچەی گەورە بۆ هەموو کوردان
4 هەوڵ بۆ دروست کردنی دیپلۆماسییەت لەگەڵ وڵاتانی دنیادا
5 هەوڵ بۆ چاپ کردنی رۆژنامەو گۆڤار بۆ روووناکبیری لەنێو تاکەکانی کورد

کاتێک شەڕی دووهەمی جیهانی بەرەوکۆتایی دەچێ، ئەندامانی کۆمەڵەکە کۆبوونەوەیێک دەکەن و لە ئاکامدا لیستی ویستی خۆیان لە یادداشتێکدا بە نوێنەری حکوومەتی تاران بە ناوی خەلیل فەهمی ئەدەن کە هاتبووە مەهاباد. داخوازییەکانی کۆمەڵەکە ئاوا دەبێ:
1. لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە زمانی کوردی بەفەرمی بناسرێت بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان.
2. زمانی کوردی ببێت بە زمانی خوێندن و هەموو دام و دەزگاکانی کوردستان.
3. فەرمان بەران و کاربەدەستان لە هەموو کوردستاندا کورد بن.
4. ئەوماڵیاتانە کە لە کوردستان کۆدەکرێتەوە دەبێت لە کوردستان بۆ گەشەی ئابووری کوردستان تەرخان بکرێت.
5، دەبێت سەبارەت بەم داخوازیانەی کوردە لە پەرلەمانی ئێران یاسایێکی بۆ دەربکرێت و بەفەرمی بناسرێت.
6. ئەمە داخوازییەکانی ئێستامانە تا کاتی دوای شەڕ، بەڵام ڕەوایە لە داهاتوودا داخوازیێکی دیکەشمان هەبێت وکۆمەڵە باوەڕی تەواوی بە مافی چارەی خۆنوسین هەیە کە بۆ هەر نەتەوەیێک لە دنیادا ڕەوایە.
7. کۆمەڵە ئەم یادداشتە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بڵاو دەکاتەوە.

هەرکات نەتەوەی کورد بڕیاری خۆی دا ئێمە وڵاتی ئێڕان بە وڵاتێکی باش و دۆستی هاوسێ خۆمان دەناسین.

لەساڵی 1945دا کۆمەڵەی ژ- ک کە هیچکات ملکەچی داخوازیەکانی ڕووسیە نەبوو، گوشاری ڕووسەکان لە دوای هاتنەوەی پێشەوا قازی لە ئازەربایجانی سۆڤییەت، کە بە مەبەستی دانوستان لەگەڵ ڕووسەکان ڕۆیشتبوو، مەرجی دروست کردنی حزبی دێمۆکراتی کوردستان لە جیاتی کۆمەڵەی ژ- ک قبووڵ دەکا، کە دوابەدوای هاتنەوەی وەفدی کوردان لە سۆڤییەت پێشەوا قازی لە جیاتی کۆمەڵەی ژ- ک حزبی دێمۆکراتی کوردستانی دامەرزاند.
حزبی دێمۆکرات لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا ئەم خاڵانەی پەسەند کرد:

1. کورد لە سنووری وڵاتی ئێران بۆ جێبەجێ کردنی کار وباری نێو خۆی ئازاد وسەربەخۆیە و لەسنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاری بەدەس بهێنێت.
2. مافی خوێندن بە زمانی دایکی بۆ نەتەوەی کورد بەفەرمی بناسێندرێت و دەبێت تەواو کار و باری دام و دەزگا حکوومەتییەکان لە کوردستاندا بە زمانی کوردی بەڕێوە بچێت.
3. لەسەر یاسای بنەڕەتی ئەنجومەنی دەبێت هەرچێ زووتر لە ولایەتی کوردستان هەڵبژاردن بۆ دیاری کردنی کاربەدەستانی حکوومی بکرێت و هەموو کار و باری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی دەست پێبکات و ئۆرگانە تایبەتییەکان چاودێریان بکات.
4. کاربەدەستانی کوردستان دەبێت بە بێ هیچ مەرجێک لە خەڵکی کوردستان بێت.

5. دەبێ لەسەر ئەساسی قانونێکی گشتی یاسایێک لە نێوان لادێیان و خاوەن موڵک پێک بێت و دوارۆژی هەر دوولا دابین بکات.
6. حزبی دێمۆکراتی کوردستان لە خەباتی خۆیدا تێدەکۆشێت لە ئازەربایجان لەگەڵ نەتەوەی تورک و کەمەنەتەوەییەکانی ئاشوری و ئەرمەنی یەکیەتی برایەتی پێک بێنێت.
7. حزبی دێمۆکراتی کوردستان بەئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ وبازەرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگی، لەش ساغی، باشتر کردنی ژیان و ئابوری گەلی کورد تێیکۆشێ.
8. ئێمە دەمان هەوێت هەموو گەلانی ئێران هەلی ئازادییان پێ بدرێت بۆ بەرەوپێش خستنی وڵاتەکانی خۆیان.

ئەم خاڵانە کە لە یەکەمین کۆنگرەی حزبی دێمۆکراتی کوردستان پەسەند کرا لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە پێشوازی گەرمی لێکرا و ببووە هۆی دروست بوونی کەش وهەوایێکی ئازاد و دێمۆکراسیانە لە نێو هەر تاکێکی کورد و هەروەها بە هۆی دروست بوونی حکوومەتی میلی ئازەربایجان و لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی ئەوکاتی وڵاتی ئێران و نێوان خۆشی پێشەوا قازی و سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد، بارۆدۆخێکی نوێ لە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان دروست ببێ، کە لە ئاکامی ئەم کەش وهەوایەدا لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی 1945دا بە بەشداری نوێنەرانی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و جەماوەری گەلی کورد لە گۆڕەپانی چوار چرای مەهاباد بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی موحەممەد کۆماری کوردستان دامەزرا و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب خوێندرا و ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵ کرا. بەفەرمی ناوی پێشمەرگە بۆ هێزەکانی سوپای کۆماری کوردستان دەست نیشان کرا.

هەروەها دواجار ناوی چوارده وەزیری کۆماری کوردستان بۆ کار و باری ناوخۆیی کۆمار بڵاو کرایەوە کە بەم شێوە بوو:

1 حاجی بابەشێخ، سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران و یاریدەری سەرۆک کۆمار.
2 موحەممەد حوسێنی سەیفی قازی، وەزیری جەنگ و یاریدەری سەرۆک کۆمار.
3 موحەممەد ئەمین موعینی، وەزیری ناوخۆ.
4 ئەحمەد ئیلاهی، وەزیری ئابووری.
5 کەریم ئەحمەدیان، وەزیری پۆست و تلێگراف.
6 حاجی عەبدول ڕەحمانی ئیلخانی زادە، وەزیری تەگبیر.
7 مەناف کەریمی، وەزیری فەرهەنگ.
8 سدیق حەیدەری، وەزیری ڕاگەیاندن.
9 موحەممەد وەلی زادە، وەزیری کشت وکاڵ.
10 خەلیل خوسرەوەی، وەزیری کار.
11 حاجی موستەفا داودی، وەزیری بازەرگانی.
12 ئسماعیل ئیلخانی زادە، وەزیری ڕێگەو بان.
13مەلا حوسێن مەجدی، وەزیری داد.
14 سدیق موحەممەدئەیووبیان، وەزیری تەندروستی.

**ئەفسەرەکانی کۆماری کوردستان**

1 ژێنێراڵ سەیفی قازی
2 ژێنێراڵ موستەفا بارزانی
3 ژێنێراڵ موحەممەد ڕەشید خانی بانە
4 ژێنراڵ ئامرخانی شکاک
بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ئامرخانی شکاک لەسەر

کوردستانی بوونی هەرێمەکانی خۆی، ماکۆ، سەڵماس و ورمێ زۆر لە پێشەوا قـــازی مـــوحەممەد لەبەرانبەر ڕووسەکان و ئازەرییەکاندا دەوەستایەوە کە ببووە هۆی پشتیوانی زۆرتری ڕووسەکان لە ئازەرییەکان.
ئامرخانی شکاک سەرۆک عەشیرەتی شکاک بوو، کە ئەندامی کـومیتەی ناوەنـدی حیزبـی دێمـۆکرات و ئەنـدامی کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردستان دەبـێ. ئامرخـان بە هۆی دژایەتییەکـانی لەبەرانبەر حکـومەتی ناوەنـدییەوە، بـۆ مـاوەی هەشـت سـاڵ لە بەندیخانەی قەسری قەجەر بەند کرابوو.
لەمـاوەی دەسەڵاتداری کۆمـاری کوردستان شـارەکانی ورمـێ، سەڵماس، خـــۆی و مـــاکۆ لەلایەن عەشـــیرەتەکانی سەر بە کۆمـاری کوردسـتانەوە ئیـدارە دەکـران، کە ڕێکەوتنامەیێـک لەگەڵ حکوومەتی میلی ئازەربایجان کە کێشە لەسەر سنووری دەسەڵاتەکانیان هەبـوو واژوکـرا و چەنـد خـاڵ پەسەند کـرا کە ئەمانە بوون:

1. حکـوومەتی کوردسـتان لەتەواوی ئەوشـوێنانەدا کە جگە لە نەتەوەی کورد نەتەوەی تورکی تێیدا ئەژین مافی بەرابەریـان بۆ لەبەر چاو دەگرێت.
2. حکـوومەتی کوردستان و ئازەربایجـان نـابێت بەتەنیـا لەگەل تاران دانوسان بکەن.
3. لەو ناوچـــانەی کە کـــورد لە ئازەربایجـــان لەگەڵ تورکـــدا دەژیت لە نێو حکوومەتی ئازەربایجان مافی یەکسانیان بۆ دابین بکرێت.
4. لەئەگەری هێرشـی حکـوومەتی تـاران بـۆ ئازەربایجـان یـان کوردسـتان هەر دوو حکـوومەت دەبێـت شـان بەشـانی یەک بەرگری بکەن.

هەروەها چەند خاڵێکی دیکەیشیان بەست کە ئەم چوار خاڵەی لە هەمووی گرینگتر دەبێ.

ئاڵای کۆماری کوردستان



## لەنێو چوونی کۆماری کوردستان

پـــاش کشـــانەوەی هێزەکـــانی هاوپەیمانـــان لە وڵاتـــی ئێـــران، موحەممەد ڕەزای شای پەهلەوی داوای لە هاوپەیمانان کرد کە فشار بخەنەسەر سۆڤییەت بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە بـاکووری وڵاتـــی ئێـــران. بـۆیە هەر دوا بە دوای کشـــانەوەی هێزەکـــانی سۆڤییەت لەباکووری ئێران، سوپای ئێران هێرشیان کـرد سەر حکـوومەتی میلـی ئازەربایجـان و پێتەخـتی حکـومەتەکە واتە تەورێزیان داگیر کرد و تا توانیـان لە خەڵکـی سیڤیل و مەدەنـی ئازەربایجانیـان کوشـت. بەپێـی ئامـارە نافەرمیەکـان نـزیکەی 14000کەسیان لە سەرتاسەر ئازەربایجاندا کوشت.
دوابەدوای ئەم هێرشە سـوپای ئێـران بەرەو میانـدواو هێزیـان ڕوانە کرد وبە پچڕانـی پەیوەنـدی لەگەڵ یەکیەتـی سۆڤییەت کە سەرچاوەی پشتیوانی کوردستان بوو، لە گەڵ سـۆڤییەت کەوتنە دانوستان و سوڤییەت پشـتی هەردووک حکـوومەتی کوردسـتان و ئازەربایجـــانی چۆڵ کـــرد. لە لایێـــک تـــرەوە زۆرێـــک لە سەرۆک خێڵە کوردییەکـان لە ترسـا پشـتیان لە کۆمـار کـرد و خۆیان لە سوپای ئێران نزیک کردەوە.
ئارچیڤـاڵ ڕۆزڤێڵـت کـوڕەزای سەرۆک کۆمـاری سەردەمی ولایەتە یەکگورتوەکانی ئەمەریکا واتە تیئۆدۆ ڕۆزڤێڵت دەڵێت: (نزیکی کوردەکان لە بەرەی سۆڤیەت گرنـگترین هۆکـار بـوو، بـۆ پشـتیوانی نەکردنـی وڵاتـانی هاوپەیمـان لە کوردەکـان) لە 23/12سـاڵی 1946دا کۆمـاری کوردسـتان ڕوخـا و ئاڵاکەی هێنرایە خوارەوە.
بەهـۆی ئەوەی کە لە کوردسـتان سـوپای ئێـران بەشـێوەی ئازەربایجان خەڵکـی هەژار و سڤیل جینوسـایید نەکـات، پێشەوا قـازی مـافی پەنـابەرایەتی سیاسـی لە یەکیەتـی سۆڤییەت ڕەت

دەکاتەوە و خەڵکی کوردستان بەتەنیا جێ ناهێڵێ.
حکــوومەتی ئێــران لە دادگــاییێکی ســاختەییدا پێشەوا قــازی موحەممەدیــان تۆمەتبــار بە خیــانەت لەئێــران کــرد ولە رۆژی 10ی خــاکەلێوەی هەمــان ســاڵدا لەگەڵ سـێف قــازی و سەدر قازیدا لەمەیدانی چوار چرای مەهاباد لە سێدارە دران.

## ورمێ لە دوای کۆمار

لەدوای رووخانــدنی کۆمــاری کوردســتان ســوپای ئێــران هەرهەمــوو شــارەکانی کوردستان کە لەنــاو سنووری کۆمــاردا بــوون سەر لە نــوێ داگیــر کــردەوە کە یەکێکیــان شــاری ورمــێ بــوو کە لە لایەن عەشیرەتە کوردەکــانەوە ئیدارە دەکرا. دیســان دەسەڵاتدارانی تــاران بــۆ بەرگــری لە شۆڕشــێکی دیکە هەوڵــی بەشــێعە کردنــی ورمــێ یــان دەســت پێکــردەوە و تــا ئێســتا ئەم پڕۆسە بەردەوامە، بە جۆرێـــک کە هەر هەمـــوو فەرانبەران وسەربازگە و شــوێنە حکوومەتییەکــانی شــارەکانی ورمــێ، سەڵماس، خۆی و مــاکۆ لەدەستی دو نەتەوەی شێعەی فــارس و تورک دایە.
لە سەر ورمــێ ئەوەش جێگــای ئامــاژەیە کە پێتەختــی کۆمــاری کوردســتان سەرەتا بڕیــار بــووە شــاری ورمــێ بکەنە پێتەخــت. شــاری ورمــێ وەکــوو گەورەتریــن شــاری نێــو جوگرافیــای کۆماری کوردستان بۆ پێتەخت لە بەرچاو دەگیــردرێ، بەڵام بە هۆی کێشەی نەتەوەیی ورمێ و هەڵنەوەشاندنەوەی هاوپەیمــانی حکــوومەتی ئازەربایجــان و کۆمــاری کوردســتان و لەسەر پێشنیاری سۆڤییەت، قــازی موحەممەد لە جیاتی ورمێ شــاری مەهابادی بۆ پێتەختــی دەستنیشــان کــرد و ئاڵای کوردستانی لەو

شاره بەرز کردەوە. لە کتێبێکدا کە ئارچیڤاڵ ڕۆزڤێڵتی نەوەی سەرۆک کۆماری پێشووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نووسیویەتی، ئاماژەی بە هەوڵی کوردەکان بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی سەربەخۆ بە پێتەختی شاری ورمێ کردووە، کە بەڵگەیێکی دیکەیە بۆ کوردستانی بوونی شاری ورمێ.

## سەردەمی کۆماری ئسلامی

گەلانی ئێران هەر لەیەکەم ساتەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شای پەهلەوی لە ئێراندا تا شۆڕشی گەلانی ئێران، دژی 53 ساڵ دیکتاتۆریەتی پەهلەویەکان لە خەبات و بەربەرەکانیدا بوون. جێگای ئاماژەیە کە لەو ماوەیەدا کە بارۆدۆخێکی زۆر قورس لە دژی هەموو جموجوڵەکانی ئازادی خوازان لە ناو ئێراندا زاڵ بوو و بە توندی سەرکوت دەکران، دیسان گەلی کورد وەکوو هەمیشە لە دژی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە لە ساڵەکانی 46/47ی هەتاویدا ڕاوەستانەوە و دەستیان داوە بە شۆڕشەوە، کە بەداخەوە بە دانوستانی موستەفای بارزانی لەگەڵ شای ئێران، یەکێ لە هۆکارەکانی شکست هێنانی ئەم شۆڕشە دەبێ.
لە ماوەی ئەو 53 ساڵەیەدا، گەلانی ئێران لە دەست سیاسەتەکانی ئەو بنەماڵەیە وەزاڵە هاتبوون و لە ئاکامی ئەو سیاسەتانەدا بوو، کە ئەو شۆڕشە سەری هەڵدا و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران هێنا.
حەمەرەزاشا هەر وەك باوکی، سیاسەتی شۆڤێنیزمی فارسی درێژە پێدا و لەو پێوەندییەدا چەندین جار نارەزایەتی گەلانی ئێرانی بە توندترین شێوە سەرکوت کرد، کە دەتوانین ئاماژە

به لە سێدارەدانی قازی موحەممەد و هێرشی ساواك بۆ سەر ئازادیخوازان بە تایبەتی ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە ساڵەكانی 1959 و 1963ی زاییندا و دەستگیر كردنی سەدان تێكۆشەری دیموكرات و سەركوتی بێرەحمانەی جوولانەوەی 1967 و 1968 لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بكەین.

لە ئاكامدا گەلانی ئێران لە ساڵی 1977 ڕژانە سەر شەقامەكان و بۆ دەستەبەر كردنی ئازادی و مافە ئینسانییەكانیان دژی ئەم ڕێژیمە شۆڕشێكی سەرانسەرییان دەست پێكرد و لە 22ی ڕێبەندانی 1357ی هەتاویدا( 1978ز)، حكوومەتی پاشایەتییان رووخاند. بەڵام بە داخەوە بە هۆی نەبوونی بەدیلێكی دیاری كراو لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی دێموكرات و پێشكەوتنخواز، دەسەڵات كەوتە دەست ئاخوندە پاوانخوازەكان، بە تایبەتی ئایەتوڵڵا خومەینی كە دواتر حكوومەتی دیكتاتۆری ویلایەتی فەقیهیی لە ژێر ناوی كۆماری ئیسلامیدا دامەزراند. بە ئاور دانەوەیێكی كورت بە سەر مێژووی چەند ساڵەی حكوومەتی میلی- مەزهەبی كۆماری ئیسلامیدا بۆمان دەردەكەوێ كە نەتەنیا ئەو داواكارییانە دابین نەكران بەڵكوو ئەو نیزامە بە بیریكی دواكەوتووانە، ئێرانی بەرەو سەدەكانی نێوەراست گەڕاندەوە و لەم ماوەیەدا وڵاتی تووشی هەزاران زیان و كارەسات كردووە. هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق ، ئابووری وڵاتی بە تەواوی لاواز كرد. لە ئاكامی ئەو شەڕەدا بە سەدان هەزار كەس كوژران و بێسەروشوێن و كەم ئەندام بوون. سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و پەرەپێدانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەشێكی بەرچاو لە داهاتی وڵاتی بۆ خەرج كراوە. سەپاندنی

شەڕی سەرانسەری بە سەر کوردستاندا، پێشێل کردنی هەموو جۆرە ئازادییەك، وەکوو ئازادی بەیان، نووسین، پێك هێنانی حیزب و رێکخراوی سیاسی، پەرە پێدان بە بازرگانی و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، تەواوی ئەو سیاسەت و کردەوانە لە نێو خۆی وڵاتدا بوونەتە هۆی بێکاری و فەساد و گرانی و لە دەرەوەی وڵاتیش بوونەتە هۆی ڕەش بوون و لەبەرچاو کەوتن و بێ ئیعتباری رژیم و گەمارۆی جۆراوجۆری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. شۆڕشی گەلانی ئێران شۆڕشێکی بە شکۆ و پێویست بووە، بەڵام ئەو شۆڕشە هەر وەك لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا دیومانە لە رێبازی سەرەکی خۆی لادراوە و هەموو ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران پێشێل کراون.

لە هەڵبژاردنی مەجلسی شەشمی ئێران لە ساڵی 2000 ز، لە شاری ورمێ سێ کەس وەکوو نوێنەری ورمێ بۆ مەجلیس هەڵبژێردران کە هەر سێکیان کورد بوون و ئەوەش ئە ڕاستییەی دەردەخست کە زۆرینەی حەشیمەتی ورمێ کورد بوونە و لەسەرەوەی تورکەکانن. بەڵام مەلایێکی تورک بە ناو حوسێنی کە شێعەیێکی شوێنیست بوو لە گەڵ پان تورکەکان، گوشاریان خستە سەر ڕژیم و گوتیان نوێنەری(عومەری) نابێ لە مەجلسی(عەلی)دا بەشدار بێ. بەهاوکاری سپای پاسداران ئەو هەڵبژاردنەیانە هەڵوەشاندەوە و ئەمجار دوو نوێنەری تورکیان دەستنیشان کرد و لە سێ نوێنەرەکەی کورد تەنیا کەریم فەتاحپوور، مایەوە. ئەو شێوە هەڵس و کەوتانە نیشاندەری پشتیوانی ڕژیمی فارسەکنە لە تورکەکان بۆ سەرکوت و جێ تەنگ کردن بە کوردەکان.

**بەشی نۆهەم**

## قسەی کۆتایی

تورکـــانی ئازەربایجـــانی لەسەردەمی پەهلەویەکانـــدا وەکـــوو نەتەوەکـانی دیکەی ئێـران لە ژێـر سیسـتمی ئاسمیلاسـیۆن و تواندنەوەی نەتەوەی فارس دا بـوونە، بەڵام هەم ڕەزاشـا و هەم کوڕەکەی لەلایەن دایکیانەوە بەڕەگەز تـورک بوون و لە کـاتی بەدەسەڵات گەیشـتنی کۆمـاری ئیسلامیشـدا تـا ئێسـتا تورکـانی ئازەری لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران زیاتر لە دەسەڵاتی سیاسـی ئێرانـدا بەشـدار بـوونە و لە هەمـوو دام و دەزگاکـانی حکوومیەکاندا وەکوو نەتەوەی باڵادەست بەشدارن و هەروەهـا بەشـێکی گرینگـی ئابـووری ئێرانیـان بە دەسـتەوەیە کە ئەمە دەرخەری هێـزی سیاسـی تـورک لە ئێرانـدایە کە زۆرتـر گرێـدراوی هـاومەزهەب بوونیـان لەگەڵ نەتەوەی باڵادەسـتە. حەشیمەتی تورکانی ئازەری لە ئێراندا سیانزە تا چوارده ملیۆن کەس دەبـن کە لە پارێزگاکـانی، تەورێـز، قەزویـن، زەنجـان، ئەردەبێـڵ، و هەروەهـا کەمینەی دوو پارێزگـای هەمەدان و ئورمیەن کە تـا نـزیکەو شـاری هەمەدان لەگەڵ کوردسـتان لە ڕوی جوگرافیاوە هاو سنوورن.

تورکـانی ئازەری بە هاوکـاری کۆمـاری ئیسـلامی بەردەوام خەریکـی گـۆڕینی دیمـۆگرافی شـارەکانی پارێزگـای ئورمیە و هەمەدان وسنەن کە مێژووی نیشتە جـێ بوونیـان لەو شـوێنانە زۆر نیە. بۆ نموونە ئیرج میرزا نوسەری تـورکی ئورومیەیـی دەڵێت:

(زۆرینەی نـاوی گونـد و چیـا و ڕووبارەکـانی ئازەربایجـان کـوردین کە دەری ئەخـات خـاون مـاڵی مێژینە و سەرەکی ئازەربایجان کوردە).

بەڵام لە چەن ساڵی ڕابردوودا تا ئێستە بە گۆڕینی ناوی شـار و

گونــدەکان، بە دانــانی ئوســتاندار و پــۆلیس و...هتــد بەردەوام بەیــارمەتی حکــوومەتی شــێعەی ناوەنــدی هەوڵــی گــۆڕینی دێمۆگرافی بەشێکی گەورەی ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتــی کوردســتان دەدەن. لەڕووی نیشــتەجێ بــوونی خەڵکەوە، لەهەر هەموو گوندەکانی دەوروبەری شاری ورمێ تەنیا کورد نیشتە جێیە، کە خۆی نیشاندەری کۆچەر بوونی تورکەکـانە لە شـار و پارێزگای ورمێ.

بەڵام گرنگی باسەکە لەوە دایە کە نـاوچەی ورمـێ نـاوچەیێکی ستراتیژی و پڕپیت و ئاوە بۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دوایـی تووشـی شەڕ و کێشەیێکی زۆرمـان دەکـات و دەبـێ بە هەمـوو هێزەوە بپارێزرێ.

بەڵام پاراستنی پارێزگای ورمێ کارێکی ئەستمە لە بەر ئەوەی جگە لە فارسەکان و ئازەرییەکــان، تورکیــاش دەیەوێ یــان لە ژێردەســتی فارسەکاندا بمێنێتەوە یــان خــۆی دەســت کێشــی بەسەریدا. بـۆیە لە راسـتیدا بـۆ نـاوچەی ورمـێ ئێمە سـێ جـار دەبــێ ئەو نــاوچەیە لە داگیــر کردنــی داگیــرکەران بپــارێزین. یەکەم لە دەســتی ئازەرییەکــان، دووەم لە دەســتی فارسەکان و سێیەم لە دەستی تـورکییە و ڕەنگە وڵاتـی ئازەبایجـانیش. بـۆیە دەبــێ کــورد بەگشــتی و هەمــوو حزبەکــان لە سەر پارێزگــای ورمــێ یەکــدەنگ و یەکڕیــز بــن و هیــچ جــۆرە دژبەرییەکــی یەکــدی نەکــن و هەر ئێســتا هێــزی هــاوبەش بــۆ پاراســتنی پارێزگای ورمێ پێک بێنن.

لە نووسـینی ئەم وتــارەدا لە چەنـدین پەرتـوک و وتــار کەڵــک گیراوە:

1. تاريخ سياسی كردها،اسماعيل بختياری
2. مقاله سعيد نفيسی
3. شەرەفنامە
4. ئسماعيل ئاغای شكاك،موحەممەد رەسوول هاوار
5. كۆمەڵەی ژ- ک، حاميد گەوهەری
6. اروميه در محاربه عالم سوز،رحمت الله خان معتمد الوزاره
7. تاريخچه اروميه،رحمت الله توفيق
8. جمهوری ارارات،اديک باغداساريان
9. نگاهی به جغرافيای آذربايجان، ايرج افشار
10. كورد و عەجەم، نەوشيروان مستەفا


نووسەری وتار

فەرید لەتیفی، لەدایک بووی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران





چـۆن دەکرێـت نەتەوە بچووکەکـانی دنیـا لەم سەردەمە مـافی ئەوەیان هەیە ئۆتۆنۆمی وەرگرن کە حەشیمەتیان زۆر لە کورد بچووکـترە؟ ئەگەر نەتەوەی گەورەی کـورد نەتـوانێت مـافی خۆی لە حکومەتی ئێران وەرگرێت و سەربەخۆ بژیت
ئەوە مردن لەم ژیانە باشترە
(سمکۆ ئاغای شکاک)



زۆرسپاسی هاوڕێیانی خۆشەویستم
مامۆستا کائوس عەزیزی
مامۆستا حەمەساڵح قادری
مامۆستا ئەلبورز ڕۆئین تەن
مامۆستا پەرویز ئاگری
مامۆستا مەجید جیکانلۆ
مامۆستا داراناتق
مامۆستا هادی عەزیزی و
دکتوور مەجید حەقی
دەکەم کە لە نووسینی ئەم پەرتـووکەدا یـارمەتی دەرم بـوون ،
لەڕاستیدا گەر یارمەتییەکـانی ئەوان نەبـا زۆر زەحمەت دەبـوو
ئەم ئەم پەرتووکە زانستی دیرۆکی بەخۆیەوە بدیتبا
برای بچووکی هەمووتان
فەرید لەتیفی